# ٣ سەعات و ٢٢ دەقیقەی بەرەبەیان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

**ئەحمەد شاملوو**

# ٣ سەعات و ٢٢ دەقیقەی بەرەبەیان

## کۆچیرۆک

وەرگێڕانی:

**حوسێن شێربەگی**



کتێب: ٣ سەعات و ٢٢ دەقیقەی بەرەبەیان – کۆچیرۆک
نووسینی: ئەحمەد شاملوو
وەرگێڕانی: حوسێن شێربەگی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٤١٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس
سەرپەرشتیی چاپ: ئاورەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٧٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

## پێشەکی

من لە جەستەی (ئێمە)دا هاتمە دونیاوە
لە جەستەی خاوەن شکۆی مرۆڤا
تا لە بەهاری سەوزەدا سەرقاڵی سەیرانی پەلکەزێرینەی پەپوولە بم
سەرەندەری بوغری و غروری چیاکەم و سامناکی زەریا ببیسم
تا ئەرک و پەیمانی خۆم بناسم و
بەقەرا توانا و دەرفەتی خۆم
بایەخ و مەعنا بەجیهان ببەخشم
کارستانێکی لەم چەشنەش
لە دەرەوەی توانای
درەخت و باڵندە و هەڵدێر و تاڤگە دایە
من لە جەستەی (ئێمە)دا هاتمە دونیاوە
لە جەستەی شکۆمەندی مرۆڤا......

شاملوو



سەبارەت بەشاملوو:

ئێمە لە شیعری شاملوودا ببڕاببڕ (واژە) یان وشە نابینین، لە شیعری شاملوودا هەر وشەیەک خۆی لە خۆیدا و لە ڕستەدا بوونەوەرێکی گیاندار- و زیندووە، بەهەمــوو هەست و ســۆز و کــەفــوکــوڵ و گــەرمــوگــوڕی و تایبەتمەندیی گیانلەبەری زیندەوە.

لە شیعری شاملوودا دوو تایبەتمەندی سەرەکی دەورێکی یەکجار گرینگ و ئەوتۆ دەگێــڕن کە دەتوانن ببنە نموونە و تیــۆر و بیــرۆکــەیەکی ئەدەبی و هونەری. ئەم دوو تایبەتمەندییە یەکیان بەرپرسایەتی و ئیلتزام بەفۆڕم و جوانی و داهێنانی نوێخوازانە و تەکنیکی و هونەرییە و دووهەمیشیان هەر لە پێــوەندی چڕ و پڕ و بێ پســانەوە لەگــەڵ یەکــەمــینیــاندایە، ئەویش بەرپرسایەتی و ئیلتزامی کۆمەڵایەتی و نێوەرۆکە. کۆی ئەم دووانە پێکەوە و لە هەر بەرهەمێکدا – ئەویش هەردووکیان لە تەشقی جوانی و واتادا – زامنی سەرکەوتوویی و بگرە هەتاهەتایی و هەرمان بوونی دەق و بەرهەمە. ئێــمــە دەبێ شــاملوو بەوردی و بەرپرســانە وەخــوێنین، لە دەقی شــاملوودا پۆنگ بخۆینەوە، مەلەوان وتەنی: لەم زەریایەدا «بین» بـخۆینەوە و ئەوسا لەگەڵ ژین و ژیانی ڕۆژانەشیـدا چ لە نزیکەوە و چ بەخـوێندنەوە و مـوتالا ئاشنا بین تا بەتەواو مـەعنا بۆمـان دەرکـەوێ: شـاملوو ئەو کەسـەیە کـە دەتوانێ و دەبێ ســەرمــەشق و نموونە و پێــشــەوایەک بێ بۆ شــاعــیــران و نووسەران و هونەرمەندان بەتایبەت و بۆ هەموو مرۆڤ بەگشتی.

شاملوو ئەو کەسەیە کە نیزیک بەبیست ساڵ ناوزەد و کاندیدای خەڵاتی نۆبێل بوو، بەڵام سەبارەت بەوەی دەیبینی دادوەرانی ئەم خەڵاتە زۆر جاران خـەڵاتەکـەیان نـەک لە ڕووی بایەخی هونەرییــەوە، بەڵکو بەهۆکـارگـەلی سیاسییەوە دەبەخشن بەم و ئەوێک کە بگرە زۆریش داهێنەرێکی گەورەی هونەری نەبن، شاملوو ڕەخنەی توند و تیژی لەم دادوەرانە دەگرت و هێرشی

قورس و قایم و سەرەکی دەکردنە سەر و دید و گۆشەنیگایەکی نیگاتیوی سەبارەت بەوان دەردەبڕی. هەر بەم هۆکارەوە خەڵاتەکەیان نەدەدایە و چاوەڕوانی ئەوە بوون شاملوو ئەم گۆشەنیگا و بیروبڕوایە دەربارەی ئەوان بگۆڕێ تا ئەوانیش لەگەڵیدا میهرەبان ببنەوە و خەڵاتەکەی بدەنێ. بەڵام بەرپرسایەتی کۆمەڵایەتی و هونەری و ویژدانی هونەری و ویژدانی بەرزی شاملووی مرۆڤ و مرۆڤ خۆشەویست ئەم سازشت و بادانەوەیەی هەرگیز نەکرد و تەڵای ویژدانی لەگەڵ تەڵای نۆبێلدا نەگۆڕیەوە.

لە سەرەتای ئەم کورتە وتارەدا ئاماژەمان بەوە کرد کە شیعری شاملوو نەک ڕستە و وشە، بەڵکو بوونەوەری زیندە و ژیانی گەرم و گوڕە بەهەموو کەف و کوڵ و هەست و سۆزی بوونەوەری زیندەوە، ڕەنگە چیرۆکی شاملوو هەموویان لەم ئاستەدا – لە ئاستی شیعری شاملوودا – نەبن، بەڵام لە گشت چیرۆکی شاملووشدا هەمان ئەوینی بەرهەم و دەقی ڕازاوەو هونەری و ئاڵتوونی دەبینرێ و ئەم چیرۆکانەش خاوەن بایەخی بەرزی هونەرین.

لەم چیرۆکانەدا بەتایبەت نوێخوازی و داهێنان یان خوڵقاندنی کەشوهەوایەکی نوێ وتازە – زۆر تازەتر – لە کەش و هەوای چیرۆکی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتیدا بەرچاو دەکەوێ. زۆربەی ئەم چیرۆکانە ٥٠-٤٥ ساڵ لە مەوبەر نووسراون. یان ساڵانێک نووسراون کە ئەم کەش و هەوایە لە چیرۆکی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتیدا نەبووە. تازە بوونی کەش و هەوا و تازە بوونی زبان و داهێنان و دەربڕینی ئەم دەقانە بەزبانی چیرۆکی و هونەری لە بایەخەکانی سەرەکی چیرۆکی شاملوون.

کەش و هەوای جادوویی و ئەفسووناوی یان بەگشتی بڵێین ئەدەبی ڕیالیزمی جادوویی لە ساڵانی ١٩٨٠وە و وێڕای هاتنە بازاڕی ڕۆمانی «سەد ساڵ تەنیایی» گابرێیل گارسیا مارکێز دەبێتە باو و دەنگدانەوەی ئەم چەشنە ئەدەبە دەتەقێتەوە و زۆربەی نووسەرانی ئەورووپایی و



ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەت ئێرانی لاسایی دەکەنەوە. کەچی ٢٥-٣٠ ساڵ بەر لەوە هەم شاملوو و هەم غوڵام – حوسێن ساعیدی چیرۆکنووس و شانۆنامەنووسی ئێرانی لە بەرهەمەکانیاندا کەشوهەوای جادوویییان خوڵقاندووە. وەکو کۆچیرۆکی «ترس و لەرز» و «تازیەبارانی بەیەل» و «ترس-وخۆفە بێ-ناوونیشانەکان»ی ساعیدی و کۆچیرۆکی «لە ژێر خێوەتی گرگرتووی شەودا» و «دەرگاکان و... دیواری گەورەی چین»ی شاملوو. ئێمەی کورد بەتایبەت، پێویستە سەرەودەری باشی داب و نەریت و خورافە و ژیانی کۆمەڵایەتی کۆنە و نوێی خۆمان بکەین و هات و کەڵکەڵەی نووسینی چیرۆک و ڕۆمانی ڕیالیزمی جادوویی لە ناخماندا سەری هەڵدا، جادوویی نووسینی ئێمە نەک تەقلیدییانە و ناڕەسەن، بەڵکو کوردانە و ڕەسەن بێ.

بەکورتی؛ لە هەموو شتێ باشتر خودی چیرۆکەکانی شاملوون کە دەبنە هۆکاری دیوناس بوونمان لەگەڵ شاملوودا و لەگەڵ کەشوهەوای چیرۆکی ئەودا.

بەپێویستی دەزانم سوپاسی زۆری ئەو هونەرمەندە بکەم کە بۆ یەکەم جار و وەکو یەکەم کەس شیعری شاملووی زۆر بەجوانی و هونەری وەرگێڕایە سەر زبانی کوردی و بڵاوی کردنەوە. هیوادارم ڕۆژێک کۆی شیعری شاملوو لە لایەن کاک ناسرەوە یان لە لایەن دۆستانی دیکەمانەوە بێنە ماڵپەڕی زبانی کوردییەوە.

حوسێن شێربەگی

## ئەو ژنەی پشت دەرگا مەفرەقینەکە

بە بێگومان چما بڵێم نازانم هۆکاری ئەم ڕووداوەیە چییە، ئێوە وا بیر دەکەنەوە شکستە نەفسیم کردووە. جا هەر بەم هۆکارەوەیە کە تێدەکۆشم تەواوی ڕووداوەکە - هەر وەکو چۆن ئەم ڕووداوەم بەسەر هات - وەیادی خۆمی بێنمەوە و بینووسم. ئێوەش کە خوێندتانەوە بڕیارێکی لەسەر دەدەن... شی دەکەنەوە و بۆخۆتان شتێکی لێ ساخ دەکەنەوە. هەر بەمجۆرەیە کە هیوادارم خۆشم بتوانم ڕاستییەک لەم بابەتە ئاڵۆزە دەرکێشم... لەسەر ئەم قەرارە هیوادارم خۆشم بتوانم لە کاری خۆم - لەو ڕووداوەی کە بەسەرم هات - سەرەوە دەرەیەک بکەم... وای دانێن جیوەی ئاوێنەیەکیان لە بڕێ شوێنەوە داتاشیبێ. ئەمەم جارێکی دیکەش وتووە. دائیمە ئەمە دەڵێم. لە بەر ئەوەی بەداخەوە لەم دونیایەدا کە منی تیا دەژیم هیچ شتێک بەئەندازەی ئاوێنەیەک کە لە بڕێ شوێندا جیوەکەیان داتاشیبێ،-زیاتر لە من ناچێ... ئەمە هەمیشە دەڵێم، چونکە تاقە وێنایەک کە دەتوانم لە ڕۆحی نەخۆشی خۆمم هەبێ، هەر ئەمەیە کە وتم... وای دانێن جیوەی ئاوێنەیەکیان لە بڕێ شوێنیەوە داتاشیبێ و بەسۆنگەی ئەمەوە نەتوانێت ئەو شتەی تێیدا دەردەکەوێ، ساخ و کامڵ بینوێنێتەوە.

دەڵێن چی؟ ئەو شتەی هێشتا منی وەکو ئاوێنەیەک ڕاگرتووە،



خۆڕاگرتنی ڕۆحی من و خۆڕاگرتنی جیوەی منە، نەک کولبوونی ئەم چەقۆ بێبەزەییەی کە هەڵکەوت یان چارەنووس یان هەر قسەیەکی قۆڕی دیکەی ناو بێ... دەیجا... لە خەودا یان لە بێداریدا (ڕاست نازانم لە خەودا بووم یان بەخەبەر بووم. کەسێ ئەم ڕووداوەی لە بۆ نەقڵ کردووم یان خودی خۆم پاڵەوانی دڵ بەگومان و درەنگ بڕواکردەی ئەم ڕووداوەم) لە هەر دۆخێکدا، ئەم ڕووداوەیەی کە بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە و نازانم لە خەودا دیومە، یان لە جیهانی هۆشیاریی ئێوەدا قارەمانی خەواڵووی ئەمە بووم، یان کەسێ ئەوەی لە کەش و هەوایەکی نێوان هۆشیاری و مەستیدا بۆی گێڕاومەتەوە نازانم، نازانم... خۆ وتم: ڕۆحی منیان داتاشیوە، جیوەکانی ئەم ئاوێنەیان داتاشیوە. کاتێ بینییان ناتوانن پەڵەی تێهاون، جیوەکەیان داتاشی.

دەسا چما لەو شتانەدا کە ئێوە ناوی ڕاستەقینەی لێدەنێن، لەنێو وردکە و پردکەی لە حاڵی لەنێوچوونی ئاوێنەی مندا، نەک وێنەیەکی ڕاستەقینە، وێنەیەکی تەمومژاوی و بێ-پێوەندی، وێنەیەکی شکاوی پرژ و بڵاو لەبەر چاوتاندا دەردەکەوێ، جێگەی سەرسوڕمان و بەئەفسوون چوون نییە. جێگەی هیچ سەرسوڕمان و ئەفسوونبوونێ نییە.

ئەوە یەکەم شەو نەبوو کە من لەم پەسێوە بەردینەیەدا دەژیام - لە شوێنێکی ونبووی ئەم دارستانە چڕوپڕەدا کە بنەدار و دەوەن و دڕوو و تووترکەکەی ڕێگەی پشووکێشان و هەناسەی بەشەر تەنگ و باریک دەکەنەوە- شەوی هەوەڵم نەبوو. ئاخە لەوێدا ژین و ژیان ئەوەندە بەئاسوودەیی و بەبێ-دژواری تێدەپەڕی کە حسێبی مانگەکان، حسێبی ڕۆژەکان و تەنانەت حسێبی سەعاتەکانیش لە دەست دەرچوو بوو. نیمچە مۆمێکی گەچینەم هەبوو کە نەمدەویست گڕی دەم. شەوانە لە تاریکیدا دەمام و فیکرم دەکردەوە. لە تاریکان یارمەتیم دەخواست و بەناو خۆما

شۆڕدەبوومەوە... بۆچی وا نەکەم؟ ڕۆژ و ڕووناکاییی دەرفەتی تێفکرینیان پێ نەدەدام. نیگام بەرەو ئەو شتانە دەکێشران کە تیشکی ڕۆژ پێیی نیشان دەدام و بەرەبەرە لە خۆم خافڵ دەمام، لە خۆم دووردەکەوتمەوە و بەرەو نەهێنی و نادیار، بەرەو دەرەوە، بەرەو ئەو شتەی ئیدی «من» نەبوو ڕاکێش دەبووم و هەر تێفکرین دەیتوانی ئەو شتە بەهەبوونی ناخی منەوە بلکێنێ. لە خۆم خافڵ دەبووم... لە خۆم دووردەکەوتمەوە، دووردەکەوتمەوە و دوور دەکەتمەوە، ئاخ...ڕۆژ کۆتایی دەهات!

هەر شەو بوو کە چاوەکانم لە گەڕان و هەڵسووڕان و لە کۆڵینەوەی تاریکی ڕادەوێستان و بەرەو خۆم دەگەڕانەوە. بەرەو خۆم دەگەڕانەوە و منیان بەناخی خۆمدا دەکێشا خوارەوە.

بەم هۆیەوە زۆر لەمێژ بوو مۆمەگەچینەکەی من – ئەوەندەی لە مۆمە گەچینە بچکۆڵانەکەی من مابۆوە – چەشنی شتێکی بێ کەڵک لە قەراخ جێوبانەکەم و لە ناو مۆمدانە برۆنزییەکەدا مابۆوە. بێجگە لەم مۆمە گەچینەیە، لە نێو پەسێوەکەمدا تەورداسێکیشم هەبوو. سامانی من لە ژیاندا ئەم تەورە بوو. ئەم تەورە – سامناکە – دڵۆپە خوێنێک لەسەر دەمەکەی ئیشک هەڵاتبوو و بەهیچ کلۆجێ نەدەسڕاوە.

چەند کەڕەت هەوڵم دابوو بەئاسێد و سمبادە، بەکاغەزپەرداخ –تەنانەت بەو دەوایانەی لە ئەوسانەکان و لە کتێبە هەرە کۆنەکانی جادووبازیدا دەمدۆزیینەوە، ئەو خوێنە لە دەمی تەورەکە بسڕمەوە، بەڵام نەمتوانیبوو... ژنی خان – کە وا بیردەکەمەوە قەرەواشی نەنکم بوو – ڕۆژێک کە من هەموو کاتی خۆم لەسەر سڕینەوەی ئەم دڵۆپە خوێنە گەپجارە بەفیڕۆ دابوو – لە پشت پەردەی ژوورەکەوە هاتە ژوورێ و بەتەوس و توانجەوە وتی: »لە خۆڕا خۆت دەکوژی ها! تۆ سامانەکەت هەر ئەمەیە. هەر ئەم تەورە بەو دڵۆپە خوێنەی سەر دەمەکەیەوە. گیانە دەبا پێت بڵێم، کاری دونیا



ئەوەندەش لە خۆڕا نییە: کاتێ باوکی خوالێخۆشبووی تۆ کەوتە گومانەوە کە ناکا تۆی بێ غیرەت لە تۆوی ئەو هەتیوە ژنانیلەیەی جیرانمان بی کە وا شەوانە ئارەقی سەگی بەقوزەڵقورت دەکا و لە نێو کۆڵاندا گۆرانی بێتامی ئەوین و ئەویندارى دەڵێ،–ئێمە و تەواوی خەڵکی گەڕەک بەسەریدا هاتین و پێمان وت: بابە، میرزا ڕەسووڵ، ئەم ڕووداوەیە ئاوها کە تۆ دەڵێیی وا نییە، بەڵام چما بەقسەی کردین؟... هەروەها قەستەسەر بەشوێنتەوە بوو تاکو کەڕەتێک سەروچاوی هەمووانی بەدوور دیت، خەریک بوو دەست بنێتە بۆقەتەی ملت و لەبەر ڕق و بوغزی خۆی ئەم کەللە تاشراوە قاژووانەیەت هەڵکەنێ، کەچی دایکت وەکو واشە گەیشتێ و بەم تەورە، بەبێدەنگی ساردی کردەوە... لە پاشاندا بەجووتە بردمانە نێو دالانی ماڵێ، بەقەندشکێن و خاکەناز، بەترس و لەرزەوە شتێکی وەکی گۆڕمان هەڵکەند و تەرمەکەیمان هەروا بەدانیشتنەوە و بەبێ غوسڵ هاویشتە ئەو نێوەوە – دەک ڕەببی گۆڕەکەت پڕ لە ئاگر بێ کەوا هەموو ئاگرێ لە بن سەری تۆدایە! – لە گەڵکوو زبانت گرت، هەوەڵ شتێ کە فێربووی ئەم شیعرە بوو، کە دەچوویە دالانی ماڵێ و دەمت دەگرت و دەتوت:

خودا بمکوژێ بمرم هەڵووچە، لە کوێ بمنێژن لە ژێر داڵوونچە

لە پاش ئەو ڕۆژە، پێم خۆش بوو کوێر بم و ژنی خان نەبینم... بەڵام سامانی من بووە ئەم تەورە، دڵم دایە... هەر ئەم تەورە، هەر بەم دڵۆپە خوێنەی سەر دەمەکەیەوە. وتم: "سامانی من" – بەڵام نا، دەبایە بموتایە "مێژووی من"، "چارەنووسی من"، چونکە لەوە بەدوا، بەبێئەوەی بگەڕێمەوە و سەر ڕەفەی ماڵێ یان سەر دیوار یان هەر شوێنێکی دیکە تەماشا بکەم، کە بۆی دەچوو تەورەکەم لەوێ دانابێ،– دەمزانی تەورەکە، چەشنی چارەنووسێکی تیژ و ڕەها، لە گوێرەی ئەمرێک، وەکی حوکمێکی نەمر لەوێیە... هەر بەو تیژییەوە لەوێیە و هەبوونی هەیە»، و دڵم لە بەر

ئاسانەی ئەم کۆشکە پێچەڵاو پڵووچ و پڕ دالآن و پڕ تەلارەدا کە هیچ ڕوون نییە خاوەنە ڕاستینەکەی کێیە، وەکو دڵی سەگێکی چکۆلآنە کوتەکوتی بوو... دەمزانی تەورەکەی من لەوێیە، بەدڵۆپە خوێنێکی قاوەییەوە کە لەسەر دەمەکەیدا ژەنگی هێناوە – هەر ئەوەندەش بۆ من بەس بوو. من "هەبووم" تەورەکەی منیش "هەبوو". "دەبایە"ش هەبایە.

هەر وەکو ڕۆژێ لە ڕۆژان کاتێ کابرایەک لاقی چەقاندبوو کە دەبایە بێجگە لەو کەسێکی دیکە باوکی من نەبایە، ویستبووی بەکوشتنی من تێشکانی خۆی قەرەبووکاتەوە، هەر ئەم تەورە بوو کە هەڵکشابوو و داهاتبۆوە و بەبێدەنگ نیشانی دابوو کە من "دەبێ هەبم". ئەوە بوو کاتێ مەنزلم گوێزتەوە و هاتمە ئەم پەسێوە بەردینەیەی نێوەڕاستی ئەم دارستانەوە، تەورەکەشم وەکو شتێکی پێویستی، وەکو نەفرینێکی باب و باپیران، وەکو چارەنووسی گاڵتەجاڕی خۆم لەگەڵ خۆمدا هێنا و یەکەم کارێکی کە کردم بزمارێکم بەدیوارەکەدا داکوتا و تەوەرەکەمم لە حاندی گۆشەی نێوان دەمەکەی و دەسکەکەیدا بەدیوارەوە هەڵواسی.

سەبارەت بەو بنەمۆمە گچکەیە شتێکم وت، بەڵام لەوەدا کە ئەوەم لە کوێوە هێنابوو، لە یادم نییە... سەبارەت بەتەورەکەش وتم. هەروەها سەبارەت بەو دڵۆپە قاوەییەی سەر دەمەکەی کە نە بەئاسێد و کاغەزپەرداخ و نە بەهیچ شتێکی دیکە نەمتوانیوە بیسڕمەوە... بەڵام سەبارەت بەجێوبانەکەم هیچم نەوت. جێوبانەکەم سەکۆیەکی نێوەڕاست قووڵ بوو لە شانی ڕاستی پەسێوەکەدا، کە لەوسەری خودی پەسێوەکەدا سازیان کردبوو. مەبەستم لەوەیە، هەر لە نێو بەردێکدا کە پەسێوەکەیان تێدا هەڵکەندبوو، سازیان کردبوو. دەتوت لەوە پێش – لە پێش هەڵکەندنی بەردی پەسێوەکەدا – ئەویشیان هەر لەوێدا لە بەرچاو گرتبوو. سەکۆیەکی نێوەڕاست قووڵ بوو کە قووڵاییەکەیان بەکولۆش پڕ کردبۆوە. بڕێک



سەرەوخوار بوو، من لە هەوەڵ سەرنجدانی لایانناسانەی پەسێوەکەدا، بۆم دەرکەوت کاتێ ئینسان لەم جێوبانەدا ڕاکشێ، دەڵێی بەرەو قیبلە ڕایانکێشاوە... بەڵام ئەمەم پێ سەیر و سەمەرە نەبوو: هەر ئەو پیرەژنەی کە وتم بۆی گێڕامەوە کە ئەو کاتەی لە دایک بووم، لاقەکانم بەرەو قیبلە بوون... تەنانەت لەوەش سەیر و سەمەرەتر! – بۆی گێڕابوومەوە:

"نەنە گیان! ئەو شەوەی دەستی باوکی خوالێخۆشبووت و خانمە چکۆلێیان نایە دەستی یەکدییەوە، دایکی ئاغات لە ژووری حەوزخانەدا دوو چەپۆکی بەسەری خۆیدا دا و وتی: دونیا قوڕی بەسەربێ، ژووری سەر عەمارە ئاوەکەتان – کە ڕوو بەقیبلەیە – کردۆتە ژووری بووک و زاوا؟ – وتم: ئەم قسانە چییە خانم، خراپە لە لای خوداوە نییە، بەرەو قیبلە باشترە. شانس و بەختی باشترە. – وتی: نا نا! باش نییە، چما لە یادت نییە قەرەجە فاڵگرەکە چی دەوت؟"

من لە ژنی «خان»م پرسی: بۆچی قەرەجە فاڵگرەکە چی وتبوو؟ ژنی خان لە هەوەڵڕا نەیدەویست بیڵێ، بەڵام من باوەکو پێم خۆش بوو کوێربایەم و نەمدیتبایە – ئەوەندەم لاق چەقاند هەتا ئاخری لە ڕوومدا داما و وتی: "نەنە گیان! خوا بەبەشی هیچ کافرێکی نەکا! قەرەجەکە بەدایکی ئاغای وتبوو ئەگەر جێوبانی زاوایەتی کوڕەکەت بەرەو قیبلە ڕاخەن، بەبێ سێ و دوو، نەوەکەت لەگەڵ ژنێکی مردوودا زەماوەند دەکا!" من پێ لە قاقام دا. بەڵام ژنی خان، پەردەی نێوان قامکی شەست و قامکی دووهەمی دوو کەڕەت لەملاو ئەولاوە گاز لێگرت و لە پاشان تفی کردە سەر عەرزی و خوڵقی تاڵ کرد و لە ژوورەکە چووە دەرێ.

***

ئەوەی بوو هەر ئەمە بوو. ئەمە ڕاستە من هیچ کاتێ باوەڕم بەچارەنووس و قسەی فاڵگر نەبووە. بەڵام بەوەیدا کە بینیم سەکۆبەردینەی جێوبانەکەم

ڕاست بەرەو قیبلەیە، باوەکو ئەم بابەتە بۆم سەرسوڕهێنەر نەبوو، دیسانیش سەرم سوڕما. لەوە دەچوو کە بەڕاستی کاتی لە دایکبوون لاقەکانم بەرەو قیبلە بووبن، یان جێوبانی دایکمیان لە شەوی شایی و زەماوەندەکەیدا لە ژووری سەر عەماراوەکەدا بەرەو قیبلە ڕاخستبێ، یان بۆخۆم تەواوی عومری خۆم لە ژوورە بەرەو قیبلەکەندا و لە نێو جێوبانە بەرەو قیبلەکاندا خەوتووبێتم.

چاو کەن، ناکرێ ئەمانە نێو بنێین "تەڵقین" یان شتگەلێکی گەپجاڕ و گاڵتە ئامێزی ئاوەها. من کاتێ بیرم لەوانە کردۆتەوە کە ساڵانی ساڵ بەسەر ڕوودانی ئەمانەدا تێپەڕ بووە بەبێ ئەوەی تەنانەت دەقیقەیەکیش سەبارەت بەیەکێکیان فیکرم کردبێتەوە... کەچی ئێستا هەر بەرەو قیبلە بوونی ئەم سەکۆبەردینەیە دەبینم، لە ناکاودا هەموو ئەم بابەتانەم وەیاد هاتۆتەوە: کە خۆشم بەرەو قیبلە لە دایک بووم، یان شەوی بووکێنی دایکم جێوبانی خانمە چکۆڵیان بەرەو قیبلە ڕاخستووە، لە ژووری سەر عەماراوەکەدا و بەرەو قیبلە، وێڕای هەمووی ئەمانە دەڵێی ئەوا بۆخۆم هەموو تەمەنی خۆم لە ژوورە بەرەو قیبلەکاندا، لە نێو جێوبانە بەرەو قیبلەکاندا لە خەودا بووم.

***

شتێکی دیکە: لە پەسێوە بەردینەکەمدا، کاتژمێرێکی بڵندی پێچکەداری قەدیمی لێ بوو کە تەلە کورت و بڵندەکانی لەسەر سەعات دوو و سێزدە دەقیقە خەوتبوون...

نازانم بۆچی ئێستا وەیادم هاتەوە باسی سەعاتەکە بنووسم، لە حاڵێکدا باسی چارەنووسی ڕەشی خۆمم دەکرد، من گومانم نییە چارەنووسی ڕەشی من و حیکایەتی دڵتەزێنی ژیانی من شەیتان نووسیویەتی. لە ڕاستیدا دەڵێی ژینی نێو ئەم پەسێوەشم هەر بەوتەی شەیتان قەبووڵ کردووە...؛ من



سێبەری هەڵخەڵەتێنەی ئەو و نەشئەی ڕاکێشەری بەهێزی هەبوونی ئەوم لە تەواوی شەوانی ژیانی خۆمدا هەست کردووە. لەگەڵ ئەوەدا تەنیام و لە گەڵ ئەوەدا لە دەست تەنیایی ڕزگار دەبم، - تاڵبوونی چارەنووسەکەم، هەموو شتێکی لە دەورواندەورمدا ژەهراوی کردووە. من زەمانی خۆم دەرمانداو دەکەم. لاواندنەوەی من دیتران مەسخ دەکات. هەموو شتێ نەخۆشم دەکا و هیچ شتێ هێدیم ناکاتەوە. بۆ هەڵاتن لە دەست تەنیایی سەر بەهەموو کون و قوژبنێکدا دەکەم.. تەنیا... تاک. تەنها.. تاک... گەمژەکان، گوێ بگرن، ئەمە دەنگی دڵی منە، دەنگی چارەنووسی منە. حەبی هێدیکەرەوە ڕەموودەم دەکا و ڕەنجێ لە ڕەنجەکانی خۆم زیاد دەکەم... ئەم بابەتەم شەوێک بەشەیتان وت. شەیتان پێکەنی و وتی: "ڕەنجێک هەیە دەبێ ئاوەڵای کەی. لە ڕاستیدا تۆ کارت هەر ئەوەیە. لەم جیهانەدا، ئەرکی سەرەکی لە دایکبوونی تۆ ئەمەیە، لە خۆڕا هەوڵ مەدە لە ژێر ئەم کارە ڕابکەی." دەنگی ڕێک و ڕاست و زەق بوو، دەنگدانەوەی نەبوو، دەنگی چارەنووس بوو!

***

ڕاست سەعات دوو و سێزدە دەقیقە بوو. لە دەنگی دینگ و دانگی کاژێرە بڵندە پێچکەدارە قەدیمییەکە، کە لە سووچی پەسێوەکەدا بوو و تەلە ژەنگاوییەکانی لەسەر دوو و سێزدە دەقیقە خەوتبوون، لە خەو ڕاپەڕیم. دەنگی کاژێرەکە، وشک و بەزەبر بوو. ڕاست وەکو دەنکە پساوەکانی تەسبیح، لە سەرەوخواری بێدەنگیدا تلی دەخوارد و لە پەردەی گوێچکەکانی من دەکەوت: دیگ گ گ.. دانگ گ گ.. دیگ گ گ.. دانگ گ گ.. هەستام.و لەسەر سەکۆکە، لەسەر ئەو جێوبانەی لە کا پڕ کرابۆوە دانیشتم. تەماشام کرد ڕەنگی ڕووناکی مانگەشەوێکی بێ نسێ پەسێوەکەی ڕووناک داگێڕاوە. لە کاژێرەکە ورد بوومەوە، بینیم ڕاست

سەعات دوو و سێزدە دەقیقە بوو، هەستم بەنەشئەیەکی پڕ تام و چێژ لە دەمارەکانمدا کرد. بێجگە لە خوێن شتێکی دیکەش لە دەمارەکانمدا بوو. خەیاڵم دەکردەوە شتێکی وەکو ژەهر لیپاولیپی کردووم. کەیف و خۆشی دەرمانداوبوونم لە دونیای تاسە و خولیاکانی خۆمدا دەچێشت... ئەم چێژەم لە دینگ و دانگی سەعاتەکەشدا کە دەگەیشتە گوێم، هەست پێ دەکرد، لە ڕووناکییەکی سڕدراوەدا کە سێبەری نەدەخستە سەر هیچشتێک، هەستم پێ دەکرد، لە تینوویەتی بن گەروومدا، لە تەنیا سێبەرێکی کە لە ژوورەکەمدا دەجوولاوە و من بەئاسایی دەمزانی نسێی شەیتانە، تەنانەت ئەم چێژ و کەیفەم لەوەشدا هەست دەکرد کە باکم لە هەبوونی شەیتان لە ژوورەکەمدا نەبوو.

***

سنووری سێبەری شەیتان لە ڕووناکی ژوورەکەمدا دەسڕدراوە و دیسانەکەش پەیدا دەبۆوە. کاژێرەکە بەتەواوەتی دەنگی خۆیەوە دینگ دانگی دانابوو. منیش نەشئەی پڕ خورووی ئەو کەیفەم دەچەشت کە بەژێر پێستی لەشمدا ڕای دەکرد. شەیتانیش بەمنی وت: «"دەرگایەک هەیە دەبێ بکرێتەوە."»

زۆر بلّند پێکەنیم، بەلەونێک کە شەیتانیش لە گەڵ مندا کەوتە پێکەنین و لەمە بەدوا لە بەر پێکەنین چاوەکانم پڕ بوون لە فرمێسک. شەیتان دیسانەکەش وتی: "هیچ پەلەیەکمان نییە، بەڵام ئاخری دەبێ ئەو دەرکە ئاوەڵاکەی، لە ڕاستیدا لەسەر ئەم جیهانە دەبێ کاری تۆ هەر ئەوە بێ، لە خۆڕا هەوڵ مەدە خۆتی لێ حەشاردەی."

چاوم سڕی، ئەو چاوانەی لە بەر پێکەنین فرمێسکیان تێزابوو، سڕیمن و وتم: "دەزانم، دڵم پێوە نییە، لە بەر ئەوەی زووتر ڕزگاریم بێت، پەلەپەل بکەم، یان بەجارێ لە ژێری دەرچم و کەپۆت بسووتێنم. بەڵام.. دەترسم!



ڕاستییەکەی ئەوەیە ترسی مەترسییەکی لەخۆڕایی دایگرتووم. پێم وابێ لە خودی خۆت دەترسێم... نەک دائیمە، بەڵام جار و بار ئەم حالّەم بەسەردا دێ. بەڵکەم ئەوە بۆ خۆتی دەمترسێنی... دڵم پێوەیە ئەم دەرگایە زووتر ئاوەڵا بێ. پێم خۆشە تۆش زووتر لەم جیهانە بڕۆیە دەرێ، ئەم جیهانەی وزەی تەواو کردووی، هەتا منیش بتوانم وەشوێن کاری خۆم کەوم... شایکە بزانم: "تاقیکەوە بزانە دەتوانی بەزەبرێک کەللەسەرم لە ئەستۆم جیاکەیەوە؟ دەی دەسخۆش.. تاقیکەوە بزانە دەتوانی؟"

ئێستا ئیدی نازانم چەندەم قسان کرد و تاکو کەی قسەم کرد... بەڵام هەر ئەوەندەم لە یادە لە ناکاودا ڕاوێستانی زەنگی کاژێرە پایەدار و قەدیمییەکە، وەخۆمی هێنامەوە.. هێشتا پاشماوەی دینگ و دانگەکەیم لە دوورەوە دەگەیشتە گوێ، لە دەرەوەی پەسێوە بەردینەکەڕا، دەتوت کەسێک ئەو کاژێرە لەگەڵ خۆیدا دەبا. ئەو کاتەش تەماشای دەرگاکەم کرد، وام هەست کرد شتێکی وەکو سێبەر، وەکو دووکەڵ، خەریکە دوایین بەشی لەشی خۆی بەدوای خۆیدا دەکێشێتە دەرەوە. هەر وەک تەرمە بەمۆمیایی کراوەکان کە بەخوێندنی ویردێک زیندوو دەبنەوە و بەڕێ دەکەون و شۆڕاوگەی شیلە، بەشوێنیاندا ڕاکێش دەبن. تەماشایەکی کاژێرەکەم کرد و لەو تاریکانەدا بەئاستەم توانیم تەلەکانی بدینم کە لەسەر دوو و سێزدە دەقیقەدا نووستبوون.

پەڵە هەورێک بەسەر کولاوکەی بان پەسێوەکەدا تێپەڕ بوو و سێ هەسارە کە وەکو سێ کوچکێنێ لە ئاسماندا بوون، شۆڵەیەکی کز و لاوازیان دەرکەوت. کەڵەشێرە کێوییەک لەوپەڕی دارستانەوە زیڕەیەکی لێ هەستا. هەوای پەسێوەکە قورس و غەمناک بوو. بەهێزێکەوە کە حەتمەن لە کانییەکانی سام و مەترسی ڕۆحمەوە هەڵدەقوڵی، بەرەو دەرگاکە ڕامکرد، بەڵام دەرگاکە داخرابوو. وەیادم هاتەوە لە پێش نووستندا دەرگام بەوردی داخستبوو. کیلۆنەیەکەیم بەمتمانەوە کێشابوو.

گەڕامەوەو پاڵم دا بەدەرگاکەوە. تەواوی هێزی لەشم لە ئەژنۆکانمەوە دەکێشرا. ئیدی لەناو پەسێوەکەدا چ شتێکم نەدەدی. ڕەشاییەکی خەستی ڕەوان تەواوەتی ژوورەکەی پڕ کردبوو. لە بەر چاومدا پەڵەپەڵەیەکی زەردی خۆشڕەنگ کە دەوراندەورەکەی کەسکی ڕووناک بوو، لە بۆشاییەکی تاریکدا دەڕۆیشتە خوارێ. لاقەکانم لە ژێر لەشمدا لەرینەوە و لە پڕدا وەکو دارێکی کارەبا بیگرێ، بەسەر ئەژنۆکانمدا شکامەوە. بۆ چرکەیەک تێکۆشام لەنگەری خۆم ڕاگرم... ئاکامێکی نەبوو! بەتەواوی لەشمەوە بەرەو پێشەوە داشکامەوە و بۆ دۆزینەوەی شوێنێ کە خۆمی پێ بگرمەوە، دەستەکانم هیوابڕاو بردە پێشەوە..

***

لەوسەری پەسێوەکەدا دەربیجەی دالآنێکی تێدابوو کە بەپەیژە دارینەیەکی ڕزیودا دەڕۆیشتە ژێرخانەکەوە، دەبایە ئەمەم زووتر لە ئێستا وتبایە، چونکە هەر ئەمانەن کە ورد و درشتی ژیانی من پێکدێنن. ئەم ژێرخانە تایبەتی کەلوپەلی وردکەوپردکە بوو: بنەدار و دەوەنی جادووبازی و شتی دیکە.. کێردێکی گەورەی ژەنگاوی، کەللەسەری بەشەرێک، قرژاڵێکی وشکهەڵاتوو و زۆر شتی دیکەش...

بەرەبەرە هەموو ئەمانەم ژێروژوور کردبوو، کتێبێکی پەڕەپەڕە لەوێ بوو کە نەدەخوێندراوە، بەڵکەم بەخەتی هیندستانی بوو، یان خەتی جوولەکانە یان ئی چینی... قوتوویەکی درێژی لێبوو لە تابووت دەچوو، کاتێ کاوکۆتی نێوەکەیم حەوادا دەرێ، دیتم لەو ژێرەدا پەیکەری بەردە مەڕمەڕینەی ژنێکی ڕووت، هێدی و هێمن، بەئارخەیانی چەشنی هەموو شتێکی ئاسایی لەوێ خەوتووە. لە پێشدا هاتم بیشکێنم، بەڵکو لە بەر ئەوەی لە هێمنایەتییەکەی ڕقم هەستابوو، بەڵام لە دواییدا فیکرم کردەوە کارێکی قۆڕە، چما چارەنووسی من وابووە کە دەبێ لەگەڵ ژنێکی مردوودا زەماوەند بکەم، خۆ ئەمە پەیکەرێک زیاتر نییە... دیسانەکە کاوکۆتە کۆنەکانم



بەسەردا ڕشتبۆوە. بەڵام ئەو شەوە، لە پاش ڕۆیشتنی شەیتان کە بەرەو دەرگاکە ڕامکرد و لە ئاسانەی دەرگاکەدا لە سەرخۆ چووم و لە دوایین کاتدا دەستەکانم بەرەو پێشەوە درێژ کرد کە خۆم بەشتێکەوە بگرمەوە، ئەژنۆکانی پەیکەرە مەڕمەڕینەی ژنە ڕووتەکەم کەوتە ئامێزەوە - یانی لە ناکاودا ئاگام کرد ئەو شتەی لە باوەشم کردووە ئەژنۆکانی هەمان پەیکەرە مەڕمەڕینەی ژنە ڕووتەکەیە. شتێکی ساردی چەشنی ئاو بەسەر مۆرەغەی پشتمدا بەڕێکەوت و ئارەقەی زاندە نێوچەوانمەوە. گوێچکەم کە لە نێزیک ڕانی بوو، خوشەخوشی خوێنێکی هەست پێکرد کە لە نێو دەمارە بۆرە مەڕمەڕینەکانیدا هاموشۆی دەکرد و کوتەکوتی پڕ لە ڕقی دڵیم لە ژێر پێستە قورسەکەیدا دەبیست. وای بۆ دەچووم ئەلحانەکە دەستەکانی بەدەوری ملمدا دەهاڵێنێ، ئەلحانەکەیە وا لە ڕەنجی بێ بەریبوونی تەمەنێکدا، باسکەکانی بۆ تۆڵە کردنەوە هەڵدەسووڕێنێ، ئەلحانەکەیە وا ڕقی نەزۆکی هەزارەها ویستی زیندانیی ئەو، پەنجەکانی لە سنگم ڕۆ دەکات و جەرگم لە نێو بەری دەستەکانیدا داچۆڕێنێ.

بە هاوار کێشان لە جێگاکەم، ڕاپەڕیم، پەیکەرە مەڕمەڕینەکەم حەوادایە عەرزی، لەسەر جێوبانە پڕ لە کایەکە کۆم بوومەوە و باڵاپۆشەکەمم بەسەرمدا کێشا و هەتا بەیانی - تاکو ئەو کاتەی لەوپەڕی شوێنەکانی دارستاندا نەعرەتەی ئەو گایانە بەرز بۆوە کە بۆ لەوەڕیان دەبردن. - گوێم دایە دەنگی ناڵەناڵ و هاواری تێکشکانی ژنە بەردینەکە لە ئێشی فڕێدراوبوون و تێشکاندا دەینالآند و لەت وپەت دەبوو بەخۆمم وت: "کێ بەمە بڕوا دەکات؟" لە ڕاستیدا بۆچ پێویستە کەسێ بڕوا بەمە بکا؟.. نەخێر! هەر سبەینێ لەگەڵکوو هەوا برێ ڕووناک داگەڕا، لەتوپەتەکەی دەکەمە زەمیلەیەک و دەیبەم دەیرێژمە تالآوەکەوە.. بەجاروجەحەندەم! لێگەڕێ با کەسێ بڕوا بەمە نەکات، لێگەڕێ با شەیتانیش بڕوا بەمە نەکات."

بەڵام لەگەڵکوو بەیان هات و کابووسەکانی شەوانە ڕایان کرد، لەگەڵکوو هەتاو لە قەڵشتی تەختەکانی دەرگاکەوە ڕژایە ناو پەسێوەکەوە و لە تانوپۆی باڵاپۆشەکەوە ڕێی بردە چاوەکانم و من باڵاپۆشەکەم لە سەرم لادا، هیچشتێک لە پەسێوەکەدا نەبوو، هەر هیچ هیچ! دەتوت دوێ شەو لەوێ ئاو لە ئاو نەکەوتووە... کیلۆنی دەرگاکە دەستی وێنەکەوتبوو. ڕۆییمە پێشێ و لەقەیەکم لە کاژێرە پێچکەدارە قەدیمییەکە هەڵدا. لەنگەرەکەی لە نێوان تانوپۆی جۆلاتەنەکەدا جووڵەیەکی قورسی کرد و دەنگێکی ئیشکی لێــوەهات. جــۆلاتەنەیەکی زەلام لە ترســانا لەوێ دەرپەڕی و بەرەو ساپیتکەکە ڕایکرد و لە قەڵشتی میچی پەسێوەکەوە ڕۆیشتە دەرێ. بڵێی کابووسێ بێ؟ ها؟ ئێوە وای بۆ دەچن تووشی کابووس بووبێتم؟ حەح! منیش لەو ڕۆژانەدا وام بیر کردەوە. خەیاڵم دەکرد گرفتاری کابووس بووبێتم. بەتایبەت کاتێ چوومە ژێرخانەکە و پەیکەرە مەڕمەڕینەکەم بینی کە وا لە ژێر کاوکۆت و پارچە بڕاوەکانی دەمەمقەست و لە نێو قوتووی تابووت-ئاسادا بەهێمنی خەوتووە! ئەعسابم بڕێک حەسانەوە. بەخۆم پێکەنیم و وتم: "شتێکی گاڵتەیە گیانەکەم، هەمووی گاڵتەجاڕ و گەپجاڕێکە! هەم ئەو خەیالاتەی لە کەللەم ئەدا، -هەم ئەو قسانەی ژنی خان و دایکی ئاغا دەیانوت!"

بەڵام من هەشت ساڵ بەم کابووسەوە ئەشکەنجە درام. چەند کەڕەت لەو پەسێوە ڕامکرد و شەوێ لە ژێر دار چنارە بڵندەکانی قەراخ تالاوەدا ڕامبوارد. بەڵام لەوێش لەگەڵکوو شەو دادەکشا و هەسارەکان تالاوەکەیان پڕ لە زەنگیانە دەکرد، هەمدیسان ئەو شتەی پێم دەوت کابووس دەهاتە شوێنم. لە بەر ئەمە هەموو کەڕەتێ دەگەڕامەوە بۆ پەسێوەکە و پێملی سامناکیی چارەنووسی تاڵی خۆم دەبووم. دەرک و دیوارم لەسەر داخرابوو. شەیتان چیرۆکی ژیانی منی نووسیوە. من بێج لە تابشت هێنانی ئەمە چارەم چی بوو؟ دەمزانی نە خوا و نە دوعا و نە یاخیبوون، هیچ شتێک،



هەر هیچ شتێک یارمەتیم نادا، تا لەو بەند و زیندانە پڕ ئەشکەنجەیە ڕاکەم.

تووکی سەر و ڕدێن و نینۆکەکانم بڵند بوبوون. قەلافەتی «جووکی» - یەکانم لێدەرچووبوو. داربڕەکان بەشانی پەسێوەکەمدا تێپەڕ دەبوون، بیسمیللایان دەوت. چما لە نێو دارستاندا تووشم بایەن، ڕێگەکەیان بادەداوە، هەزار ئەوسانەیان بۆ من و پەسێوەکە سازاند، دەیانوت جادووگەری دەکات و ژێرخانی پەسێوەکەی پڕپڕە لە تەرمی مۆمیایی کراو، دەیانوت لەگەڵ تەرمی ئەو ژنە تازە مردووانەدا کە شەیتان لە گۆڕستانە دوورەکانەوە بۆی دێنێ، جووت دەبێ و ئەفیۆن و بەنگ دەکێشێ و لە تەک ڕۆحیانەتی بەدکارەکاندا وتووێژ دەکات. دەیانوت: "شەوانە لە قەراخ تالاوەکەدا بەدوای گیایەکدا دەگەڕێ کە کولاندراوی شیمیایە."

نا، چارە ڕەشەکان، نا... قسەی وا لە گۆڕێدا نییە. من تەنیا نەفرین لێدراوێکم کە خوای ئێوە لە یادی بردوومەتەوە. یاریکەرێکی یەخسیرم کە شەیتان بۆ شانۆکەی خۆی دیلی کردووم. من دەبێ تاکو ئاخری ئەم یارییە درێژە بدەم و لە ئاکامدا - چما قسەی جادووبازان بایەخێکی هەبێ، لەگەڵ ژنێکی مردوودا زەماوەند بکەم.

***

شەوێک، دوایین شەو، وتم ئیدی ئەم چیرۆکە کورت دەکەمەوە. چیدی نامەوێ یاریکەری بێ ئیرادەی چیرۆکی شەیتان بم: "نەفرین بۆ هەمووتان". تەواوەتی شەو بەخەبەر دانیشتم و هەتا ئەو کاتەی هەوەڵ جوولانەوەی لەنگەری کاژێرەکە لە گوێمدا دەنگی داوە و پەسێوەکە بەتیشکی مانگەشەوێکی بێ نسێ ڕووناک داگەڕا، بەڵکەم تاکو بەینێکیش لە پاش ئەمە، تاکو ئەو کاتەی زاڵبوونی شەیتانم وەکو نەشئەی ژەهرێک لە هەموو دەمارەکانمدا هەست پێ کرد، یەکبێن دەمنەڕاند:

"نەفرین لە هەمووتان! هەم تۆ، سێبەری بەدکارەی شەیتان! هەم ئەو پەیکەرە شەوگەڕە نەفرین لێکراوە، هەم ئەو پەسێوە، هەم ئەو کاژێرە کۆنە ئەنتیکەیە کە تەلەکانی لە بەر دەروازەی ئەم هەرمانە دۆزەخییەدا ئیشک هەڵاتوون!... نەفرین لە هەمووتان!"

شەیتان وتی: "ئیدی میوەکەت گەیشتووە! ئێستا ئیدی میوەکەت گەیشتووە!" من قاقا پێکەنیم. بەهەموو برینەکانمەوە، بەهەموو ڕقمەوە پێکەنیم. نیگایەکی لێوانلێوی ڕق و بوغزم لێکرد و دیانەکانم بەسەر یەکدیدا گوشار دا: "ئەی ی ی شەیتان!" شەیتان وتی: "ئەمە دوایین پەردەیەتی. ئیتر میوەکەت گەیشتووە.." پێم وت: "بێ ئابڕووی پێداگر! ئەم تەلسمە نەفرینییەت دەشکێنم!...هەشت ساڵی تەواوە کە درێژە بەم یارییە دڵتەزێن و ماندووکەرەوەیە دەدەی... ئیدی ئەمشەو دەمەوێ یان دەست پێ بکەم یان تەواو بم! – مردن جارێک و شیوەن جارێک! ئیدی لەمشەوڕا یان زەنگیی زەنگی، یان ڕۆمیی ڕۆمی، ئیدی هەر ئەوەیە وا وتم."

ئەو بنەمۆمە گەچینەیەم داگیرساند کە لە قەراغ جێوبانەکەم و لە مۆمدانە برۆنزییەکەیدا بوو، بەدەستمەوە گرت، تەورەکەشم هەڵگرت و لە دەلاقەی دالانەکەوە بەرەو ژێرخانەکە چووم و وتم: "تەلسمی نەفرین لێکراوت..ئەرێ! تەلسمی نەفرین لێکراوت دەشکێنێم."

ئەویش لەگەڵ مندا هاتە خوارێ. لە سەریەک دوو کەڕەت بەبێ–ڕاوێستان وتی: "تەمەن درێژ بی کوڕم! ئەمشەو ئیدی وەختی خۆیەتی... بڕێک وەدواکەوت، هەقی خۆتە، ئەرێ. بەڵام کارێکی لەگەڵدا نەدەکرا: هەر شتێ کاتێکی هەیەو...

نێوچەوانی جیددی بوو،– نازانم چی لە دەرووندا بوو، بەڵام نێوچەوانی جیددی بوو. دیسانەکەش دەتوت جێیەکی لەنگ بوو. دەتووت زۆریش



متمانەی نەبوو. بەدەوروبەرمدا دەسووڕاوە. بڕێ جار لە دواوە و بڕێ جار لە پێشەوە. دەتووت دڵی هەواڵی داوە کە ڕووداوێکی ناجۆر دەقەومێ، بەڵام بڕوای نەدەکرد، کە گەیشتینە خوارەوەی پەیژە ڕزیوەکە ویستی شتێ بڵێ و تاقیم کاتەوە،–بەڵام کاتێ بینی بەرەو قوتووە تابووت ئاساکە دەچم، لێی حاڵی بوو. پێشی پێ گرتم، بازیدا بەرەو ڕووم و هەر وەکو پاشەوپاش دەکشاوە و تێدەکۆشا ڕێگەم پێ بگرێ، هاسکە هاسکی دەکرد و وتی: "چاوکە کوڕە! خۆ تۆ–ناتەوێ هەروا لەخۆڕایی چەپکە گوڵێک بەئاودا دەی؟"

"ئەمشەو ئیدی ئەم کارە تەواو دەکەم، ئەمشەو کۆتایی بەم کارە دێنم. ئەمشەو ئیدی یان زەنگیی زەنگی، یان ڕۆمیی ڕۆمی."

وتی: "گوێ بگرە کوڕم! تۆ تەمەنی خۆت لەسەر ئەم کارە دانا. بەجۆرێک جێبەجێم کردووە لە کۆتاییدا خۆشت بێ مزە نەبی... پێم خۆش نییە مزەی تەمەنێ لەو ڕەنجەی بۆ ڕزگارکردنی من کێشاوتە، ڕەشایی هەتاهەتایی بێ... فیکرم لێ کردۆتەوە... جێبەجێم کردووە. ئەو شتەی لە بریدا وەریدەگری بایەخی هەزار ساڵ ڕەنج و چارەڕەشی هەیە! ئێستا دەیدینی!... هەموو ئەم کارانە لە بەر ئەوە بوو تا ئەم دەرگایە بکەیەوە و من لەم خەمخانەیەی خوادا ڕزگاری بدۆزمەوە. لەم تاریکخانە بۆگەنەی کە ئەو بەکۆس و کەڕەناوە منەتەکەی بەسەر ئێوەی بەندەی تاوانباردا دەکا، ڕزگار بم. ئەم کارە تەنها بەکەسێ دەکرا کە بەلاقی بەرەو قوبلەوە... "

بە نەفرەتەوە تەماشای کۆمای ڕەشی نسێکەیم کرد، خولێ بەدەوری خۆیدا سووڕاوە و لە جێیەکی دوورەوە دەنگی بەرز بۆوە: "دەسخۆش! مزەت ئەوینە. ئەو شتەی خودی «غەنیم» لێی بێبەشە و هەر لە بەر ئەمەش لێیدەترسێ!... دەرگاکە بکەرەوە و مزەت وەرگرە. تەمەن درێژ بی کوڕم!"

کا و کولۆشی سەر پەیکەرەکەم ڕشتە خوارێ، هێزێکی دۆزەخیی لە

بازۆڵەکانمدا بوو، ڕووباری دۆزەخ لە بازۆڵەکان و لە لاقەکانمدا بوو. دەسکی تەورەکەم لە نێوان قامکەکانمدا ئەملاو ئەولا کرد. وەکو گەردەلوول سووڕا و بالاّ سێبەرئاساکەی لە نێوان من و تابووتەکەدا وێستا: "لەخۆڕا دەست لەم پەیکەرەیە مەوەشێنە ها؟ چما خاڵێکی تێکەی ڕۆژگارت ڕەش دەبێ ها!"

گوڕاندم: "لەمە ڕەشتر؟!"

"لەخۆڕا ڕۆژگاری خۆت ڕەش مەکە کوڕە!"

گوڕاندم: "لەمە ڕەشتر؟!"

خولاوە و لە خۆیدا جینگڵی دا و هاواری کرد: "ئەمە نەفرەتە ڕۆڵە! ژەهرێکە کە سەدقاتی دۆزەخە، ئاقڵ بەو ئەم ژەهرە تف کەرەوە!"

لێوانلێوی چێژی ئەوە بووم کە ئەو چ ڕەنجێکی دەکێشا. دیانەکانم بەسەر یەکدا گوشار دا و تەورەکەم بەرز کردەوە. نەڕاندی: "دەست ڕاگرە!" تەورەکەم بەتەواوی هێزی خۆم بەسنگی پەیکەرەکەدا داکوتا. بەدەنگی ئیشکی تێشکانی پەیکەرەکە ناڵە ناڵێکی هیوابڕاو لەو سەری ژێرخانەوە گەیشتە گوێم. ئاخ من ئەو دەنگەم لە هەموو شەوانی لێڵ و درێژی تەمەنی خۆمدا، لە قووڵایی دڵ و ڕۆحی خۆمەوە بیستبوو.

شەیتان لەگەڵ ئاخ کێشانێکی درێژ وتی: "مەخابن بۆ تۆ، کوڕە! ئامۆژگاریم کردی نەتبیست. مەخابن بۆ تۆ، ئەو سەوقاتەی بۆم تەیار کردبووی چێژی ئەو میوەیە بوو کە نەیهێشت ئادەم لە بەهەشتەوە بیهێنێتە سەر زەوی. ئەو کەسەی لەو میوەیە بچێژێ ئیدی پێ ملی ئەم نادادوەرییە خۆپەرستانەیە نابێ... ئادی ڕۆڵە! کارەکانی ئەو هەرگیز بەبێ-حەسێب و لەخۆڕا نییە. بەژەهری ئەو نەفرەتەوە کە کردییە گیانتەوە وای لێکردی بەدەستی خۆت تەشوێ بەڕەگ و ڕیشەی بەختی خۆتا بکوتی! ئیدی توورەکەی ڕەنجی خۆت هەڵگرە و حازربە، بەشی تۆ چەند بەرابەر کات.



ئاخر تۆ ئێستا بوویەتیە یارمەتیدەری شەیتان!"

بێ ئیختیار بەرەو ئەو سەری ژێرخانەکە ڕامکرد، ئەو لە پێش مندا گەیشتبوویە، لەوێ، لە قەراخ ڕەگوڕیشە تێکپێچراوەکان ڕاوێستابوو و دەتوت دەگری. مۆمدانەکەم لەسەر عەرزی دانا و بەتەورەکە بەربوومە گیانی ڕەگوڕیشەکان. دەتوت بێجگە لەمە چارێکی دیکەم نەبوو، دەتوت بێج لەمە کارێکی دیکەم نەبوو!

چەندان سەدەی دوورودرێژ، ساقەتە و گەڵا و گوڵی ئەم ڕەگوڕیشەیە، لە دەرەوەی ژێرخان و لە دەرەوەی پەسێوەکەدا، لە هەتاو و هەوای دارستان تیشک و پشوویان گرتووە. بۆیە ئاوها تێکپێچراون. چەندەها سەعاتی دوورودرێژ سەرقاڵی کار کردن بووم. دەتوت شەیتان هەموو هێزی خۆی داوە بەمن، هەتا لە ئاکامدا نازانم چ سەعاتێ بوو، -لە دەرەوەی ئەوێ، تازە کەڵەشێری بەیان دەیانخوێند، یان لە ڕاستیدا خۆر دەرکەوتبوو، لە نیوەڕۆ تێپەڕیبوو، لە پشت قەوزە و ڕەگوڕیشەیەکی زۆری تێکپێچراوەی درێژەوە، دەرگا مەفرەقینەیەکی ڕازاوەی گەورە وەدیار کەوت. ڕەگوڕیشە بڕدراوەکانم لە بەردەم دەرگاکەدا لابرد. دەسکی تەورەکەم لە هاڵقەی دەرگاکەوە بردە ئەو دیوەوە، بەدوو دەست هەر دووک بەریم گرت و بەڕاوەشاندنێک دەرگاکەم کردەوە.

سەرمایەکی تەڕ بزووت و شتێک لە بەر پێی مندا بەعەرزیدا کەوت. ژنێکی سەرتاپا ڕووت و قووت. شۆڵەی لەرزۆکی مۆمەکەم بردە پێشەوە، دیتم نێوەڕاستی هەردووک مەمکی قەڵشتێکی گەورەی خوێناوی تێدایە. دەتوت بەشتێکی وەکو تەور بەنێوەڕاستی سنگیاندا کوتاوە. مۆمەکەم کە لە بەر ڕوخساریدا ڕاگرت، دیتم هەمان ئەو ژنەیە کە پەیکەرەکەیان لێ ساز کردووە. کەمنی دیت شتێک لە پشت بیلبیلە گەورە سەرسووڕماوەکانیدا کشاوە دواوە، پێڵووەکانی پێکداچوون و سەری بەلایەکدا کەوت. شەیتان

وتی: "کوشتت. بەڵام فەرامۆش کردنیش هەیە. جادووبازی بەدەستوبرد، هەموو کارەکانی لە ڕووی حەسابەوەیە، ئەگینا حەسابی ئەم غەمخانەیە تەنانەت یەک ڕۆژیش نەدەگەیشتە ڕۆژئاوا... چ گۆڕستانێک!

"دڵم نیسکۆڵە خوێنێکی دەڵەمەیە... دەسخۆش کوڕە! من لەم دەرگاوە دەڕۆم. دەرمانی تۆش حازرە: فەرامۆشی و لە یادبردنەوە! تێبکۆشە زۆر گوشار بۆ خۆت نەهێنی."

***

من چیم نەوت. لە ژێرخانی بەتاڵدا چ دەنگێک نەبوو. دەنگی داخرانی دەرگاکەم بیست و گوێم دایە چکەچکی داچۆڕانی ئەو دڵۆپە ئاوانەی لە شوێنی بڕدراوی ڕەگوڕیشەکەوە دەتکانە خوارێ. مۆمەکە پتەپتێکی کرد و کوژاوە. لە شانی ژنە مردووەکە ڕاکشام و ئیدی گریان دەرفەتی نەدام. هەستم کرد لە زۆر زۆر لەمەوبەررا خۆشم ویستووە.

سالّی نووسین: ١٣٢٩ (١٩٥٠)



## گەڕانەوە

*بۆ سادق هیدایەت*

شاملوو

بۆ ئەوەی هەست بەچۆنیەتی بارودۆخی خۆی بکا،– چ هەوجێیەکی بەفیکر کردنەوە نەبوو. هاتەوە یادی لە پێش ئەوەیدا بمرێ، وەسیەتی کردووە: تەرمەکەی لە تابووتێکی پۆلاییندا بهاونە قووڵایی چاڵێکەوە و چاڵەکەش بەبەرد و بێتۆن پڕ کەنەوە. کەوتەوە یادی بە کوڕەکانی وتووە: «من ئیدی نامەوێ بگەڕێمەوە سەر دونیا... دڵم پێوە نییە گوێرەکە و بزنەگەل و بنیادەم لەو گیایە بخۆن کە لەسەر گۆڕی من شین دەبێ و من وەکو شیلە گیاییەک لە لک و پۆپ و گەڵاکانیدا ڕادەکەم... پێم خۆش نییە کرم و مار و دووپشک ڕێ بەرنە ناو گۆڕەکەم و گەرا و هێلکان لە نێو گوێ و چاوی مندا بکەن، لە گۆشتی من بلەوەڕێن و ئازای ئەندامەکانم لەگەڵ خۆیاندا بێننەوە سەر جیهان، تەرمی من لە تابووتێکی پۆلاییندا بهاونە قووڵایی چاڵێکەوە و هەر چوار لایەنی تابووتەکە بەبەرد و بێتۆن پڕ کەنەوە...»

هەمیسان هاتەوە یادی کە لە ئاکامدا بەبێ دەسەڵاتی و لە قورسایی شێدار و ئارەقاوی نیوەڕۆی ڕۆژێکی بەهاردا مردووە. کابرا خۆی بینەری تەواوەتی ئەم ڕووداوە گەپجارە بوو: دەتوت تەواوی ئەمانە لە پشت دیوارە بلوورینییەکەوە دەبینێ.

منداڵەکانی بینیبوو کە چەندە گەوجانە لە قاچ و قول و گۆشت و ئێسکان و ڕیخۆڵە و گونەوێڵەیەکی چرچ و لۆچ و سیس و پیس دەهاڵێن کە دەبێ تا چەند ڕۆژێکی دیکە داڕزێ و بۆگەن کات و هەڵوەرێ و کەرەجنە و دووپشک و مشک بیخۆن و ئامادەی گەنین و داڕزینی کەن و بابەڕۆ بابەڕۆ بکەن و نەهێڵن حەماڵ و مردووخۆر پاشماوەی تەرمی بێ هێز و گاڵتەجاڕی ئەو بهاونە نێو تابووتە پۆڵایینەکەوە.

ژنەکەی خۆی بینیبوو کە چۆن بەپێ و شوێنی ئەو مجرییە جەواهێراتەدا دەگەڕێ وا کوڕە گەورەکەی کاژێرێک لەمەوبەر ڕفاندبووی. نۆکەرە بەئەمەکەکەی خۆی بینی بوو کە لە نێو دالانی ماڵێدا، قەرەواشی ماڵە جیرانەکەیانی ماچ کرد و پێی وت: "دەستێک جل-وبەرگی باشیم شاردۆتەوە، ئیدی بۆ زەماوەندەکەمان جل وبەرگی تازەم هەیە... "

تەواوی ئەم لە خۆنووسانە گاڵتەجاڕانە و ئەم تەماحانە و ئەم هەموو شادمانییە گەمژانەیەی لە پشت شتێکی چەشنی دیوارە بلوورینییەکەوە، کە لە نێوان ئەو و باقی جهیاندا کێشرابێ، بینیبوو و پێکەنیبوو...

هەمیسان هاتبۆوە یادی کە ئەو کاتەی منداڵەکانی دیکەی بەیارمەتی دایکیان ئاگەدار ببوون کە برا گەورەکەیان مجری جەواهێراتەکەی دزیوە، هەموان دەردی بێ باوکییان لە یاد چۆوە و کەوتنە هەوڵی خۆیانەوە، دەسا تەرمەکەی ئەو بەسەر زەوییەوە ماوە.

تەواوی ئەمانەی دیتبوو. لەو کاتەدا، لە بەر بێکەسی و تەنیایی تەرمی بێ ئەقڵ و بەبێ دەرک و فامی کەسێتی بەرزی خۆی وەپێکەنین کەوتبوو، دڵی بۆ بێکەسی و تەنیایی تەرمەکەی سووتا. ئەو کاتەش کە ویستبووی بۆ خۆی تەرمی خۆی بهاوێتە ناو تابووتە پۆڵایینەکەوە، بۆی دەرکەوتبوو ناتوانێ. بۆی دەرکەوتبوو کە ئیدی دەستە بێ دەسەڵاتەکانی ئەو، هیچ نین بێج لە لاوێچێ بیرەوەری و کەسایەتییەکی سەربەخۆ. پاڵپشتێکی



بەمتمانەی نییە. تێگەیشتبوو بێت و هەتیوە باوک تۆپیوەکانی لە فیکری تەرمی بەبێ دەرک و فام و قورسی ئەودا نەبن، خۆی بەتەنهایی هەرگیز ناتوانێ تەرمەکەی خۆی لە تابووتە پۆڵایینەکە بهاوێ.

کە گەیشتە ئەم ئاکامە، شتێکی دیکە، شتێکی گرینگتری هاتەوە یاد. بەفیکریدا هات کەوا کت وپڕ لە بێ غیرەتی هەتیوە باب تۆپیوەکانی هەستی ڕەزامەندی دەکات: هەتا زیندوو بوو لە ژین و ژیان بێزرا بوو...

دڵی پێوە بوو کاتێ مرد، ئیدی نەگەڕێتەوە سەر جیهان... تەنانەت بەمناڵەکانی وتبوو بیهاونە ناو تابووتێکی پۆڵایینی چیمەنتۆ و بێتۆن کراوەوە، تاکو کرم و کەرەجنە و مار ڕێ نەبەنە گۆڕەکەی و لە گۆشت و پیسایی ئەو نەلەوەڕێن و ئەندامە داڕزیوەکەی لەشی ئەو نەهێننەوە سەر جیهانی زیندەوەران...

تاکو زیندوو بوو و لە نێو زیندوواندا دەگەڕا ئاوا بوو. دڵی پێوە نەبوو کە لە پاش مردن دەگەڵ شیلەی گیاییەنەی گیایەکی خۆڕسکدا یان لەگەڵ کەرتەشی و گەزگەزکە و قوونەلاشکدا لە ڕەگ و ڕیشە و لک وپۆپ و گەڵای ئەواندا بسووڕێتەوە و بەدیانی بزنێک، گوێرەکەیەک یان تڕوتەوێڵەی بنیادەمەوە بخورێ و ببێتە گۆشتێکی سوور و زیندوو و گەرم و دیسانەکە لە چزەی دەرزی و چزەی ژن و چزەی ژیان کاریگەری بەسەردا بێت...

هەتا زیندوو بوو... بەڵێ. بەڵان تەنها «هەتا زیندوو بووو!» لەگەڵکوو مرد، تەرمە قورس و گەمژە و بێ هەست و خوستەکەی بەسەر عەرزییەوە ماوە، هەتا هەتیوەکانی بێن و بەوەسیەتی ئەو بکەن. بێن و تەرمی ئەو لە تابووتە پۆڵایینەکەدا بهاونە قووڵایی چاڵێکەوە و دەوران دەورەکەی بەبەرد و سارووج و چیمەنتۆ داڕێژن، لەگەڵکوو مرد و هەبوونی بیرەوەری ئەو کە کەسایەتییەکی بەرچاو و هەست پێکراو و بەمتمانەی نەبوو، لە پشت ئەو

دیواره بلوورینییەوە کە لەمپەری نێوان ئەو و جیهانی زیندووان بوو، سەرقاڵی سەیر و سەیاحەت و تەماشاکردنی زیندووگەلێکی گەمژە بوو کە بەشوێن مجری جەواهێراتەکەدا بەدەوران دەوری حەوزە قەڵشیوەکەی ماڵێدا ڕایاندەکرد، کت و پڕ هەست و سۆز و خۆزیای بەرەو لایەکی دیکە چوو: لە خوای ویست بیخاتە دڵی هەتیوەکانیەوە کە بەوەسیەتی گەمژانەی ئەو نەکەن. لە خوای داوا کرد تاکو لێگەڕێن ئەو وردیلە و پردیلانەی دەبنە هۆی دارزینی تەرمی پشووبڕدراوی بنیادەم و گایەل و گەلحۆکان، هێرش بهێننە سەر تەرمی بەبێ هەست و خوست و قورس و بێ کەڵکەی ئەویش، کوودەکەی ئەو لە ژێر هەموو گیایەکی خۆڕسک و لە ژێر کەرتەشییەک و هەموو گەزگەزکەیەک و هەموو دڕوویەک بکەن و لێیگەڕێن هەمدیس ئازاد و ڕزگار بێتەوە سەر جیهان. لێیگەڕێن لە هەموو پیسایی دارزاو و هەپروون بەهەپروونی یەکەمین یا چەندەمینی ئەو کەئەوا لە ئێستادا هەبوونی بیرەوەری ئەویان پێکهێناوە لە قەڵافەتی مێشە کەرانەیەکدا زیندوو بێتەوە، تەنانەت چما بکەوێتە داوی جۆڵاتەنەیەکیشەوە و لە قەڵافەتی ئەودا ببێتە بەشێک لەو، باوەکو پەڕەسێلکەیەک ئەو جۆڵاتەنەیە، مارێک ئەو پەڕەسێلکەیە و بازێک ئەو مارە و... بخوات - خۆی بۆ تەواوی ئەم ئافات و بەڵایانە و تەواوی ئەم چارەڕەشیانە ساز کردبوو بەو مەرجەی بەوەسیەتە گەلحۆیانەکەی نەکەن و ئەو نەهاونە تابووتە پۆڵاییینەوە و لە چاڵی نەهاون و دەوران دەوری بەشفتە و دۆغاب و بێتۆن دانەڕێژن. لێیگەڕێن ئەو وجوودەی کە دەتوانێ زیندەوەرانی گەپجاڕی بیرەوەری لێ بکەوێتەوە، لەمەوبەدواش هەر هێدی و هێمن و بێ خەیاڵات و ڕزگارانە، لە جیهانی جنۆکە و بنیادەم و مارەکاندا بگەڕێ و بینەری نەزانین و تەماح و زیناحیان بێ، - کارا بێ...

ئەو لە کوێرا دەیزانی کە لە پاش مردنیدا، ژیان هەر وا لە گوێرەی مەڵحەکە و تەڵخەکی بی بی جان خانم بە بەردەمی ئەودا ڕا دەکا و چاوی



لێ مۆڕ دەکاتەوە؟ - ئەگینا چۆن ڕەزامەند دەبوو چەندەها سەدە لە بەندی تابووتە پۆڵاییینەکەیدا بێ؟ ئەو تابووتەی کون و کەلێنێکی بۆ جیهانی گوێرەکە و ژنان و دووپشکان نەبێ و هەموو کاتێک شەوێکی بەبێ کۆتایی، لە ڕێگای تەنگەبەری سەدەکانەوە بەلەشی ئەودا تێدەپەڕێنێ. بەڵام ئەو کاتەی تۆرەمەباب مردووە نەفامەکانی سەرقاڵی ئەوە بوون تەرمی ئەو بهاونە تابووتە پۆڵاییینەوە، هیچکامیان هەبوونی بێدەنگی ئەویان لە پشت دیوارە بلوورینەکەوە، کە لە نێوان ئەو و سەرباقی جیهاندا ببوە لەمپەرێک، نەیانبینی و لە هێما و ئاماژەکانی ئەو کە دەیوت: "مەکەن" حاڵی نەبوون و، دەنگی ئەویان نەبیست - کە خودی خۆیشی نەیدەبیست...-

کوڕەکانی ئەو، ئەویان هاویشتە تابووتێکی گەورە و قایمەوە. ئەو کاتەش کە دەرگاکەیان لەسەر داخست، هیچ چەشنە کەلێن و کەلەبەرێکی بۆ جیهانی زیندەوەران و گایەل و ژنان تێدا نەماوە. دەیجا بەخۆیان وت: دەسا با ئازاتر و گەرم وگوڕتر بەوەسیەتی بابی خۆمان بکەین! دەسا، تابووتیان نایە سەرشان و بەپیادە ماوەی هەشتا و پێنج ڕۆژان لە وڵاتی «جاجاهی-جا»دا سەفەریان کرد و لە چیای «جی-جی-لالا» کە یەک تەختە لە سەختە بەردی خارای بەبێ کەلێن بوو، وەسەر کەوتن.

هەشتا و پێنج کرێکاری خەڵکی ناو مەڵبەندەکەیان بەکرێ گرت و لە ترۆپکی چیاکەدا چاڵێکیان بەقووڵایی هەشتا و پێنج گەز هەڵکەند و نیوەی چاڵەکەیان بەبەرد و قسڵ و سارووج پڕ کردەوە، تابووتەکەیان تێ هاویشت و چاڵەکەیان بەبەرد و قسڵ و گەچ پڕ کردەوە و «کێل»ێکیان لە «یەشم-» لە سەری چەقاند و لە کێلەکەیان نووسی: (ئەم مەزارە گۆڕی کەسێکە کە دەستی لە دونیا بەرداوە... ئەو کەسەی کە ئیدی نایهەوێ نە- لە بەردێکدا، نە لە مارێکدا و نە لە گەزگەزکەیەکدا زیندووبێتەوە!)

لە پاشان فرمێسکێکی زۆریان بەسەر بەردەکەدا داباراند و گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان. جا لەگەڵ دایکیاندا کردیانە شەڕ. چونکە دایکیان لە نەبوونی کوڕەکانیدا میراتی مێردەکەی دابوو بەپیاوانێکی مل ئەستووری سنگ پان و سمێڵ شۆڕ ، جا بەدوای مجرییەکەدا، بە دەوران دەوری حەوزە قەڵشیوەکەی ماڵێدا ڕایانکرد و ڕایانکرد و ڕایانکرد!

***

ئەو کابرایەی کە مردبوو، لە تابووتە پۆڵایینەکەی خۆیدا – لەو تابووتەدا کە دەور و بەرەکەی دۆغاب و شفتەی ڕەق هەڵاتوو و بەردیان لە ئامێز گرتبوو و ئیشک ببوونەوە – لە بۆ بیرەوەری مەرگی خۆی کە چەشنی ڕیخۆڵەیەکی درێژ بەبزماری داکوتراوی تابووتەکەدا هەڵواسرابوو، تەماشایەکی کرد و ئاخێکی هەڵکێشا. بۆ تاقیکاری و تاقیکردنەوە، مستێکی لە دیوارەی تابووتەکە دا – هیچ دەنگێکی لێوە نەهات – وەک بڵێی هیچ شتێک، بەگشتی هەر هیچ شتێک لە دیواری تابووتەکە نەکەوتبێ. لە دوایەدا هەوڵیدا تەماشای خۆی بکات، بەڵام تاریکایی نەیدەهێشت. کەچی لە خۆی بەو لاوە دوورتر، لەوپەڕی بزووتنەوە و تێفکرین و تێڕامانی هەبوونی بەبێرەنگی خۆی کە پاڵپشتێکی نەبوو،– هەستی بەبزووتنەوەیەکی زیندووتر کرد. تەنانەت توانی بەگومان حاڵی بێ کە ئەمە، بزووتنەوەی دوو گیانلەبەری ڕەش و خاوەن ژەهر و دیان تیژە، کە داهات و بەرهەمی هەپروون بەهەپروون بوون و دارژانی تەرمی کۆنەی ئەون. تەنانەت توانی ئەو دوانە لە مۆخی خۆیدا – لە تەواوی ئەو هەبوونەدا کە بوو – لە ژێر هەتاوی ڕووناک و سەرانسەر گەشی دەرەوەدا – بەرەو وڵاتی جنۆکە و گایەل و ژنان ڕێنوێنی بکات و هەردووکیان لە بەر ڕووناکایی سەر زەویندا بناسێتەوە. توانی لەگەڵ منداڵانی دیکەی باوکیدا کە بێج لە ئەو، بەڵام لەگەڵ ئەودا لە ڕەگەز و تایەفەیەک بوون، دیوناسی



بکات: توانی لەو دوو مارە ڕەشەی کە لە خواردنی گۆشتی دارزیوی دیانە کەوتووەکانی ئەو، مۆرەو گۆشتیان گرتبوو و یەکەمین دڵۆپەکانی باڵغ بوون کە لە ئاستی پشتیاندا دەکولا و جەستەی دۆزەخی هەردووکی ئەوانی پێکەوە گرێ دابوو، لێیان حاڵی بێ...

***

لە ناکاودا تاسە و تامەزرۆیی هاوسەر و ژیان، ئاوات و خۆزیای هەتاو و "با" و ئاو، لەودا کەوتە جۆش و خرۆش. لەو کاتەدا بەتەواوەتی ڕۆحی خۆیەوە – بەتەواوەتی دەروون و ئەو شتەوە کە بوو – خزایە نێرەمارەکەوە. لە کەلێنی قفڵی تابووتەکەوە خزایە دەرێ و بەیارمەتی هاوسەرەکەی،–لە نێوان درز و قەڵشتی دۆغاب و شفتەدا کە بەردەکانیان لە ئامێز گرتبوو و ئیشک ببوونەوە و ڕەق ڕەق هەڵاتبوون، ڕێگایەکی کردەوە و لاقی نایە وڵاتێکی زیندوو، کە گەرما و ڕۆشنایی لە هەتاو وەردەگرت و لە شانی کێلە یەشمینەیەکدا کە نووسراوەیەکی پێوە بوو، لەگەڵ مارەمێ تێکەڵ بوو. نووسراوەی سەر ئەو کێلە ئاوا بوو: (ئەم مەزارە گۆڕی کەسێکە کە دەستبەرداری دونیا بووە... ئەو کەسەی کە ئێدی نایهەوێ نە لە بەردێکدا،– نە لە مارێکدا و نە لە گەزگەزکەیەکدا زیندووبێتەوە!)

دەیجا مارەمێی نایە ژێر و لە ئاستی کەفەڵ و نێوقەدیدا لاواندییەوە و تێی–ڕۆچوو. هەر وەکو لە نێو ئەودا غاری دەدا، تامەزرۆیی ژیان و ماڵ و منداڵ لە قووڵایی چاوەکانیدا دەترووسکایەوە و ژەهری ماچ لە نووکی دیانییەوە دەتکا، لە دەروونی خۆیدا ئاوای بیر کردەوە:

– تاکو یەکەمین هێلکان دادەنێ...لێرەدا، هەر لەسەر ئەم ترۆپکی چیای «جی–جی–لالا»یە هێلانەیەک دروست دەکەم – لە دوورەچاوی بنیادەمگەل و جنۆکان کە نەیار و دوژمنی «مار»ن –، ژیان پێک دێنم. لە بەردە مەڕمەڕینەی گچکە گچکە کە تینوویەتی دادەمرکێنن، میراتێکی

گەورە و گران و بایەخدار بۆ منداڵانم چێ دەکەم... دەسا با خەڵکی وڵاتی «جاجاهی-جا» هەواڵ بۆ وەچە و نەوەی داهاتوو بنێرن: »هۆی منداڵانی ئێمە! لە دوندی جی-جی-لالا بترسێن. لەوێ کێلێک لە بەردی یەشم هەیە، لەسەر ئەو کێلە بەڕێنووسێکی سەیر وسەمەرە قسەیەک نووسراوە، کە لە منداڵی بنیادەم، هیچ کەس هەواڵی لە نەهێنی ئەو نووسراوەیە نابێ... هۆ منداڵانی ئێمە! لە ترۆپکی جی-جی-لالا خۆف بکەن و لە ماری ڕەش دووركەونەوە! دووركەونەوە لە جی-جی-لالا و مارگەلی ڕەش و لەو کەسانەی گەڕانەوە بۆ ژین و ژیان!

١٣٢٧ (١٩٤٨)



## ونبووی ناو سەدەکان

گەرووی چەشنی دار ئیشک ببوو. مۆمی بیرەوەرییەک لە ڕۆژیش - کە چۆن تێپەڕی - لە تاریکایی فیکریدا نەدایسا. دەسا بەم چەشنە بۆی دەرکەوت لە وڵاتی زیندواندا نوستووە.

- لە بەر ئەوەی ساڵگارێکی دوور و درێژ بوو کە بارێکی کوود لەگەڵ خۆیدا دەکێشا - لەسەر لێوارەی گەنداوی چکۆلە و بۆگەنی ژیاندا،-مانوو و خەواڵوو و بەبێ بیرەوەری چاوەکانی کردۆتەوە. بەم هۆیەوە بەخۆی وت: «لە سەرەتاوە دەمزانی گشت ئەمانە، چەشنی چارەنووسی بانگی شێوانی خۆر هەر دەبایە بقەومایە - بەڵام من مانووم، زۆر مانووم. وەک ئەوە وایە کە لەو وڵاتەوە هەتا ئێرە، ئەم ڕێگەم یەک پشوو بڕیوە... »

لە تاریکایی خەست و خۆڵدا، دەستی لە شتی خڕخڕ کەوت کە دەنگی ئاوێنە و شووشەی تاریکایی شەوگاریان دەزڕاندەوە و بەسووکایی وەزن و کێشی تەپ و تۆز لە حەوادا خوشەیان دەکرد و جێ-گۆڕکەیان بوو.

ئەم تۆقلە بلوورینانە هێندەی لە ژێر پەنجەکانیدا دەخزین و دەخوشین و ڕایان دەکرد، باروکۆڵی بیرەوەرییەکەی سووکتر دەبوو. دەسا بەبێ-پەلەپەل و بەبێ نیگەرانی لە تاریکایی لێڵ و مڕومۆندا چاوەنواڕی نوورێک مایەوە و بەدەنگێکی شیتاڵ شیتاڵ و دارزاوەوە کردییە چپە چپ: »هەر ئاوایە ... ئەمانەیش تۆقلەکانی هەوان کە لە وڵاتی خاڵی وخامۆشی ونبوواندا

چەشنی بەردیان لێهاتووە، مەسخ بوونەتەوە. منیش ئیدی هەوجێم بەوان نییە.»

«گوێی دایە ئەو دەنگەی کە مەودای بێدەنگیی دەبڕی و قووڵایی تاریکانی تێپەڕ دەکرد و وتی: ئەها! ئەوەش گیانلەبەرێک، ئەوا تێدەکۆشێ بەدەنگی کۆکنەکراوی خۆی باسی نەبوونی خۆی لەگەڵ مندا وەک حیکایەت بلێتەوە!»

جوولەجوولێکی بێ وزەیی کرد: «شەوێکی چەندە دوور و درێژە! چۆن دەتوانم خووی پێ بگرم؟ بلێی بتوانین... هیوادار بین کە دەتوانین لە دڵی ئەم شەوەدا تۆوی بەیانێک بەدی بکەین؟»

«نا، چما مردن بێج لە ناهومێدی نییە، تۆوی مردن هەر لەم بیرەوەرییە گازگرەی کە لە ڕۆژ و ڕووناکایی لە یادی منا ماوەتەوە، هەوێن و قەوارە دەگرێ - ئەرێ وایە - هەتا لە چواندن و شەباهەتی هەتاو لەگەڵ خەست و خۆڵی تاریکاییەکی ئاوادا، مردنێکی بەردەوام لە گشت دڵی دوورەچاوی خۆمدا تاقیکەمەوە...»

«ئەه-! چ تاریکاییەکی قورسە! وەکو لێفەکۆن وایە، لە لێفەیەکی چەتایی (جاو) دەچێ...»

ئەمەش بەختەوەرییە، کە لە پاش مردن، ئیدی بەشەر، بارە کوودی لە گەڵدا نامێنێ...

بەڵام ئەم چەشنە کێشە گەلە لە بیرەوەریی مردۆکاندا، چۆن دەتوانن هۆی ڕەزامەندی و شادمانی بن؟

لە دۆخێکدا کە مردوو، بێج لە گەزینی نائومێدییەکی بەردەوام نییە، بێج لە چواندنی بیرەوەری توندی هەتاو، لە تاریکاییەکی ڕەهادا نییە.

«بەڵکو ئەوانەی لە ژێر گوشاری چاخ و خول و سەدەکاندا هەپروون هەپروون بوون، هەموویان لە تاریکایی ئەم وڵاتە نامۆیەدا گیانیان وەبەر هاتبێتەوە.»



«بەڵکو ئەم ئەستێرە مردوانەی کە وەبەر چاوی من نایەن، چاوانی تاریکی ئەو ون بووانەن. ئەم خاڵە ڕوون نییە. بەڵکەم کەمتەرخەمی لە لایەن چاوەکانی منەوە بێ. ئێمە چووزانین کە بێجگە لە ڕووناکایی چاوەکانی من گشت شتێک لە هەمبەری هەپروون بووندا نییە؟ - هەر لە بیلبیلە ڕەش و لێڵەکانی چاوڕا، تا هەسارە سپی و ڕووناکەکان و تەنانەت تا هەتاوی گەورە و نوورپڕژێنیش -»

«بەم پێ و دانگە، ئەی چۆن و لە بەر چی دەستەکانی من پەنجەکانی یەکدی نادۆزنەوە، لە حاڵێکدا کە لەم بەپێ و شوێن گەڕانەدا، جووڵانەوەی ئەوان وەکو بیرەوەرییەکی سارد هەست دەکەم و بەوەیدا کە نینۆکی قامکەکانم لەگەڵ تۆقلەکانی هەوادا لێک دەکەون -ئەو تۆقلە مەسخ و خزانەی هەوا کە ساردم دەکەنەوە؟»

«ئەوە بۆچی قامکەکانم ناتوانن بەڵگی گوێچکەکانم لەمس کەن، بەڵام دەنگی کۆک نەکراو و پچڕ پچڕی ئەو مێش و مەگەزەی کە دەیەوێ بەمن بسەلمێنێ کە ڕۆچوونی هەتاهەتاییم بەرەو قووڵایی چاخ و خول و سەدەکاندا دەستی پێکردووە، ئەمە دەتوانم ببینم»

«ئەی بۆچی لاقەکانی من هاکا لەو عەرزە ڕەقە دەکەون،، دەنگێکیان لێوە نایە، بەڵام سووک بوون و بێکێشی هەبوونی خۆم بەسەر ئەو دوو قاچەوە، دەتوانم بەسانایی هەست بکەم و بەسەر عەرزی نارێک وپێک و بەرز و نەویشدا ئەئاوا بەچالاکی هەڵبەز و دابەز دەکەم؟ نا، من سەرەندەری ئەم بارودۆخە و ئەم کارە ناکەم...»

بلێی واتای بێ-بەزەیی ئەم گرانییە بێ ئاوازەی کە ئەم مێش و مەگەزە بێ-نیشانانە بەدەنگی پچڕپچڕ و کۆک نەکراوی خۆیان بەچپەچپ دەیلێنەوە ڕاست بێ؟ بلێی لە ڕاستییدا چوونە ناو قووڵایی چاخ و خول و سەدەکانم دەست پێکردبێ؟»

»بلێی ئەم گاڵتە بازارە پڕ هەوڵ و تەقالایە گەیشتبێتە کۆتایی و

ئاکامی مەترسی هێنەر و لە خۆڕایی و بەبێ کۆتایی خۆی لە داهێلانێکی هەتا هەتاییدا دەست پێکردبێ؟»

«بڵێی ئەوەندەی ئەم خەڵکەم ئازار دا و ئەوەندەی تاڵی و سوێریم چێشت و تەواوەتی ئەو زوڵم و زۆرەی کردم و تەواوەتی ئەو زوڵمانەی لێیان کردم، بۆ ئەوە بوو کە لە «من»ی نادیاری مندا بیرەوەرییەکی بێدەوام لە هەتاوێکی تۆخدا وەکۆ بێتەوە، هەتا لە هەمبەر کردنی ئەودا لەگەڵ ئەو تاریکاییە کە ئەوەتانێ من لە وێدا، مانوو و خەواڵوو وەخۆ هاتوومەوە، ئاواتی کاتی سپێدەی قاوغی بێ سنوورم لە ئەشکەنجەی نائومێدییەکی ئەبەدیدا لیپاولیپ دەکات؟«

«بڵێی لە قووڵایی زەمەندا حەوا درێم و قاچە پڕهێزەکانی سەدەکان، گۆڕەکەم پێشێل کەن و تەختی کەن؟»

«– بەرهەمی گشت ئەمانە چییە؟ ڕاستیی گشت ئەمانە چییە؟»

– «ئاخەر چی؟ ئاخر چی؟ ببڕای ببڕ خوو و خدەم نەگرت سەرەندەری ئەم فڕوفێڵانە بکەم»

«بڵێی جارێکی دیکە «با»یەکان و ڕووناکییەکان و گشت ئەو شتانەی هەوێنی ڕۆح و ئەوین دادەکێشنە خوارێ و تەناف پێچی دەکەن، لە دەوری «من»ی ونبوو و مردووی من نەئاڵێن و دیسانەکە من بەرەو ژیان نەگێڕنەوە و من کەڕەتێکی دیکەش نەتوانم لە دەست مەترسیی وێنەی مەرگ هەڵلەرزم؟ بڵێی بتوانم کەڕەتێکی دیکەش، هەزار کەڕەتی دیکەش سەرمای مەرگ لە مۆغەرەی پشتمدا هەست بکەم؟ بەرهەمی ئەم یاری و کایەیە چییە؟»

لەسەر شوێنەکەی خۆیدا بەبێ وزەییەکی تەواو جووڵایەوە: «ئۆف! چ شەوێکی دوور و درێژە! زۆر چەتوونە بتوانم خووی پێ بگرم!»

ساڵی نووسین ١٣٢٩ (١٩٥٠)



## پیاوان و بۆریاکان

کت–وپڕ گزم هەستا باوکم قاوکەم، ئاوێنە لە بەر ڕوخساریدا ڕاگرم، تووکی سەر و ڕدێنی خۆی پێ نیشان دەم و پرسیاری لێ بکەم: باوکە؟ جا چۆن؟ مەشهەدی قادری سابوون پەز تەمەنی لە تەمەنی تۆ زیاترە، مەگەم وانییە؟ ئەی بۆچی تووکی سەر و ڕدێنی تۆ زووتر لە هی ئەو سپی بوون؟ سەیرە! ئاخە خۆ تۆ هێز و تواناشت بوو... تۆ هەتا ئەم دوێنێ و پێرێیە قەدارە و دەمانچەت لە نێو قەدت دەبەست... ژیان دەیتوانی چ گوشارێکت بۆ–بێنێ؟ کێ دەیتوانی زوڵم و زۆرت لێ بکا؟ چ خەم و خورپەیەک دەیتوانی تووکی سەر و ڕدێنت بەم چەشنە سپی بکا؟... ئاخە من زۆر چاوەڕوان بووم تۆ لەم ڕۆژانەدا تووکی سەرت لە فڕ بدەی، ڕەنگیان کەیەوە، فۆکل و کاکۆڵ لا بدەی و... ئاخە ئەی بۆچی لە ناکاودا بەجارێ تووکی سەرت هەڵوەرین و ئەوەندەی ماوەتەوە سپی بووە؟ بەڵام باوکم وەکو هەمیشە کە دەچێتە حاڵی فیکرەوە، دەستی کرد بەکورت کردنەوەی نینۆخەکانی قامکە گەورەی دەستی، تا بەدیانە ڕزیوەکانی دایانتاشێ. وەڵامی منیشی نەداوە، تەنها چرکەیەک دوان – ئەوەندەی کە بتوانێ بەچەشنێکی ئاسایی مژۆڵ لێنەدا – لە چاوەکانی من ورد بۆوە. ئەو کاتەش کە مژۆڵکی لێدا، حاڵی تێکچوو. سەری شۆڕ کردەوە و لە نینۆخی قامکە گەورەی ورد بۆوە کە خوێنی لێدەتکا و قامکی نایە نێو زاری و مژی و مژی و مژی. لە پاشان دەری

هێناوە و فووی لێ کرد و زۆر گڕ و هێور و بوغزاوی پێی وتم: "بۆ شێو چی بخۆین؟" لە دڵمدا وتم: "گاڵتەیە! دەتوانین چی بخۆین؟"

بە بێ ئەوەی قسە بکەم بەم چەشنەم وەڵام داوە. ئەمەم لە دڵما وت. لە پاشان سەرم وەرسووڕاند و لە پشت پەنجەرەوە سەیری باخی جیرانەکەمانم کرد. بارانی گەرمی هاوینان، –بە خرمە خرمەکەیەوە دەتووت ئاهەنگێک بەبێ بەرزی و نزمی لەسەر کلیلەکانی خوارەوەی پیانۆیەک دووپات دەکاتەوە و لە بەستێنی ئەم دەنگە تیژانەدا؛ گەڵای پانی چنارەکان و گوڵە هێرۆکانی،– بەدەنگێکی گڕوکپ، بەو دڵۆپە بارانانەوە دەلکاند کە لە نێوەڕاستی باغەکەدا دادەکەوتن.

لە بێدەنگیی دوایین ساتەکانی ڕۆژئاوادا کە شەو لە نێوان شمشادەکان و لاولاوەکاندا کۆم دەبۆوە، گوێم دایە هەڵڵا و زەنای بەختەوەرانەی میوانەکانی جیرانەکەمان.

باوکم چراکەی ڕاوەشاند، بەڵام گڕی نەدا و هەڵی نەکرد. دەتوت نەفتی نییە. نەمتوانی لەو تاریکانەدا سەرەودەری چاوەکانی بکەم. هەر لەم کاتەدا لە زەلکاوی شانی چارداخی باخی ماڵە جیرانەوە، دەنگی ئەو قربۆقەی جووتەکەی خۆی بانگ دەکرد، بەو نۆتە درێژ و بێ مەبەستەوە، تەواوی ڕووداوەکەی بەسەر تاریکاندا، بەسەر فرمێسکی گوماناوی باوکمدا،– بەسەر کووزە لێوە کەتەکەدا، بەسەر پەردەی قەڵەمکاردا، بەسەر ئەو زیلۆیەدا کە دەیتوانی جێگای یەک دوو کەسی لەسەر ببێتەوە تا لەسەر خاک–وخۆڵ دانەنیشن، بەسەر تەواوی ئەو خەم و خورپەیەدا کە منی بوومەتێ – تەنانەت بەسەر بیرەوەری تەم–ومژاوی منداڵەکانمدا تۆمار دەکرد؛ دەوامە و درێژەی خۆی بەفیکری منیشەوە گرێ دا تا ئەو کاتەی کە لە ناکاودا خۆی وەکو هەودایەکی لاستیقی وەخڕکاتەوە. فیکری منیش لەگەڵ خۆیدا بکێشێتە زەلکاوەوە... .



– ئەها! ڕەنگە ئێستا بۆریایەک کەوتبێتە ناو ئەم زەلکاوەوە و خەریکە دەڕزێ... ڕەنگە کەسیش نەیبینیبێ، یان چما بشیبینێ لەو ناوە دەری نەهێنێتەوە. لێیگەڕێ ئەوەندە لەو ناوەدا بمێنێتەوە هەتا بڕزێ...

زۆر ناڕەحەت بووم. لە بەرچی کەوتۆتە ئەو ناوەوە؟ یانی بۆخۆی دڵی پێوە بووە؟

تەماشایەکی باوکمم کرد، لە پاشان تەماشای خۆم کرد:

– ڕەنگە کەسێک بەزۆری لەو ناوەی هاویشتبێ. یان ڕەنگە هەر ڕۆحیشی هەواڵی نەبووبێ کە ئەوا بۆریا و جەگەنەکانی دیکە خەریکن گوڵ بکەن... ڕەنگە وای بۆ چووبێ کە ژیان هەر ئەم ڕزین لە ناو زەلکاوە دایە، بەڵام... کەوتمە گومانەوە:

– بێت و بۆخۆی بەچاوی خۆی بیدینێ،–یان قربۆقەکان پێی ڕاگەیەنن کە جەگەن و بۆریاکانی دیکە هەموو ساڵێک گوڵ دەکەن،–یەکدی لە ئامێز دەگرن، زیاد دەکەن و زۆر دەبن... ئەو کاتە چی؟ دەتوانێ خۆی لە زەلکاو دەربێنێ؟ یانی چما بینی هەر لەم زەلکاوەدا کە خەریکە ئەو دەخنکێنێ، ئەوەتانێ هاوڕێکانی دیکەی خواردەمەنی لێ وەردەگرن، بڵێی بتوانێ لە داخی ئەویش بووبێ خۆی هەڵکێشێتە سەرێ؟... نا! حەتمەن قوڕ ولیتە پێوەی دەنووسێن، ناهێڵن... شەو لە ناو باغدا و لە ناو ژوورەکەدا دەماسی، دەتوت باران بەسەر دوایین کلیلەکانی پیانۆکەیدا دەکوتا. من فیکرم دەکردەوە: جەگەن و بۆریا لە زەلکاودا دەڕزێن و تووکی سەر و ڕدێنی باوکم سپیتر دەبێ.

هاوینی ١٣٢٨ (١٩٤٩)

# ٣ سەعات و ٢٢ دەقیقەی بەرەبەیان

لانی کەم وەکو ڕۆژ بۆخۆم ڕوونە: ئەو شتەی منی ئاگەداری وەژوور کەوتنی ئەوان کرد، شتێکی ئاسایی -وەک بیستنی دەنگی لاقیان- نەبوو. (وتم وەژوور کەوتنیان، کەچی دەبایە بموتایە حوزووری ئەوان). دەسا کاتێ ئەو هەراسانییە سەیر و سەمەرەیە لە مندا سەری هەڵدا - یانی کاتێ هەستم کرد دەڵێی بێج لە خۆم، کەسانێکی دیکەش لە ژوورەکەم دان - زۆر زوو سەرم هەڵێنا و ئەوانم بینی، هەرسێکیان بەمتمانەیەکی تەواوەوە لەسەر مۆبیلەکان و لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون.

نەخێر، دەنگی شەقاوی ئەوان، یان ئەو دەنگە دەنگەی بەشقەم لە کورسییەکانەوە هەستابێ نەبوو، کە لە وەژوور کەوتنەکەیان ئاگەداری کردبووم. هەر بەهۆی هەراسانییەکی توندی ڕۆحییەوە بەحوزووریانم زانیبوو، کاتێ ئەوانم بینی (بگرە ماوەیەکیش لە وەژوور کەوتنەکەیان تێپەڕ بووبوو) ناخافڵ لە دڵما وتم: "ئاخری هاتن". ئەو ئاگەدارییە زەقەی لەم ڕستەیەدا بوو خۆبشمی هاویشتە سەرسووڕمانەوە. چونکە بێج لەوەی هیچکامیانم نەدەناسی و لە مەوبەر نەمدیتبوون، لە ڕاستیدا ئەو شەوە چاوەنواڕی کەسێکیش نەبووم. ئەم ڕستەیەی «ئاخری هاتن» [کە، وتنەکەی زارمی پڕ کرد لە تامی تاڵی «کار لە کار ترازا» حەواڵەی پێشینەیەکی پڕی کردم] و لە خۆمی خستمە گومانەوە. لە خۆما جۆرە



فروفێڵێ، یان جۆرە دوانە بوونێکم هەست پێ کرد. شوێنێکی پڕ لە گومان لە ڕۆحما پێکهات، وەکو ئەو کاتەی گەمارۆدراوەکانی بەئەژمار کەمی ناو قەڵایەکی چکۆڵانە گومانی هەبوونی غایەنێک لە نێو خۆیانا بکەن. یان لە شەرمەزارییا [بەم هۆیەوە کە پێشتر لەسەر «بەڵام» و «چما» و پێشهاتەکانی دیکەدا فیکریان نەکردبۆوە]یان لەسەر ویستنی تایبەتی خۆیان بەشوێن مەشق و دەورە کردنەوەدا -دەورە کردنەوەی زۆر - لە هەر دۆخێکا،- هیچکام لەوان ئەم سەرسووڕمانەی پێوە دیار نەبوو کە بزانن دیداری ناخافڵی ئەوان لەم نیوەشەوەدا دەمهاوێتە چ دۆخێکەوە - لە ترسان یان لە سەرسووڕماندا، یان لە هەردووکیاندا. بەتایبەت وەژوورکەوتن بۆ ژوورێک کە وەژوورکەوتن بۆ ئەوێ ناکرێ و نابێ، مەگەم لە دەرگای گەورەی دەرەوە بدەن، بەشەقامی خیزڕێژی باخەکەدا تێپەڕ دەبن، ئەویش بێتوو باخەوانەکەم لە ترسی هێرشی ئەو سەگە دڕندانەی شەوانە بەدەوری بیناکەدا دەگەڕان، بیانپارێزێ و لە پەیژە پانەکانی بەردەم بیناکەوە سەرکەون، دەرگای کاریدۆرەکە -چما قوفڵ نەبێ - بکەنەوە و لە کاریدۆرە دوورودرێژەکەی شانی ڕاستی بیناکەوە تێپەڕبن، «فیکرم کردەوە: لە یادم بێ سبەی پێیان بڵێم تەختەی عەرزی کاریدۆرەکە چاک کەنەوە، ئەوا ئەمڕۆ دەنگەکەیم لە کاریدۆرەکەوە گوێ لێبووە!»

نا، ئەم وردبوونەوەیە بەهیچکامیانەوە دیار نەبوو تاکو بزانن لەم شەوە ناوەختەدا، دیداری کت-وپڕیان چۆن بارودۆخێ بەسەرما زاڵ دەکا. یەکیان سیگاری دەکێشا و تەماشای بازنەی دووکەڵەکەی دەکرد کە لە حەوادا دەخولاوە و هێور هێور لە چەشنی تاڵە هەورێشمێ لێکدەرەوییەوە. «یانی لە پاش وەژوورکەوتن بۆ ژوورەکە و پان بوونەوەیان بەسەر مۆبیلەکەدا سیگارەکەی داگیرساند؟» ئەدی چۆن دەنگی شقارتە هەڵکردنەکەییم نەبیست؟ ئەوی دیکەیان هەر وەکو تەماشای بن میچی سپی ژوورەکەی دەکرد، بەپەنجەکانی دەستی ڕاستی لەسەر دەسکی ئەو مۆبیلەی وا لە

سەری دانیشتبوو،-ئاواز و ئاهەنگی گرژی والسێکی بەیاسا و ڕێساوە دەژەنی. «ئەحسابی نارەحەتە/ - زۆر بەدوور نییە/ شتی وا هەرگیز نابێ؟» ئەوی دیکەیان،-لە نێو خوێندنەوەی ڕۆژنامەی شەویدا نقووم ببوو.

«ئەرێ، بەڕاستی خۆ نۆکەرەکەش لە ماڵ نییە - ئەمەیان دەزانی؟ - حەتمەن زانیویانە!» لە ماڵەوە نەبوونی نۆکەرەکەمم بەبینینی ڕۆژنامەکەدا وەیاد هاتەوە: ئەو کاتەی دەڕۆیشت، لە نێوەڕاستی کاریدۆرەکەوە گەڕاوە و لە بەر دەم دەرگاکەدا وتی: «ڕۆژنامەی ئێوارەم لەسەر میزەکە داناوە، بەڵان کلیلی کاریدۆر-ەکە لە لای بەندەیە. ئەرێ ئێوە کلیلەکەی خۆتان پێیە؟» گیرفانەکەم گەڕام، کلیلەکەمی تیابوو. پێکەنیم و لە بری وڵامدانەوە کلیلەکەم پێ نیشان دا.

وتی: «ئاغە، لەسەر ئیزنی خۆتان» ڕۆیشت. ژنەکەی زابوو. «ئای نەفرین لێکراو! هەتا سبەی ئێوارەش ناگەڕێتەوە!» هیچکامیان نیگا کردن و سەرسووڕمانی منیان وەرنەگرت... خێرا ئەم گومانەم بۆ هاتە پێش «خۆم چاوەنواڕیان بووم» - بەڵام خۆ من ئەم ئاغەگەلە ناناسمەوە! - دەیجا دەبێ دز بن. - «ڕەنگە بڕێکیش شێت بن... ئەم ئاغەگەلە بێج لەمانە لە هەموو شتێ دەچن، بێج لە دز!» بۆچی بەگژیاندا نەچم و هۆی ئەم وەژوورکەوتنە سەیرەیان لێ نەپرسم؟»

شوورەیی وەڵام دانەوەی ئەوانم بەم پرسیارە،- بەسەر خۆم نەهێنا و وەڵامێکی ساز و حازرم کە لە ناخدا بوو، وەلا نا. ئەمە ئاشکرا بوو چما شتێکم لەوان پرسیبایە، -وەڵامێکی شیاویان نەددامەوە و بۆی دەچوو لە ئاکامدا تووڕەش بم و گەرم دابێم و شتێکی ناحەز بڵێم یان شتێکیان تێهەڵکەم؛ سووکایەتییان پێ بکا و ئەم کارەش بیانوویەکی باشیان بۆ بڕەخسێنێ.



(من لەمبەرەوە، لە پشت مێزی کارەکەم دانیشتبووم و لە پاڵ بەرگی دەسنووسی ئەو کتێبە کە خەریک بووم بۆ ئاخر کەڕەت پێیا دەچوومەوە، بڕێک توێخڵە سێو و نێوکە کۆخ و چەند قوونچکە سیگارێک کەوتبوو!)

هاتبوومە سەر ئەوەی چما نیگام لەگەڵ یەکێ لەواندا تێک-گیرا، بزەییێکم بێتێ، داوای لێبووردنیش بکەم کە ئاگەداری وەژوورکەوتنیان نەبووم، هەروەها پرسیاریان لێبکەم چما ئیشتیای چایی یان قاوەیان هەبێ، لە چەند دەقیقەدا بۆیانی ساز بکەم. بەم مەبەستەوە کۆکەیەکی بڵندی سەرنج ڕاکێشەرم کرد. سەرم هەڵبڕی و ئانیشکەکانم نایە سەر مێزەکە. بەڵام سێ زەلامەکە لەو بارودۆخەی تیابوون،- هەر نەترازان. تەنها ئەوهەیان وا سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆژنامەکە بوو،-پەڕەیەکی هەڵداوە. سەرم داخست و لە خۆڕا وامدەنواند لەو پەڕی بێ-خەیاڵیدا سەرقاڵی کاری خۆمم و، حوزووری میوان بۆ من، وەک ئەوەی مێشێکم میوان نەبێ، وایە و بەهیچ لەونێک هەستی شێواویم نییەو، بێج لە مەش، چما ئەم ئاغا بەڕێزانە بەهەڵە گومانیان کردووە کە بەم گاڵتە و گەپە بێتامانەیان توانیویانە تۆزقاڵە ئازابێک بۆمن ساز کەن، باشتر وایە متمانەیان هەبێ بەبێ لەسەر ڕۆیین، لەسەر جیهاندا لە هەموو کەس گەمژەترن، باوەکو من ئێستا کە ئەم قسانە لە زەینمدا بەوان دەڵێم، دەبێ متمانەیان هەبێ کە لەم وتەمدا لەگەڵ ئەوان، هەر چۆنێک بێ، بێج لە پیاوەتی و ئازایەتییەکی تەواو، هۆیەکی دیکەمی تیا نییەو حازرم بەنێوچاوی خۆشیاندا بنەڕێنم و بەبێ-هیچ ترسێک پێیان بڵێم سێ کوچکەی ئەم ئاغەگەلە هەرە گەمژەتر بەشەری سەر ڕووی جیهانن و تەنانەت دەتوانم هاوار بکەم ئەمە ڕوک-وڕاست-ترین و زەقترین بیرۆکەیەکە، کە تاکو ئەم سەعاتە توانیومە لە تەمەنمدا هەمبێ...

هەر بەم هۆکارەوە دوو هێلێی پڕ ڕەنگم هێنایە سەر گووپەکانم و وێنەی

لاواز و بێ هێزی بزەیەکم نایە سەر لێوەکانم. بەڵام بۆخۆم باشترم دەزانی سەرقاڵی بەفریوبردنی کێم و بۆخۆم باشترم دەزانی لەم خۆ ئازا نواندنە زەینییەدا چ خولقێکی ترسنۆکانە و بەتایبەت چ خۆلادانێکی دیپلۆماتانە لە «بیانوو بەدەستەوە دان» نوستووە! دەسا لێوەکانم کە بەو هەموو خۆ نواندنەوە بزەیەکیان لەسەر نیشتبوو، وەکو لفکەییێکی کە جیرێکیان بەدەوریدا کێشابێ، کۆ ببوونەوە.

لە ژێر چاوڕا تەماشایەکی سەعاتە دیوارکۆیەکەم کرد: ٣ سەعات و ٢٢ دەقیقەی مابوو بۆ بەیانی. بەفیکرمدا ختووری کرد: «بەشکەم هەواڵیان بووبێ کە ئەمشۆ نۆکەرەکە دەچێتە وچان و پشوودان».

– چما دەکرا بەهەر لەونێک بێ، بزانم چ مەبەستێکیان هەیە! بەڵام بارودۆخی ئەوان ئەم هیوایەی بەدەستەوە نەددا کە لە ئاخریدا بەتەمای ئەوە بن – کە چ ئێستا چ سەعاتێکی دیکە، یان هەر کاتێک بێ –تەنها وشەیەک قسە بکەن.

«نەگریسەکان! بەلەعنەت بن! چما تەنها وشەیەکتان قسە دەکرد!» «چۆنە بۆی دەرچم و ڕاکەم» – «چۆنە لە ناکاودا هەڵبەزمەوە، دەرگا ئاواڵەکەم و هاوار بکەم؟ یاخۆ سەرم لە پەنجەرەوە بەرمە دەرێ و داوای یارمەتی بکەم؟» بەڵام بارودۆخی ئەوان؟ ئەوەندە پڕ متمانە و ئەوەندە بەهێز و زاڵ بوون، نەبێتەوە!

بەداخەوە بەلیباسەکانیشیاندا هیچ ڕوون نەدەبۆوە: کەسانێک هەن لە بەر تێرکردنی تەماح و تەماکانیان ئەرکی گرینگ و ئەوتۆ بۆ دیتران پێکدێنن، ئەرکی گرینگی ئاینیی یان نەتەوەیی یان ویژدانیی. ئەمانە حەتمەن لەوان نەبوون. چونکە ئەوان خۆیان هەرگیز دەست لە هیچ کارێک نادەن. کەسانێکی دیکەش هەن کە «سک برسی»ن و بۆ تێرکردنی سکی خۆیان شتێک لەو »ئیشتیا برسییانە وەردەگرن تاکو لە بری–دا بەچوار چاو



ئاگەداری بەجێهێنانی ئەرکی دیتران بن. ئەوانە لەو تاقمەش نەبوون، لە بەر ئەوەی کەسانی ئەم تاقمە نەک هەر سەر و پۆتراک و جل–وسیپاڵیان لەگەڵ ئی دیتراندا جیاوازە، کەچی جۆرێکە چما ڕووتیش نەبن، بەشەر ئەوانە بەو دۆخە تایبەتەوە «لە ژێر چاوڕا چاودێری کردن» دەتوانێ بناسێتەوە. ئەمانە لەو تاقمەش نەبوون.

متمانەم هەیە. زاڵ و پڕ متمانە. بەخەیاڵی ئارخەیانەوە دانیشتبوون و بێدەنگی و نەجووڵانەوەکەیان ئێخسیر و هیوابڕاوی دەکردم...

دەیانتوانی بەبزووتنەوەیەک،–بە کێردێک یان بەگوللەیەک بمکوژن. دەیانتوانی لە چەند چرکەساتدا ماڵەکە وەکۆ بکەن، یا خۆ من ڕووت کەنەوە و بەپێ–وشوێنی کاری خۆیاندا بڕۆن. بەڵام ئەم چاوەنوارییە کوشندەیە، ئەم پشکنینە بێ بەزەیانەی بەسەر پەرێشانی و هەراسانی مندا دایاندەسەپاند، شتێک بوو کە وردی دەکردم، شتێکی لە توانا بەدەر بوو. شتێکی ناپیاوانە بوو.

وتم: «بەرێزان! دەکرێ بڵێن دەتوانم چ خزمەتێکتان پێ بکەم؟» یەکیان نیگایەکی کاتژمێرەکەی کرد، زۆر ئاسوودە بەسەر مۆبیلەکەدا پان بۆوە و پێڵووەکانی قووچاند.

وتم: «ڕەنگە پێویست بێ بەو ئاغایانە ڕاگەیەنم نە چلۆنایەتی وەڕووکەوتنیانم بەدڵە و نە ئەو کردەیەی کە بەم بێدەنگ بوونەتان وەبەرتان داوە. من دەتوانم سەبارەت بەچۆنیەتی وەڕوورکەوتنی ئاغایان شتێ نەڵێم و لەم بابەتە نەپرسمەوە، بەڵام ئەم بێدەنگ بوونەتان، لە بڕێ کاردا کە ڕەنگی گاڵتەشی نییە، ڕەنگبێ بڕێک هەڵە بێنێتە پێشێ و خەسارەیەکیش بخاتە ئاراوە کە من لێرەدا بۆ درێژەوەنەبوونی قسە، بەو پەڕی داخەوە لە گێڕانەوەی ئەم نموونە بێ ئە ژمارانە کە لەم بابەتەدا لە یادم دایە خۆم دەبوێرم و هەر ئەوەندە بەیادی ئاغایان بێنمەوە چ ڕووداو و

قەومانێکی دڵتەزێن هەموو شەوێ لە بەشی ڕووداوەکانی ڕۆژنامەکانی شاری خۆماندا وەبەر چاو دێت، هەر بەوەندە قنیات دەکەم...

«کورتی ببڕینەوە، من بۆ بیستنی فەرمایشی کاملّی ئاغایان حازرم و هەروەکو ڕەسمیی داییم و دەرهەمی من بووە، بۆ ڕوون کردنەوەی زۆر زووی کێشەکان کە حەتمەن بەری زۆر ڕووداوە دەگرێ کاتی پڕ بایەخی خۆمتان بۆ تەرخان دەکەم. هەر ئەو کاتە پڕ بایەخەی کە بەبێ هیچ داشکانێ دەتوانێ بۆ ڕێگەی خزمەتێکی کۆمەڵایەتی پڕ بایەختر تەرخان بکرێ»

مژوولیایشە پڕ لە شات و شووت و خۆ نواندنەکەم هیچ وڵامدانەوەییێکی نەبوو. ئاو لە ئاو نەکەوت و کەسێ سێن تا شێن قسەی نەکرد. تەنانەت بەر لەوەی قسەکانم کۆتایی بێ ئەم بابەتەم بەزەینا هاتبوو. ماوەیەکی باش چاوەڕوان مامەوە. سیگارێکم داگیرساند و لە خۆڕا کوژاندمەوە. لەگەڵ خۆمدا وتم:- »هیوا بڕاویان کردووم!«

دیسانەکەش تێکۆشام سەرقاڵی ڕاستکردنەوەی کتێبە دەستنووسەکە بم. دوو لاپەڕە، پێنج لاپەڕە، هەشت لاپەڕەی کتێبەکە بێ ئەوەی بیخوێنمەوە، پێیدا دەچوومەوە: (مشتێ شتی قۆڕ!) خەتێکم بەسەر هەموویاندا هێنا: (گەوجانەیە، دەبێ ئەم بەشە هەم دیسان بنووسمەوە)

هۆش و گۆشم باش خڕ کردەوە. یانی لاسایی کەسێکم کردەوە کە هۆش و گۆشی تەواو وەکۆ کردۆتەوە. پێنووسم هەڵگرت و دەست بەکار بوومەوە. بەڵام کاتێ ویستم پێیاندا بچمەوە، شتێکی وەکو خەتە بزمارەی لێدەرچوو کە نەمدەتوانی بیخوێنمەوە. «شێت بووم!» پێنووسەکەم ناوە سەر جێگەی خۆی:- «ئاکامێکی نییە!»لەتێ توێخڵە سێوم خستە نێوان ددیانەکانم و گوشارم دا. ئەو سووتووە سیگارەی پێوەی نووسابوو، تامی نێو زارمی ناخۆش کردبوو. بێ ئەوەی حوزووری ئەوانم لە بەر چاو بێ تفم بەسەر تەختی عەرزی ژوورەکەدا کردەوە.



وتم: «ئیدی کارێک ناکردرێ» کەڕەتێکی دیکەش تەماشای دیوارەکەم کرد: «کاژێرەکە هەمیسان ٣ سەعات و ٢٢ دەقیقەی بۆ بەیانی مابوو.» سەیرە!-تەماشای ئەو گەمژەیە و ئەم وچان چوونە ناوادەیەی! کەڵەشێری ناوادە! لە یادی چووە کاژێرەکەش کۆک کات!

«سیگارێکی دیکەشم هەڵگرت، بەڵام بەبێ ئەوەی دایگیرسێنم لە ژێر سیگارەکەدا فلیقاندمەوە:- »ئاکامێکی نییە« هەستام،-لە پشت مێزەکە ڕۆییمە ئەو لاوە، بەرەو دەرگا چووم و وتم: »فەرموون با بڕۆین ئاغایان، لە ئیختیاری ئێوەدام»

زۆر گران لە جێگەکەیان هەستان و بن باسکمیان گرت. بەکاریدۆر-ەکەدا، لە پلیکانەکانەوە،-بە شەقامە خیزڕێژەکەی بەردەم بیناکەدا تێپەڕ بووین. سەگەکان لوورەیەکی درێژیان کێشا، بەڵام نەهاتنە پێشێ. کە گەیشتینە بەر دەرگای باخەکە، وەرسووڕام و تەماشای لای بیناکەم کرد و وتم: »چراکە ڕۆشن ماوەتەوە«.

ساڵی نووسین ١٣٣٦ (١٩٥٧)

## دەرگاکان و... دیواری گەورەی چین

دەرگا شتێکی بەدفەڕە، من سەبارەت بەدەرگا زۆر تێفکریوم. هەر بەگومان و شیمانە و لەمە زیاتر، هەر بەبۆنەی هەبوونی دەرگاوەیە کە مرۆڤ بەدەوری مەڵبەندێکی دیوارکراودا دەگەڕێ...

چما هەبوونی دەرگا لە گۆڕێدا نەبایە، دیوارەکان زۆر بەجوانی و بەباشی دەیانتوانی مانای »بەربەست« (یان بەوتەیەک واتای «لەمپەر») بەچاکی و بەپەسنی بگەیەنن و بۆ هەتا هەتایە، هەتا ئەوپەڕی دونیا لەسەر ئەم مانایە ڕاوێستن. هەمیسان لەم دۆخەدا،–هەموو دیوارێک دەیتوانی بەچەشنێکی ڕەها »متمانەیەکی مەنفی« هەبێ و هەر ڕێبوارێک لە حاندی ئەودا ئەرکی خۆی بزانێ...

بێت و دەرگا–کان نەبایەن، هەموو دیوارەکان دەیانتوانی بەبێ چالاکی و کەمترین تەقەلایەک تەواوی واتاکان و چەمکی ئەو «لەوح و بەردەنووسشە ناهومێدکەرەوەیە بگێڕنەوە کە «دانتێ» بەسەر دەرگای دۆزخدا دایکوتابوو. بەڵام بەداخەوە دەبێ پێی لێ بنێین کە دەرگا–کان،– واتایەکی ئاوا یەک لایەنە و »پەسن«یان لە دیوار سەندۆتەوە. بێجگە لەمانەش، دەرگا میکرۆبێکی ئۆباڵی تەواو عەیارە، کەسایەتی دەرگا تەنها پێوەندی هەر بەکەسایەتی دیوارەوە هەیە،– بەڵام بەهەبوونی دەرگا–وە هەر وەکو وتم – کەسایەتی دیوار ئیدی ئەو توند و تیژی و ڕەهابوونە پەسنەی نامێنێ.



دیسانەکەش وێڕای ئەمانە، چما «دیوار» نەبایە، لە تەواوی جیهاندا هیچ شتێک بێ کەڵکتر و گاڵتەجاڕتر لە «دەرگا» دەست نەدەکەوت. باوەکو من زۆر لە شێوەکاری نازانم یان هەر بەجارێ لە شێوەکاری ناشارەزام، زۆر بەسانایی و بەبێ هیچ زوور و زەحمەتێک دەتوانم قەوارەی دەرگا–یەکی ئاوا ڕەسم کەم:

چ شتێک گەپجاڕتر و گاڵتە ئامێزترە لەو دەرگا–یەی تێدەکۆشێ بۆ خۆی سەربەخۆ و جیا لە دیوار کەسێتییەکی هەبێ؟ وێڕای ئەمەش ئەو دەرگا–یەی پاڵی بەدیوار–ێکەوە نەدابێ، هەمیشە ئەم توانا سەیرەی هەیە کە کێشە و ئەندێشەیەک لە مرۆڤدا قوت کاتەوە...

من سەبارەت بەدەرگا–یەکی ئاوا زۆر تێفکریوم. بڕێ جاریش تێفکرینی من سەبارەت بەو شتەی کە وێنەکەیم ڕەسم کردووە، گەیشتوەتە تێفکرین سەبارەت بەسنوور و شوێنەکانی هاموشۆی سەر سنوورەکان، بەبێ ئەوەی گۆڕانگارییەکی پێویستی حاسڵ و داهات بووبێ. لە ڕاستیدا دەرگا–یەکی سەربەخۆ کە ناتوانێ هیچ شتێکی تایبەت بێ،– ڕێبازێکی زۆر باشە بۆ تێفکرین و لەو چوارچێوەیەوە دەتوانین ڕێ بۆ زۆر شوێن بدۆزینەوە.

هەر بەبینینی «دەرگا–یەک» لە کات و ساتدا هەست بەپێویست بوونی »دیوار–ەکان« دەکەین. بڵێی وێڕای چاو پێکەوتنی دیوارێکیش هەر بەقەرای پێشوو هەست بەپێویست بوونی دەرگایەک بکەین؟

– گومان ناکەم،–یانی لانی کەم لە گوماندام وابێ، یان تەنها شک بۆی دەچێ وابێ! بەڵام بۆ–من زۆر وا نییە. من دیوارەکانم لە دەرگاکان پێ »لۆژیکی«ترە و بڕوام وایە دەرگا–کان هیوایەکی گەمژانە زیاتر نین: بێتوو دەرگاکان کراوە بن تایبەتمەندیی دیوار ڕەفز دەکەنەوە و چما داخرابن تایبەتمەندیی خۆیان دەدۆڕێنن.

دیوار–ێک چما دەرگا–یەکی تێ–گیرابێ،–تاک و تەرا، تەنها

لەمپەرێکە و بەس. هیچ شتێ بەقەرا ئەو دەرگا-یەی کە قفلێکی قورس و قایمی بەخۆیەوە هەڵواسیبێ، لەگەڵ هەبوونی خۆیدا غایەن نەبووە...

«ڕەنگە هەر بەم هۆکارەوە بێ کە ئێمە کۆشکە ڕۆمی و یۆنانییەکانمان زۆر زۆر زیاتر لە بورج و قەڵا کۆنینەکانی شەڕ خۆشتر دەوێ و ڕەنگە بەم هۆکارەوە بێ کە وێڕای وەیادهاتنەوەی ئەو کۆشکە شکۆمەند و پڕ لە ئەستوونانە هەستی ڕزگار بوون و حەسانەوە دەکەین و وێڕای بەیادهاتنەوەی ئەو کۆشک و قەڵا پڕ لە مەکر و فێڵانە ئێخسیری گومان و دڵەڕاوکە و نیگەرانی دەبین؟ ڕەنگە وابێ... نازانم...»

خاڵێکی تریش: ئەم نەبوونی متمانەیەی کە ئێمەمانان بۆ وەژوورکەوتن لە دیوارەکان هان و دنە دەدات... ئەو دیوارە سەربەرزانەی کە لە هەمبەریاندا هەست بەپێویست بوون و هەوجێ بوون بەدەرگا دەکەین... ئەم دەرگا-یانەی کە بەتایبەت دەبێ «جێی متمانە» و هەمیسان بەتایبەت خاوەن «قفڵی قایم» بن...

دەڵێی ژین و ژیان بێج لە نێوان ئەم دەرگا و دیوار-انەدا نییە و نابێ، دەڵێی بێج لە نێوان ئەم گێرە و کێشەیەدا، بێج لەم دژوازییەدا، ئەم داخستن و کردنەوەیە و هەمیسان... داخستنەوەیە نابێ و ناگونجێ:

دیوار کێشان / دەرگا تێکردن و / دەرگا داخستن!

***

دیوار-ی چین، چەندەها کەڕەت و هەر کەڕەتەی بەناوێکەوە بۆتە بابەتی قسە و باس و گوتار. دەڵێن دیواری چینیان بەم بیانۆوە ساز کرد کە ڕێگەی هێرش و هەشاوڵ و شاڵاوی عێلاتی هێرشکاری باکووری ئەو وڵاتە بگرن.

ئەمە خاڵێکی سەیر و سەمەرەیە کە سێ یەکی خەڵکی چین بوونە قۆچی قوربانیی ئەم کارە،- بەڵام ئیزنم بدەن با من بڵێم: »تەواوەتی نەوەیەک«...



چونکە بابەتێکی ئاوا بەهیچ کلۆجێ بەئەژماری فیدایی و قوربانییەکانیەوە هەڵناسەنگێنن...

ڕاستییەکەی ئەوەیە: ئەو شتەی لەم ڕووداوەیەدا تاقمێکی زۆری قوربانی کرد، گریمانەی سەرەکی ئەم کێشەیە،-یانی (هێرشی هێرشکاران) نەبوو. هەروەها ناتوانین بڵێین: لێرەدا تەنها » ڕواڵەتی کێشە«کە جیاوازی هەیە: بەڵکو خاڵی هەڵە کردن لەم کێشەیەدا لەوە دایە کە «بیناسازان»ی دیوار-ەکە و «ئەڵبەت نەک ئەو کەسانەی حوکمیان بەسەریاندا دەکرد» دەرگا-کانیان لەم دیوارەدا چێ نەدەکرد و تێ نەگرت، لە ئاکامدا ئەو کارەساتە دڵتەزێنە سەرەکییە (کە ویستبوویان بە«دیوار کێشان» بەری بگرن) زۆر بەسانایی قەڵافەت و ڕواڵەتی گۆڕا و بەچەشنێکی توند و تیژتر و بەبڕشت-تر، لە قاوغ و قەوارەی هەمان ئەو «ئاوبەند»ەدا کە لە هەمبەریدا هەڵیاندەبەست،- قەوما....! ئاخ! - وای بۆ دەچم ئەمەش چارەنووسی گشت ئەو کەسانەیە کە لە بایەخی دەرگا- غافڵن و بەبێ ئاگادارین.

***

دەمهەوێ بیدرکێنم و پێی لێنێم کە من لە سەرەتای ئەم وتارەدا، سەبارەت بەدەرگا بێ ئەمەگیم کردووە... لەم دیرۆک و مێژووەدا کە ئێمەی بنیادەم پێکی-دێنین، هیچ شتێ بەقەرا ئەو دەرگا-یەی کە بتوانین بەوێدا لە دەست کەسێک یا شتێک ڕابکەین، دەردی ئێمە دەرمان ناکات.

دەرگا-کان پێویستن، بەڵێ زۆر پێویستن. تەنانەت، ئەو دەرگا-یەش کە لە هیچ دیوارێک نەگیرابێ. لەم جیهانی کەلاوڕێژ لە «بێ متمانەیی»یەی کە ئێمەی تێیا دەژین،- دەرگا-کان لە هەموو شتێ، تەنانەت لە «دیواری گەورەی چین»یش - پێویست-ترن...

(١٩٥٧) ١٣٣٦

# ڕەگ و ڕیشەی ڕاستییەک لە چەند ئەفسانەدا

ئەم ڕووداوەیە لە وڵاتی ئێمەدا قەوما، بەبێ ئەوەی هیچکەس لە چەندوچۆن و چۆنیەتییەکەی ئاگەدار بێ:

لە بەرەبەیانی ڕۆژێکدا ئەو (بەلەدێ)یانەی کۆڵان و شەقام خاوێن دەکەنەوە، لە ناو سەتڵێکدا کە ئات و ئاشخاڵ و زبڵەکەیان دەکردە عەڕابە دەستییەکەی خۆیانەوە، بڕێکیان »تەراشە«ی عال و جوان و زەریفی وردکە شووشە دۆزییەوە، بەبێ ئەوەی بزانن چی بووە و بۆچی ئاوا شکاوە،-بە مەخابنەوە وتیان: «"دەڵێی مرکانەیەکی ئەنتیکە بووە،-»با« خستوویە و شکاندوویەتی".

هەر ئەمەندە و هیچی دیکە! یان بەڵکەم شتێکی دیکەش، وەکو »حەیف و خەسار! بەو تەراشە عالەی بڕێ لە وردکەکانی-ڕا شک بۆی دەچێ شتێکی پڕ بایەخ بووبێ!»

تەواوی ئەو باس و خواسەی لەسەر ئەو ڕووداوەیە وترا هەر ئەمەندە بوو. بەڵام ئەوا من دەمهەوێ تەواوەتی ڕووداوەکە بەبێ هیچ دەست تێوەردانێک و بەیارمەتی بڕێ بەڵگەی بایەخدار بۆ ئێوەی بگێڕمەوە.

مێژوو زۆر زەق و ڕوک و ڕاست ئەم خاڵەی سەلماندووە کە لە زۆر کەوناراوە بوونەوەرانێکی وەبەرچاو نەهاتوو گوندەکەی ئێمەیان کردۆتە



مەیانی ڕمبازێن و تاڵان و بڕۆی خۆیان. سەلماندنی ئەم باس-وخواسە بەڵگەو هۆکارێکی زۆری ناوێ، چونکە ڕیوایە و باس و خواسێکی زۆر بەدەستەوەیە کە ئاماژە و ئاشێرە بۆم ڕاستییە دەکەن و لە ڕەسەنایەتی ئەمانەشدا گومانمان نییە. بەپێی بڕێ لەم قسە و باسە، ئەو بوونەوەرە بەدفەڕانە، بڕێ جار لە ڕواڵەت و قەڵافەتی بنیادەمگەلێکدا کە قاچەکانیان لە جێگەی قامک، سمی هەیە و چاوەکانیان نەک وەکو چاوی ئێمەی بنیادەم، بەڵکو وەکی قەڵشت و درزێکی ئەستوونی وابووە، کەمێ خۆیان ئاشکرا کردووە و هەمیسان خۆیان حەشار داوەتەوە.

هێشتاش تاقمێ داپیرە و باپیرە لەو بڕوایە دان، کە بێت و بەشەودا ئەو پیاوانەی چوونەتە ئاوداشتنی مەزراکەیان، لە ئاوەدانی دوورکەونەوە، لە مەرزا دوور و نیزیکەکانەوە گوێیان لە گریانی بەبێ ئاراو قارای منداڵانێکی شیرەخۆرە دەبێ، کەچی چما جوان ورد ببنەوە، هۆی ئاسایی نەبوون و سروشتی نەبوونی دەنگەکەیان بۆ دەردەکەوێ و تەنها بە«بسم الله» و سەڵەوات لێدان و دۆعا و پاڕانەوە دەتوانن لەم شەڕی شەیتانە خۆ بپارێزن... بەڵام چما «ئەرکی مرۆڤایەتی» بیباری کردە چاوی ڕاستی بینینی ئەوانەوە تا لەم شتە ورد نەبنەوە و تێنەگەن کەوا بەم درەنگانە و لەم مەزرا دوورەدا، زارۆیەکی بەبێ-خاوەن، وەک بزانی دەڵێی بەقەستینە و بۆ ئەوەی مووی لەشیان سیخ کاتەوە ئاوا دەزریکێنێ، دەیجا چما غوولی بیابانی نییە، ئەی بەس چییە؟ دەسا بەم بێ هۆش و گۆشییەوە چما وەشوێن ڕزکار کردنی زارۆکی شیرەخۆرە کەون، ڕاست وەکی ئەمە وایە کەسێک بێ و بەدەستی خۆی تەقلووبابی دەرگای شەڕ بژەنێ! بەڵام داپیرەکان ڕوونی ناکەنەوە ئەم شەڕە چۆن شەڕێکە، لە هەمبەری بێ ئەژمار پرسیاری نەوە و نەتیجەکانیشیاندا خۆیان لە کەڕی دەدەن، وێرد و دۆعا دەخوێنن و هاواری خوا و ڕەسووڵی خوا و ئیمامان دەکەن و هات و پرسیار و پاڕانەوەی نەوەو نەتیجە لە ڕادە تێپەڕێ، بەگێڕانەوەی ئەم وتەیەی شێخ

کۆتایی بەقسەکە دێنن: (لەو کەسەڕا کە ئاگەدار بۆوە هەواڵێکمان بۆ نەهاتەوە)!

کورتی ببڕینەوە،-گشت ئەم باس و خواسانە، بەبێ هیچ گومانێک سەبارەت بەهەمان ئەو بوونەوەرە نەدیتراوانەن. یەکێ لە باپیرەکانی نووسەری ئەم دێڕانە، لە پشت بەرگی قورئانێکی دەسنووسدا باسی ڕووداوێکی نووسیوەتەوە کە بێتو توێژینەوەی لەسەر بکرێ بەڵگەیەکی قورس و قایمی دیکەیە بۆ سەلماندنی هەبوونی ئەم بوونەوەرانە: نووسراوەکە بۆمانی دەگێڕێتەوە کە باپیرەگەورەی بەڕێزی نووسەری ئەم چیرۆکە لە یەکێک لە شەوە پیرۆزەکاندا، لە پێش بانگی بەیانیدا،-بۆ مەبەستی دەرکردنی غوسڵی واجب دەچێتە حەمامێکی کۆنە و لە مێژینە کە هەر لە نیزیک ماڵە باب و باپیرانماندا بووە. باوەکو هیچ کەس لە «لیباس کەن»ی حەمامدا نەبووە و باپیرەگەورەی بەڕێزم شمەک و بەرگێکی لەوێدا نەبینیوە کە نیشانەی ئەوە بێ کەسێک لە حەمامدایە، بەڵام کاتێک بەدالآنی «واجبی خانە»دا تێپەڕیوە و لاقی ناوەتە «گەرمخانە»ی حەمامەوە، دەبینێ کە وا لە بەر زۆربوونی حەشامەت، شوێنی دانیشتن هیچ، شوێنی دەرزی هەڵاویشتنیش نییە. وەلحاسڵ...

لەو ئاستەمە تاریکەدا کە ڕۆشنایی بێج لە نووری چەور و لەرۆزکی «قەرەپلّیتە»یەک زیاتر نەبووە، دەلاکێک کە موریدی باپیرەگەورەی پیرۆزم دەبێ، دێتە پێشەوە و بەڕای ڕێز و حورمەتێکی زۆر باپیرەگەورەم لەسەر سەکۆ و «شانشین»ێک دادەنیشێنێ و ڕەنگ و خەنە لە ڕدێنی موبارەکی دەدا و لە بۆ خێر و ئێحسانی قەیامەتی خۆی دەست دەکا بەشێلان و داماڵینی لاقەکانی باپیرەم.

هەر لەو کاتەدا کە دەلاک سەرقاڵی کیسە کێشانی باپیرەیە،- فۆتووی لەسەر ئەژنۆ لادەدرێ و باپیرە گەورەم - خوا عافووی کات - بەسەرسووڕمانەوە دەبینێ: ئەی مەخابن! زۆر بەداخەوە،- سەهوی کردووە!-خۆ ئەمە حەمامی ژنانەیە!!! بەڵام چونکە سەهوی ئاوا زۆر ئاستەمە،- باپیرەی بەڕێزم جارێکی تریش چاو دەبڕێتە جێگای شەرم و حەیای دەلاک و ئەمجار بۆی دەردەکەوێ کە ئەم دەلاکە نەک هەر نێرینە نییە، خورییەکی قاوەیی وەکو «مەرەز»ی بزن و نێری، شلکەی ڕانەکانی داپۆشیوە و ئەم مەرەز و خورییە بەڕان و قاچەکانیدا دێتە خوارێ، تا دەگاتە قەڵشتی سمێکی وەکو سمی بزن! باپیرەگەورەی ڕۆحانی خۆف دەکات و بەترسەوە لە جێ دانیشتنەکەی-ڕا دەردەپەڕێ و هاوار دەکا: "ئای هاوار! هاوار! موسوڵمانان ئەم دەلاکە لەوانە،- »ئەوانگەل«ە".

شتێکیش وەک بلّێیی دەنگ دانەوەی دەنگی خۆی لەناو گەرمخانەکەدا،-بە هەناسەکێشانی گەرمی خەزێنەی حەمامەکەوە فووی لە دەم و چاوی هەڵمساو و ئارەقاوی ئەو کرد و وتی: "ئێمە هەر گشتمان لەوانین، ئەوانگەلین".

ئەمجارە لە بەر شۆقی چەور و ترساو و لەرزۆکی قەرەپلّیتە دەمەو مەرگەکەدا هەموویان دەستیان کرد بەسەما و هەڵپەڕکێیەکی ئاڵۆز و شەیتانە بازاڕی هەر کەس بەهەرکەس، دەنگێکی وەکو دەنگی ڕۆیشتنی ڕانە بزنێک کە بە«تەقتەقان» و بەردەڵانێکدا بڕۆن، لە ناو حەمامە پڕ لە هەڵم و بوخارەکەدا دەنگی دەداوە.

باپیرەگەورەم کە نووسەری ئەم دێڕانەش گشت ئازایەتی خۆی لەوڕا بەمیرات پێگەیشتووە، فۆتوو نابەستێتەوە و ڕدێن ناشواتەوە، بەچەند قەڵەمباز خۆی دەگەیەنێتە لیباسکەنی حەمام و ڕوو دەکاتە خاوەن حەمام - کە لەوێ لە پشت میزەکەی خۆی دانیشتووە - هەرای دەکاتێ: "ناموسوڵمانی خانە خەراب! چارەسەرێک بدۆزەوە! حەمام پڕپڕ لە ئەوانگەلە!".

خاوەن حەمام: "لەچی؟!"

باپیرەگەورە: "لەوان مەلعوون، ئەوانگەل، ئەوانگەل."

خاوەن حەمام: " کام ئەوان؟ ئەوانگەلی چی؟"

باپیرەگەورە: "ئەوان، ئەوان، مەلعوونی گلاو! ئەوانگەلی سمدار!!"

خاوەن حەمام لاقی خۆی دەنێتە سەر مێزەکەو پرسیار دەکا: یانی ئاوان؟...!

باپیرەگەورەی بەڕێزی نووسەری ئەم دێڕانە بۆی دەردەکەوێ خاوەن حەمامیش هەر لەوانە، لە حەشامەتی سمدارە. دەیجا بەقەڵەمبازێک خۆی لە لیباسکەنی حەمامەوە دەهاوێتە کۆڵانەوە و ئەوەندە ترساوە مانگێک دوان، بەجێ-وبان دەکەوێ و بەحوکمی حەکیمباشی دەواودەرمان دەخوا. خوا عافووی کات، پیاوێکی ئازا بوو. - هەر وەکو منیش ئەم گشتە ئازایەتییەم لەوڕا بەمیرات پێگەیشتووە. - هەمیسان باوەکو تەواوی ئەم ڕووداوەیەی بەدەسخەتی خۆی لە پشت بەرگی قورئانی پیرۆزدا نووسیوە، بەلام ببڕاییبڕ تاکو مابوو بڕوای بەهەبوونی جنۆکە و ئەوانگەل و سمدار نەبوو و نەبوو. - هەر وەکو منیش بێ بیر وبڕوایی شکۆمەندی خۆم سەبارەت بەهەموو شتێک و هەموو کەسێک هەر لەوڕا بەمیرات پێگەیشتووە، - وەلحاسڵ ئەو ڕووداوەیەی لە پشت بەرگی قورئانە دەستنووسەکە نووسراوە،- ئاوای باس دەکات.

بەلام باپیرەی بەندەی هەژار کە نەوەی باپیرەگەورە-مە و قسەکانی بایەخێکی زیاتریان هەیە، سەبارەت بەم چیرۆکە بڕوایەکی دیکەی هەیە. باپیرەم - ئەو کانگای شەرەف و ئینسافە - کاتێک ڕۆژی کۆچی دوایی خۆی بەنیزیک زانی، منی قاو کردە ژوور سەری و لە دۆخێکدا چاوەکانی پڕ لە فرمێسک ببوون وتی: کاتی ئەوەیە سەبارەت بەو ڕووداوە،-ڕاستیی کارەکە بزانی... ئەو ڕۆژە، بەرەبەیانی زوو زوو حەشامەتێکی بەرەڵا و لات



ولووت کە مەست و سەرخۆش لە شەونخوونی دەگەڕێنەوە، باپیرەگەورەت دەبینن کە ڕووت و عەوریان خۆی پیس کردووە، دەمەو ڕوو لە کۆڵانی حەمامدا کەوتووە، «واجبی»یەکی زۆر لە ڕدێنی هەڵدەساون و تابلۆیەکی بەئەستۆدا هەڵدەواسن کە لە سەری دەنووسن: «هۆ گەلۆ! ئەمە پاداشت و سەزای کەسێکە کە خۆی بەپیرۆز بنوێنێ و بەچاو حیزبییەوە لە ژنی خاوەن حەمام خورد بێتەوە، هۆشیار بن» - خوا لە هەموو شتێک بەئاگایە -

کورتی ببڕینەوە، ئەم بەڵگەیە و بەڵگەی زۆری دیکەش بەدەستەوەیە و هەموان شایەتانی ئەم خاڵەن کە هەر لە مێژەوە بوونەوەرانێک کە بەچاو نابیندرێن، ولاتی ئێمەیان کردۆتە مەیانی ڕمبازێن و تالان و بڕۆی خۆیان. بوونەوەرانێک کە جارو بارە لە قەلافەتی بزنی بەڕوخسار بنیادەم یان بنیادەمی بەلاق و قول بزن-دا، یان لە باب و باپیرانی خاوەن ڕێز-و حورمەتی نووسەری ئەم چیرۆکەو لەخەڵک وەدەرکەوتوون، چاوترسێنیان کردوون و ئاژاوە و هەڵلایەکیان ساز داوە و وەشوێن کاری خۆیان کەوتوون....

بەرەبەرە هەناسەی نگریسی ئەم بوونەوەرە پیس و چەپەڵانە هەوای ولاتی ئێمەیان بۆگەناوی کردووە. ئەم هەوا گلاوە، لە بەر ئەوەی هێور هێور نیشتە سەر خووخدەی خەڵکی ولاتی ئێمە بەرەبەرە کاریگەریی بەسەر دەرونیشیاندا دانا.

لەوە بەدوا ئیدی پیاوانی ولاتی ئێمە قەناعەتیان بەژنانی خۆیان نەکرد. هەر وەکو ژنانیش هەر وایان لێهات - دایکەکان، کوڕەکانی خۆیان کێشا نێو جێ-وبانی خۆیانەوە و پیاوانیش کیف و کیسەی کوڕانی خۆیانیان تالان کرد. داب-ونەریتی پیاوەتی و مەردئازایی لەم ولاتە کۆچی کرد و چاکە و جوامێریی بەجارێک جێگای خۆی دایە خراپە و ناپیاوەتی. بنیادەمیش، گیان و دەروونی خۆی وەها ئاوێتەی پیسی و ناحەزی کرد کە

دەتوت لەگەڵ شەیتاندا کێ-بەرکێیەتی. درەختەکان هەموو ئیشک بوون و کانی وکارێز قوڕ و لیتە بەری گرتن. پاک و خاوێنی بووە ئەفسانە و ئەوسانەکان ڕوخساریان لە پشت پەردەی فەرامۆشیدا حەشاردا. مرۆڤ بووە زبڵێکی بۆگەن و گەندەڵ و وڵات ئەمسەراوسەر بووە تەپۆڵکە زبڵێکی بۆگەنتر. نینۆخەکان بوون بەسم و هاووڵاتییەکانمان چوونە سەر قەڵافەتی بزن و جنۆکە. ئیدی بزن شیریان نەدا و ڕوخساریان هەر لە بەر گاڵتە کردن بەمرۆڤ وەکو ڕوخسارۆچکە و دەمامکی بەشەری لێهات. ئەوان لە بێدەنگیدا کاوێژیان دەکرد و بەبێ ئەوەی کاتی ڕوانین لە بنیادەم چاو بترووکێنن،-بە ڕوخساری بنیادەم ئاسای خۆیانەوە،- ڕدێنیان هەڵدەسووڕاند. خەراپە بوو بەبەرد و چاکە بوو بەشووشە. هەر کەسێک سڵاوێکی بۆ ڕێزوحورمەت کردن بکردبایە، لە غەیبەوە بەردێکیان بەدەمیدا دەدا و دیانیان دەشکاند و...

مێژوو تەواوی ئەمانەی تۆمار کردووە و پاراستوویەتی. وەکی قوتابییەکی قوتابخانە، مێژوو گشت ئەمانەی ئەزبەر کردووە. شایەتمانی ڕاستەقینەی تەواوی ئەمانە، کڕنۆشی ڕواڵەتی و دوژمنایەتی دۆست-نومایانەو لاواندنەوەی جەللادانەیە کە دونیای داگرتووە.... دوایین بزووتنەوەیەک کە لە وڵاتی ئێمەدا خۆیا بوو،-هەر لە جەنگەی ئەو سەردەمەدا بوو - شتێکی وا کە ڕاست هەر لە دوایین لاقەفرتەکانی پێش مردن دەچێ -.

ڕووداوەکە ئاوا بوو، ڕاست هەر لەو ڕۆژانەدا غەریبەیەک لە گوندی ئێمەدا قوت بۆوە و زۆر خێرا سەرنجی هەمووانی بەرەو خۆی ڕاکێشا. چونکە هەر هاوکات لەگەڵ قوت بوونەوەی کابرای غەریبە لە گوندەکەماندا جەماعەتی جنۆکە بەپەلەپەل و هەڵەداوان گوندەکەمانیان چۆڵ کرد و هەتا مەزراکانی دەرەوەی گوند کشانەوە. هەر بەم چەشنە لە ناکاودا کاری شەڕ



وخراپە - کە ڕوسمێکی ئاشکرا بوو - بوو بەبیلعەت و ناحەزییەک، کە ناحەزان وایان پێ باشتر بوو حەشاری دەن. ناحەزانی گوند کە لە ئامادەبوونی جنۆکەدا ئاژاوە بازاڕێکی باشیان بوو، ئەم ئاڵ-وگۆڕە دەروونییەی کە لە کۆمەڵگای هاووڵاتیاندا پێکهات،- بەکەمیان نەگرت و وێڕای تێکۆشان و ورە و وزەیەکی زۆر بۆ دۆزینەوەی هۆکاری ئەم کارە، ئەوەندەیان هێنا و برد و کۆڵییەوە هەتا لە ئاکامدا شوێنی چالاکی و تەقەلای خۆیان بەرەو کابرای غەریبە باداوە. دەرهەق بە ئەو بەدگومان بوون و دەستیان کرد بەلێکۆڵینەوەی بارودۆخی کابرا.

ڕواڵەتی شتێکی وەکو دیتران بوو: چاوێکی خوێن گرتووی وەکو هێلێکی ئەستوونی لە ڕوخسارێکی »پەخ«دا. دیانەکانی؛ چڕ و ڕووش لە دەمێکی لەق و شل و شەوێقدا، پاوپووزێکی وەکو قاچ و قولی بزن....

بەڵام ئەو شتەی هۆکاری بەدگومانی دەرهەق بەو بوو، ئەوە بوو کە لە زیناح و جیماع و فەسق و فجووڕدا لەگەڵ شۆفار و خۆفیەکانی بەڕێزی بارودۆخی خۆیدا دەستی تێکەڵ نەدەکرد و لە کۆبوونەوەکانی زیناح دەگەڵ »مەحرەم«دا هاوبەشی نەدەکرد. هەر لەبەر ئەمەبوو کە وتیان: "دەیجا کە وایە، ناوەوەی ئەو شتێکی جیا لە دەرەوەی ئەوە"

لە پاش ئەم قسانە خۆفیە و هەواڵدەر هەواڵیان هێنا کە وا لە پشت دەرگای ژوورەکەیەوە گوێیان لێبووە شیعرێکی بەدەنگ و ئاواز تێچریکاندووە کە جیاوازی نێوان ناوەوە و دەرەوەی کابرا دەسەلمێنێ. جا ئەمجار ڕووداوێک قەوما کە باس کردن و گێڕانەوەی زۆر دڵتەزێنە: دارۆغەی شار بەپێی هەواڵی بەکرێ-گیراوەکانیان هەواڵیان پێگەیشت ئەوا کابرای غەریبە لە فلانە سەعاتدا دەچێ بۆ حەمام. جا لە سەعاتی دەست نیشاندا بەنەهێنی خۆیان بەحەمامدا کرد و کەوڵی بەتاڵی ئەویان لە لیباسکەنی حەمامدا لە سووچێکدا دۆزییەوە و گومانەکەیان وەڕاست

گەڕا. بەبێدەنگ ئاگریان لە کەوڵەکەی بەردا و بەپێ-وشوێنی کاری خۆیاندا ڕۆیشتن. دەڵێن سێ ڕۆژی عەلەن تەواو وەکو بەندییەک لە حەمامی ماڵەکەیدا ماوە، لە بەر ئەوەی خۆ نەدەکرا بەبێ کەوڵێکی وەکو کەوڵی دیتران وەدەرکەوێ. ئەمجار ڕۆژی سێهەم یان چوارەم لە لایەن جنۆکەوە بەردێک بەکولاوکەی حەمامەکەیدا درا... ئەم بەردە، شووشەی کولاوکەی حەمامی شکاند و کەوتە حەمامەوە و وەسنگی کابرا کەوت. لەگەڵکوو ئەو بەردە لە سنگی کەوت، لە خۆی نووسا و جینگڵی دا و وەک شووشە خرمەی کرد و شکا.

بۆ سبەی ڕۆژی دوایی، ئەو کاتەی بەلەدێ وردکە شووشەی ئەو زاتە پیرۆزەیان کە بەدەست ناحەزانی خۆیەوە بووە پەیکەرەیەکی بلوورینە و شکابوو، دەهاویشتە عەرابەی دەستی خۆیانەوە تەراشە و وردکە و پردکە بایەخدارەکەی ئەو پەیکەرە شکاوەیان بینی و بەبێ ئەوەی بزانن چی بووە کە ئاوا تێکشکاوە،-بە داخ و مەخابنەوە وتیان: «"دەڵێی مەرکانەیەکی گەورە بووە،» با« خستوویەتی و شکاندوویە"»ئەمەندە و هیچی دیکە! بەڵکەم شتێکی دیکەش وەکو: حەیف و خەسار!! بەتەراشەی زۆر عال و ئەنتیکەی بڕێک لەم لەت و پەتەیدا شک بۆی دەچێ شتێکی گرانبایی بووبێ!

ساڵانێک دواتر ئەم ڕووداوەیە لە ئەفسانە و حیکایەتەکانی داپیرە و باپیرەکانماندا چەندان چەشن و ڕوخساری جۆراجۆری لێ ساز بوو. بۆ وێنە یەکێک لەو ئەوسانانەم ئاوا بیستووە:

(مارێک چووە خوازبێنی کیژێک و خەڵقی شار سەریان سوڕما و پرسیاریان کرد ئەمە چۆن مارێکە کە دەیهەوێ لەگەڵ بنیادەمدا خزمایەتی بکا؟

دەسا خۆفیە و ناحەزانی شار بەتەقەلا و تێکۆشان بۆیان دەرکەوت کە



ئەو مارە پەریزادێکە و کاتێ دەچێتە هۆدەی خۆیەوە «ئیسمی ئەعزەم» دەخوێنێ و بەفوو کردن،- بەچوارەندەوری خۆیدا و بەخۆیدا دەپژێنێ، کەوڵی ماری لێ دووردەکەوێتەوە و لاوێک دەردەکەوێ وەکو ڕوخساری خۆر و ئەمجارە لەگەڵ کیژدا لە ناو جێ وبان دەخزێ و...

دەیجا هەستی بەخیلایەتی خوشکەکانی کیژیان دنە دا و لە کیژ و ماریان تیژ کردن و کردنیانە هاودەنگی خۆیان و کاریان گەیاندە ئەو پلەیەی کە خوشکەکانی کیژ بەقسەی ناحەزان، بەجمڵ و جادوو کیژیان هەڵفریواند و فێریان کرد لەو مارە بپرسێ چ شتێک دەتوانێ کەوڵەکەی ئەو بسووتێنێ؟

ماری پەریزادە زۆری هەوڵدا کیژ لەم پرسیارە گەڕێ و لە کۆڵی بێتەوە. بەڵام قسەکانی کاریگەر نەبوون. کیژ دەگریا و دەیوت: "تۆش مێردی؟ دڵی منت بەبۆنەی بوختانی نەپاراستنی سوڕ و نەهێنی خۆت شکاندووە." کیژ ئەوەندە گریا و قوڕی پێوا، هەتا مێردەکەی بەڕاستی لەگەڵیدا کەوتە قسە کردن و وتی: "بزانەو ئاگەدار بە،-من شازادەیەکی پەریزادەم. ئەم کەوڵەش کە دەیبینی زامنی ژن و مێردایەتی من و تۆیە. کەچی بێت و بەخیلان و نەیاران و ناحەزانی تۆ ئەم کەوڵە بسووتێنن،-ئیدی ناتوانم بۆ تۆ دەرکەوم و ئاشکرا بم و تۆ ببینی... چما ئێستا هەر لەسەر قسەی خۆت سووری و دەتهەوێ بزانی ئەم کەوڵە بەچی دەسووتێ، جا بزانە بێت و ئەم کەوڵە بهاونە ناو ئاگری گەڵای ئیشکی سیری سەوزەوە، کەوڵ دەسووتێ و دەبێتە خۆڵەمێش... هەر وەها بزانە بێتو خوشکەکانت بەم نەهێنییە بزانن من و ئەوینی من و ژن ومێردایەتیمان دەدۆڕێنی... "

خوشکەکانی کیژ کە لە پشت دەرگاوە گوێیان لە هەموو شتێ بوو، شەوی داهاتوو دەوا و دەرمانی خەویان لە قاپ و شەربە ئاوی ئەم دوانە کرد و هاکا خەوێکی قووڵ و گەورە و گران ئەم دوانەی بردە بێ-خودییەوە، هاتنە

هۆدەکەیان و کەوڵی جادوویی شازادەی پەریزادیان لەسەر ئاگری گەڵای ئیشکی سیری سەوز دانا و کردیانە خۆڵەمێش. جا لە سبەی-ڕا کیژی بێ-ئەنوای لێقەوماو ئەوەندە گریا تا هەردوو چاوی کوێر بوو.)

کورتی ببڕینەوە لە ئەوسانە کۆنەکاندا زۆر خاڵ و نوکتە دەبینینەوە کە لەم ڕاستییەوە وەرگیراون. منیش دەنکێک لەو هەزار دەنکانەم بەکورتی باس کرد هەتا بەڵگەیەکی دیکە بێ لەو ڕووداوە ڕاستەقینە ئەفسانە-ئاسایەی بەسەر گوندی ئێمە هاتووە.

هەر ئەو شەوەی ئەو بەردە بەسەر کولاوکەی حەمامدا کەوت و ئەو ڕووداوەیە قەوما ئەو بوونەوەرانەی بەچاو نابیندرێن و تا مەزراکانی دەوروبەری گوندەکەمان پاشەکشەیان کردبوو، هەمدیس گەڕانەوە ناو گوند و هەمیسان کردەی ناحەزی ناحەزان دەستی پێکردەوە. دەتوت ئەو کابرایە دوایین نیشانەی پاکی لە وڵاتی پیس و چەپەڵ و ناحەزی ئێمەدا بوو، دوایین نیشانەی باش لە جیهانی خراپدا بوو!

پەیکەرەیەکی بلوورینە لە شارێکدا هەیە کە هەموو شتێکی لە بەردە - شارێکی وا کە لەوێدا، هەر کەس سڵاوێکی برایەتی و سوپاسگوزارانە بکات، بەردێک بەدەمیدا دەدرێ و دیانی دەشکێنێ.

(١٩٥٥) ١٣٣٤



## یەکەم ئەزموونەکانی ژین لەگەڵ مەرگدا

لەگەڵ محەممەد مالکی و منداڵانی دیکەدا دنیایەکمان بوو. کاولاشێک لە کۆڵانی ئێمەدا بوو، ببوە تەلاری شانۆی گەڕەک. پەردەیەکمان کێشابوو، منداڵانی گەڕەک کۆ دەبوونەوە و شانۆیەکی کت و پڕمان بەڕێوە دەبرد. لە ناکاو ژیان ڕوخساری سەگانەی خۆی پێ-نیشانمان دا. سەگەکەمان «جوو جوو» کە بەشداری دائیمی هەموو فڕوفێڵەکانمان بوو و لێی ببوە عادەت خۆی باوێتە نێوەڕاست هەموو کارەکانمانەوە، ون بوو. لە شارێکی بەو بیچکۆڵانەییەدا بەجارێ غەیب بوو، بووە سابوون و قەلەڕەشە بردی یان بووە ئاو و عەرز قوتی دا. تووتییەکەشمان کە بەڕۆژدا دەرگای ڕکەکەی ئاوەڵا بوو و لە نێوماڵێدا دەخولاوە و نیوەڕۆیان لەسەر کەوڵە نانەکە بێ خولّق کردن لە قابڵەمەکەدا خواردەمەنی دەخوارد، داخێکی دیکەی نایە سەر دڵمان. گوماشتەیەکی ترشێتی گێژوولکەمان بوو،-شەوێ لە تاریکاییدا جێوبانەکەی نابووە سەر تووتی بێ زمان و شەوێ تاکو ڕۆژ لە سەری خەوتبوو و خنکاندبووی.

»فروغ«ی خوشکم خۆی پێ خاوەنی تووتییە-کە بوو. لە بەر ئەوەی نیوەڕۆیان و ئێواران کە لە قوتابخانە دەگەڕاینەوە، -تووتی لە هەر کوێیەک بایە - لەسەر درەختی هەنارەکە یان درەختی عەننابەکەی نێوەڕاستی

حەسارێ، لە نێوان چوارچێوەی پەنجەرەدا یان لەسەر گوێسوانەکەوە – هەرای دەکرد: "فروغی زەمان، هاتیەوە؟" ئێمەش ڕقمان لێی هەڵدەستا: «ئاخە بۆچی هەر فروغی زەمان» ؟

هەر بەم هۆیەوە فروغ بووە ڕێبەری ناشتنی تووتی خانم. بەچاوی پڕ لە ئەسرینەوە تەرمی باڵندەی لێقەوماومان هەڵگرت و بردمانە سەربانی ماڵێ. لە ترسی دایکم کە دەمانزانی لەم چەشنە کارانە دەترسێ، وەلحاسڵ لە بن دیواری تیغەیەکدا کە لە سەربان بوو، قوولکێکمان هەڵکەند و تووتیمان ناشتو بەئافتاوە ئاومان برد، قوڕمان شێلا و گۆڕئاسایەکمان ساز کرد.

فرمێسک بەچاو و ڕوخساری فروغەوە نەدەوێستا. من ڕووم وەردەسووڕاند، تفم لە چاوم دەساوی، نەکا پێم بڵێن بێ بەزە و دڵڕەق و بێ هەستە. لە ناکاو دایکمان بەسەردا هات. زۆر خراپ تووڕە بوو و نەڕاندی: "فلان فلان لێکراوانە (وا وا لێکراوانە) ئەوە چ گوویەک دەخۆن؟" بەڵام هەر لەو کاتەدا خۆیشی دەیزانی تازە کار لە کار ترازاوە، مەلی »ئامین« لە ڕێدا بوو و وتبووشی »ئامین«. ئاخە لە چەند ڕۆژێ لەمەو بەرەوە بابەگەورە نەخۆش بوو و بەجێویان کەوتبوو. پیاوێکی هەشتاوپێنج ساڵانەی زۆر لەش ساخ و قورس و قایم بوو و دەگەڵ میوانەکانی دایکمدا -بەتایبەت چما جوان و تەڕپۆش بایەن – وەها بولبول زبانی دەکرد کە لاوی بیست و پێنج ساڵان ئاوای نەدەتوانی. دەگەڵ سوغرای قەرەواشدا وەها بابەگیانی پێدەوت کە چما غەریبە بایەی وای بۆ دەچووی نەوەی ڕاستیی ئەو سوغرایە، نەک ئێمە. کایەی منداڵانەی ئێمە زەنگی مردنی بابەگەورەی لە بن گوێی دایکەدا تەقاندبوو، کە لە ناکاودا ناساخی بابەگەورەی لێ بەڕاست گەڕا. وەلحاسڵ، هەڵەشی نەکردبوو: ڕاست سێ ڕۆژ دواتر بابەگەورە مرد. شەوی سێزدە بەدەر بوو. بۆ سبەیدا کە



تەرمی بابەگەورەیان دەبرد بۆ قەبران، دایکم بالۆرەی دەوت: «ئەوە دەچی بۆ سێزدە بەدەر بابە گیان!... ڕەببی ئۆغر بێ و خۆشی ڕابوێری بابەگیان!»

دەسا شەوی مردنەکەی بابەگەورە، سەعاتێ بەر لە مردنەکەی، لە ناکاودا دایکم بەڕەنگ و ڕوویەکی نائاسایی و باردۆخێکی ئاڵۆزەوە هاتە ژووری ئێمەی منداڵان. منداڵەکانی دیکە هەموو خەوتبوون، سوغرا و گوماشتە بۆ چەندەم کەڕەت بەشوێن دوکتۆردا ڕۆییبوون کە لە هەر کوێ بێ بیدۆزنەوە. لە نێو هەموو منداڵەکاندا هەر من بەخەبەر بووم کە منیش هەتا کاژێرێک لەمەوبەر بێ هەواڵ لەوەی لە ژوورەکەی بابەگەورەدا چ باسە، دەگەڵ منداڵەکانی دیکەدا ژوورەکەم نابووە سەر سەرم.

دایکم دەتوت لە خەودا ڕێ دەبڕێ یان هۆش و گۆشێکی باشی نییە هاتە نێو ژوورەکەوە، وەک بڵێی لە کاریدۆرەکەدا لە شتێ ترسابێ،– بەڵام لە ژوورەکەدا بڕێک ئەهۆنتر بۆوە و پەلە پەلەکەی کەم کردەوە، لەگەڵ خۆیدا سەری ڕاوەشاند و منگەمنگێکی دانا. بەچاوپێکەوتنی من کە چوار مەشقی بەسەر دەرس و مەشقەکەمدا شۆڕ ببوومەوە، بڕێ سەری سووڕما و پرسیاری کرد: "تۆ لێرەی؟" [دەتوت بڕیار بوو لەوێ نەبم] هەروەها وتی: "ئێرە بۆچی ئەوەئدە شپرزەیە؟" [شپرزەش نەبوو] لەو کاتەدا خوار بۆوە، زارکی شووشەی جەوهەرەکەی منی بەست، – کەچی من سەرقاڵی نووسینی مەشق بووم و پێویستیم بەجەوهەر بوو – وتی، "ئەم جەوهەرە دەڕژێتە سەر فەڕشەکە" شووشە جەوهەرەکەی نایە سەر ڕەفحەکە. لە بەر ڕەفحەکەدا بڕێ وێستا و چووە ماڵی فیکرەوە.

لە پاشان وەکی ئەوەی تازە وەیادی هاتبێتەوە، دوو چەپۆکی بەسەری خۆیدا دا،– دەستی لە قژەکانی خۆی ڕۆ کرد و بەدەنگێکی نزم و کپ وتی: "باوکمم لە کیس دەچێ. خوا گیان چی بکەم؟".

تەماشایەکی نامۆیانەی منی کرد، دەتووت دەیهەوێ متمانەی هەبێ

خۆمم یان نا، ئەو دەم بەڕاوێژێکی هەژڵەوە وتی: "باشە پیاوی ئەمماڵە تۆی، دابڵێ بزانم دەبێ چی بکەین؟"

– پیاوی ئەم ماڵە! پیاوی ئەم ماڵە!

ئێستا لە نێوان دالانی نیوە تاریکی پشت دەرگای حەساریّ بووین. کەنگێ هاتبووینە ئەوێ؟ لەوێ چ کارێکمان بوو؟ نازانم! هەر ئەوەندەم لە یادە دیسانەکەش دایکمم گرتە باوەش. هەر بەم تاقە قسەی ئەودا کە وتی: پیاوی ماڵێ. دیوارێک هەڵچندراو بەرز بۆوە و جیهانی منداڵیی من لەو بەریدا ماوە و پشوویەکی کێشا و مرد. هەر ئەو کاتەش لەوپەڕی سەرسووڕمانەوە هەستم کرد بەڕاستی چەندە لە جیهانی منداڵی دوورم! ئەو کایە و گەمەیەی سەرەتای ئەمشەو، کڵاو بۆقی-م دەکردە سەرم و منداڵەکانی دیکەم وەپێکەنین دەخست و نەمدەهێشت سەرقاڵی دەرس و مەشقەکەیان بن. – دەتوت ساڵانێک بەر لە ئێستا بووە.–

هەستی ماندووبوونێکی سەیرم دەکرد و لە وەڵامی دایکمدا وتم: "نارەحەت مەبە دایکە، مەڕێک بکە نەزری «ابوالفضل»" دایکم وەک ئەوەی بڵێیی لە خەودا قسە دەکا وتی: "دەیکەم، یا حەزرەتی عەبباس! باوکمم لە تۆ دەوێتەوە!" لە پێش ئەوەیدا من دەست بجووڵێنمەوە و بەری بگرم، پشتە سەری سێ چوار جار بەدیوارە خشتەکەدا کوتا، دەم و لێوی بێ ئیختیار بۆ گریانێکی ژنانە خوار بۆوە، بەڵام فرمێسکەکانی شۆڕاوگەیان نەکرد. وای بۆ چووم دەیهەوێ بگری، بەڵام دەنگی دەخواتەوە هەتاکو باپیرە نەترسێ. هەر لەو کاتەشدا دەرگاکە کراوە، گوماشتەکە فانۆسدار بوو، هاتە ژوورەوە، فانۆسەکەی ڕاگرت تاکو دوکتۆر ڕێگاکەی ببینێ، دالانەکە پلیکانێ دادەشکا، سوغرا وتی: "ئای خانم گیان،-خوا بمکوژێ" سوغرا بازیدایە پێشەوە، دایکمی کردە باوەش و دایکم هەروا هەوڵی دەدا بگری و لچ ولێوی خوار دەبۆوە و نەیدەتوانی و لە بریدا لەشی بەم لاو لادا



دەجووڵاندەوە. من دوا بەدوای دوکتۆردا بەڕێ-کەوتم و چووینە ژوورەکەی باپیرە. دوکتۆر بەبڕێک تووڕەییەوە وتی: "بۆ نووسینی ئیزننامەی دەفن کردنەکەی «سبەینێ»ش دەکرا بەشوێن مندا بنێرن!!" باپیرە بەرەو قیبلە کرابوو،-چاوی قوچاو و دەم و چەنەی وێکهاتبوو. دەتوت ساڵانێکە مردووە. دایکم بەتەنها خۆی ئەم کارانەی کردبوو، بەبێ ئەوەی بەخۆی زانیبێ چی دەکا. چونکە تازە لە پاش ئەم کارانە مەڕێکی کردبووە نەزری «ابوالفضل» و داوای باوکی لێکردبۆوە.

مردنی باپیرەمم بەچەشنێکی سەرسامهێنەر «هەستکرد». مردنێکی کتوپڕ و لە ناکاودا: حەوتوویەک بەر لە ئێستا، سوغرا کە هەمیشە لە «کا»یەک کێوێکی ساز دەکرد و مێشێکی دەکردە گامێشێک، کاتێ لە ژوورەکەی باپیرە هاتبۆوە دەرێ، لێوی خوارەوەی بۆ دەربڕینی سەرسووڕمان – بەدیان گرتبوو و یەک دوو چەلان لە ڕوومەتی خۆی ڕاکێشابوو و وتبووی: "ئای خوا مەرگ، ئای خوا گیان! ماشەڵڵا ئاغاگەورە کاری چۆن دەکا! کاری چۆن دەکا!".

دوو ساڵێک لەمەو بەریش – ئەو کاتەی تازە باپیرە هاتبووە لامان، کە ئاگەداری و سەرپەرشتیمان بکا – سوغرا ڕۆژێک بەیانی زوو هەر ئەم کردەیەی نیشان دابوو، بەمن و فروغی وتبوو: "دوێ شەو ئاغا گەورە هاتبووە ژوور سەرم! من چ سەرەندەری قسەکەیم نەکرد!" ئەمانە هەمووی جێگەی متمانە بوون، تەنانەت بێتو سوغرا هاتبایە و بیوتایە –بە هەمان کردەوەی نەجیب ئاسای خۆیەوە – حامیلە بووم، –سکم پڕ بووە. بەم زوانە لە باوەگەورە منداڵێکم دەبێ!! تەنانەت ئاواشم لێ بیستبایە سەیر نەبوو!! شیاوی بڕوا پێ کردن بوو، بەڵام مردنی باپیرە نا، بڕوام نەدەکرد، شیاوی بڕوا کردن نەبوو.

بۆ بەیانی ماڵەوە بەجارێ دیمەنێکی دیکەی هەبوو، کەس و کار و دۆستانی بنەماڵە بەرنامەی سێزدەبەدەریان وەلانابوو. ژنان هەموو ڕەشیان

پۆشابوو، حەساریٚ پڕ لە زەنا و هەرای خەڵکی جۆراوجۆر بوو. عەتری قاوەی عارەبی گشت شوێنێکی داگرتبوو. منیش وەکو خاوەنی ئەم ماتەمینە خۆم بۆ مندالاّن دەگرت. ئەو پارچە باریکە ڕەشەی لە قۆڵی کۆتەکەمم کردبوو، کەسایەتییەکی پیٚ دابووم، هەستم دەکرد ئەوە کەسێتی سەرەکی منە کە بەمردنی باپیرە دۆزراوەتەوە و ناسراوە.

نێزیک سەعات هەشت بوو کە تابووتیان هێنا و هەمدیس زەنا لە ماڵەوە بەرەو ئاسمان بڵند بۆوە. هەوای هەوراوی و ڕووگرژ لەگەڵکوو تەرم و تابووتی باپیرەیان جولاّندەوە، دایدایە بارانێکی ورد و پڕ. لە ژێر ڕێژنەباراندا – کە جاروبارەش دەبووە خوناوکەیەکی پڕ – دەبایە ئەو تەرمە لەسەر شان و بەپێیان بەرەو گۆڕستان بەرن. چەتر بەسەدان هەڵدرابوو، دەتوت باڵێکی ڕەش بەسەر خەڵکدا پان بۆتەوە، تەرم و تابووت بەکۆلاّنێک »لا اله الا الله «دا تێپەڕ دەبوو و ئەم دیمەنە تا گۆڕستان درێژەی هەبوو. گۆڕستانی بیرجەند لە لێژایی گردێکدا بوو،–قەبرەکانی ئەویٚ وەکی قوڵکێکی خڕ و خشتینە وابوون، تاق و بەغداییيان هەبوو، پێیان دەوتن «سەرداب». تەرمی مردوویان تێداویشتن و سەروبنیان بەگەچ و خشت دادەپۆشی. وەلحاسڵ تەرم غوسڵ درا، نوێژی مردووی لەسەر خوێندرا و دەست بەکاری دەفنی مردوو بوون، لەو کاتەدا ڕووداوەیەکی سەیر و سەمەرە قەوما. ڕووداوێک کە هەتا چەند ساڵان شوێنەواری هەر لە گەڵمدا بوو: چەند مانگیٚ بەر لە ئێستا «سەروان»ێکی سوپا مردبوو، تەرمەکەیان لە یەکیٚ لەم قەبرانەدا بەئەمانەت دانابوو تا لە پاشان بیبەن بۆ مەشهەد. ئەو ڕۆژە کەس و کاری ئەویش هاتبوون تەرمەکە دەرێننەوە. ئێمە لەم لاوە سەرقاڵی کاروباری مردووی خۆمان بووین کە لە ناکاودا لەو لاوە شین و گریان هەستا: سەروانی چارەڕەشیان زیندەبەگۆڕ کردبوو. ئێستا کە گۆڕیان هەڵدابۆوە، تەرمی سەروان لە سووچێکی سەردابەکەدا هەڵتروشکابوو. کفنەکەی بەدیان دڕیبوو و خوێنی ئیشک بەسەر کفنەکەدا



ڕژابوو،–ترس و خۆفی زیندەبەگۆڕ بوون، بووە کابووسی سالاّنی ساڵی من.

مردن بۆ من بووە شتێکی کت وپڕ و چاوەڕوان نەکراو، شتێکی مەترسیی هێنەر، شتێکی بیٚ بەزەییانە. مردنی تووتی، مردنی باپیرە، مردنی نادر و فەریبورز (براچکۆڵەکانم)، مردنی ئەسپ، مردنی لیپاولیپ لە بیٚ ڕەحمی و خۆپەرستانەی مورتەزا، کە هێشتا بۆ مردنەکەی دەگریم. مردنی ئەوانەی گۆشە و سووچێکی ڕۆحی ئێمەن و بەمردنیان ئەو سووچە بۆ هەمیشە دەگەڵ تیشک و هەتاو و ڕووناکی ماڵ ئاوایی دەکا. لەو لاوە، مردنی ئەو کەسانەی بەڕواڵەت زیندوون و هەناسە هەڵدەکێشن، بەلاّم ڕۆحیان وەکی ژانی دیانێکە کە بەبیٚ–دەوای سڕ کردن بەگازی ئاسنگەری بۆیان بکێشن. مردنی ئەو کەسەی زیندووە، بەلاّم لەو هەناسە کێشانەی خۆی قێزی دێتەوە، دەڕشێتەوە. زیندەبەگۆڕبوونی ئەو کەسانەی شەرم و شوورەیی دەکەن لە هەتاو و سەوزەلاّن.

***

نادری برام سیٚ ساڵ و نیو لە پاش من هاتە سەر دونیا، بەڵکەم چوار ساڵیش. بەلاّم ساڵ و نیوێک زیاتر نەژیا. مردنەکەیم بەچاو نەدیت. لە نیوەشەودا مرد. کە من لەو کاتەدا لەخەودا بووم. بەیانییەکەی، ئەو کاتەی بەدەنگی هەڵلا و زەنا لە خەو هەستام و خۆم گەیاندە حەسارە چکۆڵەی بێروونی کە لە نێوان دەرگای دەرەوە و حەساری ڕاستەقینەی ماڵێدا بوو، ئیدی تەرمەکەیان بردبوو. بەلاّم ئەوەی بینیم سەرسووڕهێنەر و کت و پڕ بوو.

فروغ کە دوو ساڵێک لە من بەتەمەنتر بوو و خۆی زۆر بۆ دەگرتم، یەک دوو گنجی خستە کەپۆیەوە و وتی: بگەڕێوە و بڕۆ ژووریٚ! پێم وت: بەتۆچی؟ هەر ناگەڕێمەوە! وتی: ڕەببی تۆ لەبری نادر ڕۆیبایەی. وتم: بۆ کویٚ؟ وتی: بۆ ژێر گڵ. وتم: خۆت بچیە ژێر گڵ! بۆچی نادر چۆتە ژێر

گڵ؟! بەچەشنێ سەری بۆ (بەڵێ) ڕاوەشاند کە دەتوت لە ڕیزی گەورەکاندایە و زۆر شتان دەزانێ کە من جارێ دەبێ بۆ زانینیان ئاوەزو ئەزموون وەکۆ بکەم.

وەلحاسڵ، نادر مردبوو. من مردنەکەی و تەرمەکەیم نەبینی. بەڵام ئەو ئەزموونەی کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دیتران لەگەڵ مردندا هەمبوو، تەواوەن شتێکی دیکە بوو، چەشنێکی دیکە بوو. بەسێ چوار کەس دایکمیان ڕاگرتبوو. پانایی ڕوخساری بەفرمێسک تەڕ ببوو. کراسەکەی تاکو سەر سنگی دادڕابوو و دیتران تێدەکۆشان بەو چارشێوەی لە سەریەوە خزابووە سەر شانەکانی، سنگی داپۆشن. باوەکو چەند دەستێک گرتبوویان،–سەری لە پشتەوە بەخشتەکانی دیوارەکەدا دەکوتا، ڕاست هەر وەکو دە ساڵ دواتر، لە بیرجەند، شەوی مردنی باپیرە، دەبایە سەری بەدیوارە خشتینەی دیواری داڵانەکەدا بکوتێ. سنگی کپ داگەڕابوو. ئەو دەنگەی لە گەروویەوە دەهاتە دەر شتێکی سەیر بوو کە ئیدی لە دەنگ نەدەچوو. دەم ولێوی بۆ شیوەنێکی ژنانەی بێ ئیختیار خوار و خێچ ببۆوە. – ڕاست هەر وەکو دە ساڵی دیکە لە بیرجەند لە شەوی مردنی باپیرەدا، دەبایە خواروخێچ بایە. – جا لە بەر ئەوەی هیچ کارێکی لە دەست نەدەهات، هەروەها لە بەر ئەوەی دەستەکانیان گرتبوو، نەیدەتوانی قژەکانی بڕنێ، یان ڕوخساری داڕووشێنێ،–دەنگیشی دەرنەدەهات و دەم و لێویشی لەو خواروخێچییە زیاتر خواروخێچ نەدەبوو! هەر بەوەندەی قنیات دەکرد کە زۆر بەبێ–وازی،–خۆی لەسەر قەبرغە و کەلەکە بۆ ئەم لاو ئەولا هەڵسووڕێنێ – ڕاست هەر وەکو دە ساڵ دواتر دەبایە خۆی لە مردنی باپیرەدا بۆ–ئەم لاوئەولا هەڵسووڕێنێ و لە بۆ زیندانی بوونەکانی من و بۆ مردنی بەدری و فەریبورز و بۆ مردنی بابم و لە بۆ چارەڕەشی دیکەش کە فرمێسکی ئینسان ئیشک دەکەن و دەنگی کپ دەکەن و دەم ولێوی خوار و خێچ دەکەن...



سیخورمەیەکم لە فروغ کوتا و وتم: »مەگەم ناڵێیی نادر مردووە؟ ئەی کوانێ، درۆزن!« وتی: »مردووشۆر ئەو دەستە قورسەت بەرێ!« لە بەر ئەوەی پۆز و ئیفادەم بەسەردا بفرۆشێ، چارشێوەکەی لە بەر چاوی گرت و وەکی ژنانی دیکە دەستی کرد بەگریان و شیوەن بۆ مردووەکە،–بەڵام دەمزانی ئەویش وەک من مەبەستی نییە و هەر وا دەنوێنێ، لە بەر ئەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە لەگەڵ مردندا شتێکی دیکە بوو. تەواو جۆرێکی دیکە بوو: چەند مانگێ لەمەوبەر، هەر لەم حەسارە چکۆڵەیەی ئەم بێرروونی–یەدا،–دارە مەیتێکی دیکە بەمەیتەوە بردرابووە دەرێ، یەکەم دەستکەوتی من لە مردنی دیتران. – بەڵام دەستکەوتی بینینی یەکەم مەرگ، لەگەڵ ئەو شتەدا کە وا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناڕاستەوخۆ لە تەک مردنی نادردا وەدەستم کەوتبوو، تەواوەن جیاواز بوو. ئەو بۆچوونەی یەکەم کەڕەت لە مردن وەدەستم کەوتبوو، لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئاکام و شوێنەوارەکانی مردنی نادر وەها سەرلێشێواوی و سەرسووڕمانێکی بۆ پێک هێنام – کە لانی کەم لەو تەمەنەدا نەمدەتوانی سەبارەت بەو شتە بێ لایەن بم.

کێشەکە لە مردنی ژنی «خان»ەوە دەستی پێ کرد: ئەو یەکەم مەرگەی وا لە تەمەنی خومدا بینیم. پێم–وابێ ژنی خان لە تایەفەی باوکم بوو. پێم وابێ ئەو کاتەی مرد، تەمەنی هەشتا ساڵی شیرین دەبوو. وەکو سەرپاک پیر و پاتاڵەکانی بنەماڵە کابولییەکی ڕەسەن بوو. ئاخە ئێمە، بە ڕەگ وڕیشە کابولیین. تەنانەت داپیرە و باپیرەی باوکیم هەتا مردن نەیانتوانی شێوە زاراوەی کابولی خۆیان بگۆڕن. دێتەوە یادم باپیرەم (کە ئێمەی نەوەکانی ئەو پێیمان دەوت خان بابا) بە«حەیوان»ی دەوت »ئەیوان«.

کورتی ببڕینەوە، ژنی خان «شۆخ»ێکی تەواو عەیار بوو. من ئەم وشەیەم بۆ یەکەم جار وەکی ئاوەڵناوی ژنی خان بیست و ئێستاکەش بەبیستنی

ئەو وشەیە ڕوخسار و قەڵافەتی ژنی خان-م دێتەوە بەرچاو: بەو دەسماڵە سپییەوە کە توند لە ژێر چەناگەیدا سەنجاقی دەکرد، سەنجاقەکەی بنێکی خڕ و درشتی بوو، - شتێکی چەشنی مرواریبەکی بیچکۆلانە - بەژن و باڵایەکی بوو کە تەنانەت لەم تەمەنەشدا هێشتا وەک تیری خەدەنگ ڕاست بوو. «شۆخ» لە مانای قسەزان و حازروەڵام و تۆپ و تەشەر بێژ و شۆخ و شەنگ، ئەو ئاوەڵناوانەی ژنی خان بووی. تاقە قسەیەکی حازرانی مەجلیس و مەکۆبەکی لە بەر پێکەنین دەتراند. ئەڵبەت لێحاڵیبوون لەم وتانەی بۆ من نەدەکرا. بەڵام یەکێ لە شۆخ و شەنگییەکانیم لە یادە، نیوەیم بەچاو بینی و نیوەکەی دیکەشی ئەو کاتەی دایکم بۆ دیترانی دەگێڕایەوە بیستم:

ژنی خان و دایکم ئێمەی منداڵانی ماڵییان بردبوو بۆ شەقام هەتا شتێکمان بۆبکڕن، کەوشێک، لیباسێک، گۆرەوییەک، شتێک. یەک دوو کۆڵان لەو لای ماڵمانەوە لەو دوو پیاوەی لەسەر سەکۆی بەر دەرگای ماڵێکدا دانیشتبوون، یەکیان ترێکی بەڕەڵا کردبوو و وتبووی: «لەگەڵ خۆتاندا بیبەن با تەنها نەبن». هەتا ئێرەی باسەکە ئێمەی منداڵان، کە هۆش و گۆشمان لای یەکدی و لای کایە بوو - ئاگەداری نەبووبووین. بەڵام کاژێرێک دواتر، لە گەڕانەوەدا،- لەناکاو ڕووداوێکی سەیرمان چاو پێکەوت: لەو کاتەدا لە شانی ئەو دەرگایەوە دەڕۆیشتین کە دوو پیاو لەسەر سەکۆکانی بەردەم ماڵەکەدا دانیشتبوون، ژنی خان کت و پڕ ڕۆیی و لەسەر ئەژنۆی یەکێ لەو دوو پیاوە دانیشت، دوو ترِی لە پاش یەکی کەند و وتی: «سپاس بۆ ئەوەی ئاغەزادەی خۆت لەگەڵماندا نارد تاکو تەنیا نەبین. ئەمەش قازانجی کارەکەت، یەکیان بۆ سەر ئەم لای گوویت و ئەوی دیکەشیان بۆ سەر ئەو گوویەی دیکەت». وەلحاسڵ، خو وخدەی ژنی خان ئاوا بوو. حازر جواب و شۆخ و لە هەموو بار و دۆخێکدا زۆر بوێر.



سەرەتاکانی شەوانە لە تەلاری ژووروی سەر حەسارێدا کۆبوونەوە دەبوو. ژنی خانیش چەندان کەرەت سوێندی خواردبوو ئەو کاتەی دەمرێ، مەیتە مردووەکەی زیاتر لە ئێستای زیندوو بوونی، حازران وەپێکەنین خات... تاکو وای لێهات زستانێک هات و ژنی خان مرد. دەماودەمی نەورۆز بوو و هێشتا کورسییان لا نەبردبوو. ژنی خان نەخۆش بوو و لە ژوورە چکۆلانەکەی خۆیدا - لە سووچێکی حەسارێدا - خەوتبوو. بەیانێک،- چووبوونە پرسیار کردنی حاڵ و باڵی. تەماشایان کردبوو هەروا بەدانیشتنەوە، لە ژێر کورسییەکەدا خوا عەفووی کردووە! شیوەن لە ماڵێوە بەرز بۆوە. هەموو خزم و کەسیان ئاگەدار کرد هەتاکو بێن و بزانن ژنی خان مردووە. هاتن. بەگریان و قوڕپێوانەوە لەسەر و سنگی خۆیان دەدا. ماشینی «مەیتبەر»یش هات. ماشینێکی ڕەش و ترسێنەر کە گومەزێکی ئاسنینی ڕەنگ ئاڵتوونییش لە سەربانی ژوورەکەی بوو.

تابووتەکەیان لە ماشینەکە داگرت، هێنایان و لە بەردەم ژووری ژنی خان دایاننا. ڕۆیین و سەرولاقی مەیتەکەیان گرت و هێنایانە دەرێ و نایانە نێو تابووتەکەوە. ئێستاش مەیت بووبووە داری ئیشک. لە نێو قەد بەرەو ژووری ڕادەکێشن، هەر دوو لنگی دەچێتە حەوا، لنگەکانی ڕادەکێشن، هەڵدەستێ و لە نێو تابووتدا دادەنیشێ: ئەزقەزا نازانم بۆچی یەکێ لە چاوەکانی کرابۆوە و یەکیان نیوە قووچاو بوو. دەتوت لە بەر ئەوەی گوڵمەزێکی ئاوای بەرێ خستووە و کڵاوێکی ئاوای کردۆتە سەر مردووکێشەکان. نەشئە و سەرمەستە، بۆبە لە هەمان بیچم و قەڵافەتی هەمیشەیی خۆی دایە: ئەو بیچم و قەڵافەتەی جیهانێکی وەپێکەنین داویشت، بەڵام ڕوخساری خۆی شوێنەواری کەمترین پێکەنینی تێدا نەبوو و تەنانەت تاقە هێڵێک لەو هەموو هێڵ و پێڵەی ڕوخساری نەدەجووڵانەوە و هەر قنیاتیان دەکرد چاوداگرتنێکی بەنەهێنی بکەن لەو کەسەی زیاتریان خۆش دەویست.

گریان ڕاستەوخۆ بوونە پێکەنین و قاقا و لەو کاتەشدا دوایین پەردەی ئەم شانۆیەش قوت بۆوە: بۆ ئەوەی مردوو بەتەواوەتی لە تابووتدا ڕاکشێ، مردووبەرەکان بەناچاری پشتی تەرمەکەیان شکاند. لەگەڵ تەقەی شکانی پشتی، دیسانەکە پێکەنین ڕاستەوخۆ بۆوە گریان. ئیدی خەریکبوون تابووتەکە هەڵگرن و بڕۆن، کەسێک هەرای کرد: «ڕاوەستن! ڕاوەستن! ئەکبەر چووە پەردە بەرماڵەکە بێنێ، بەبێ بەرماڵ چۆن دەبێ؟ ئەی جیرانەکان چی دەڵێن؟!» تابووت هەمیسان نرایەوە سەر عەرزی تاکو پەردە بەرماڵ بگاتێ. ئەکبەریش کە پشووی سوار ببوو گەیشتێ و بەرماڵەکەی گەیاندێ. بەڵام لەگەڵکوو بەرماڵەکەیان کردەوە و بەسەر تابووتەکەیان داکێشاو ویستیان هەڵیبێنن، -ژنی خان بەشێنەیی ڕاست بۆوە و دانیشت. بەشێک لە بەرماڵەکە لە سەروچاوی داخزا خوارێ و ئای لەو سەیرە! ئەو چاوەی وا نیوەی کرابۆوە وردە وردە کرایەوە. ڕاست لەو کاتەدا کە مردووبەرەکان لە تووڕەییدا دەمیان کردبۆوە: ئەستەغفورەڵڵایان دەوت. ژنی خان بەپێی خووخدەی خۆی - بەڵکەم بۆ ئاخر کەڕەت، ڕق و تووڕەبوونی مردووبەرەکانی بەشمشاڵی ترێکی زۆر درێژ و پڕ نازونووز وەڵام داوە. چۆنیش؟ وەها کە نەک هەر گریان بووە پێکەنین، پێکەنینیش بووە تلانەوە بەسەر تەختی عەرزی حەسارێدا. کاتێک کە لە ئاکامدا مردووبەرەکان هەر وەها بێ ئیختیار لە پێکەنین، تابووتەکەیان دەبرد، یەکێ لە ژنانی ماڵەوەم بینی کە (دەڵێی ئەم دوێنێ-یە بوو!!) بەو چاوانەوە کە لە بەر زۆر پێکەنین پڕ لە ئاو بووبوو پێکەنینەکەی حەشار دا، پەردەی نێوان قامکە کەڵە و قامکی ئاماژەی لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر بەگاز دەگرت، تف و ئاوی داویشتە عەرزی و دەیوت: «لا اله الا الله، خوایە بۆمانی بەتاوان نەنووسی!!» بەڵام هەمیسان حیلکەیەکی لێ هەستا، ئەم کەڕەتە توند و تیژتر و زیاتر ئێخسیری لار و لەنجەی پێکەنین بوو. چ دەسکەوتێک لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەم لەگەڵ مەرگدا!



بەڵام مردنی نادر (کە دوو سێ ڕۆژێک بەر لە مردنەکەی لە بۆ زیندوو مانەوەکەی بەجارێک هیوابڕاو و ناهومێد ببووین) دیمەنێکی تازەی پێکهێنا کە بۆ من زۆر بێ چاوەڕوانی بوو. ڕۆژی بەر لە مردنەکەی، کاتێک لەگەڵ دایکمدا (کە ئاڵۆزاو و ناهومێد، بۆ دوایین کەڕەت نادری بردبۆوە نەخۆشخانەی ئامریکایی هەتا دوکتۆر جوابی بکەن) دەگەڕاینەوە بۆ ماڵێ، نادر لە فەیتووندا بەسەر چارشێوە ڕەشەکەی دایکمدا ڕشاوە. دایکم چاوەکانی پڕ لە فرمێسک بوون و وەها بەدەست ئەو ژان و ڕەنجەوە کە دڵی دەگووشی کەوتە گریان کە بووە هۆی سەرسووڕمانی من.

بۆچی ئاوها دەگری!؟ لە ڕاستیدا نەمدەزانی. بەڵکەم خۆشحاڵ و چاوەڕوان بووم کە دیسانەکەش وەکو ڕۆژی مردنی ژنی خان چینێکی باش و پڕ بەدڵ پێبکەنین. بەڵکەم لە نێو دڵمدا خودا خودام بوو تاکو نادر زووتر، تەنانەت هەر ئەلحانەکە لە فەیتونەکەدا بمرێ هەتا وێڕای مردنی ئەو، دایکم دیسانەکە وەکو ئەو ڕۆژە پێبکەنێ و ئەم گشتە خەم و خورپە و پەژارەیە کە وا بەرەنگە پەڕیو و لێوە لەرزۆکەکانیەوە شەپۆلان دەدەن، لە یاد بەرێتەوە.

نادر مرد، هەر ئەو شەوە، لە کاتێکدا کە من لە غوڕابی خەودا بووم. بەڵام بەیانی، ئەو کاتەی بەزەنا و هەرا و هەڵڵا لە خەو ڕاپەڕیم و خۆم گەیاندە حەسارە چکۆڵەی بێروونی، ئەو شتەی بینیم بەپێچەوانەی دەستکەوتێ بوو وا لەمەوبەر لە مردن بووم. هەر ئەوەش بوو کە سەرم سووڕما.

فروغ وتی: "بگەڕێوە... بڕۆوە ژووری". وتم: "بۆ کوێ؟". وتی: "بۆ ژێر گڵ!" وتم: خۆت بچیە ژێر گڵ، بۆچی مەگەم نادر چۆتە ژێر گڵ؟!" چەشنێک سەری بەنیشانەی سەلماندن ڕاوەشاند کە دەتوت لە ڕیزی گەورەکاندایە و زۆر شتان دەزانێ کە من دەبێ جارێ، جارێ بۆ-زانینی ئەو

شتانە ئاوەز و ئەزموون کۆ کەمەوە. ئەو شەوەش سێزدە بەدەری خاکەلێوەی ساڵی هەزار و سێ سەد و حەڤدە،–لە نێو داڵانی ماڵەکەمانا لە بیرجەند، کاتێ دایکم بەدەم و لێوی خێچوخوار و گریان و شیوەنەوە خۆی بۆ ئەملا و ئەولا ڕادەژاند بەفیکرمدا هات: ئەو ڕۆژە فروغ هەقی بوو!!



## لە ساڵانی ڕابردوودا

ئەو پووڵ و پارەیەی کە باوکم بۆمانی ناردبوو، زۆر بەئینسافەوە لە نێوان ئەو کەسانەدا کە قەرزیان لە سەرمان بوو دابەش کرا، چونکە تەواوی پووڵەکە نەوەد تمەن زیاتر نەبوو. دەتوانین بڵێین لە ساڵی ١٣١٧ی هەتاویدا نەوەد تمەن خەزێنەیەک بوو، بەڵام نەوەک لە کاتێکدا کە قەرز و قۆڵە تا گەرووی ئینسان هاتبێتە سەرێ. کەچی قەرز تا قوڕقوڕاچکەمان وەژوور کشابوو. کورتی ببڕمەوە، پارەکەمان لە نێوان خاوەن قەرزەکان دابەش کرد. باوەگەورەم و دایکم لەسەر هەر بەشێک کە ساخ دەبوونەوە، دایکم پارەکەی دەژمارد و دەیدایە دەست سوغرای قەرەواشمان و پێی دەوت: "هەک بۆت بمرم دایە گیان! مانووبووی؟ بەڵام قەیناکە،– پارەی ئەم جەعفەرئاغایەش بەرەو بیدەرێ،–لە دەوری سەرت گەڕێم! پێی بڵێ خودی «جەناب سەرگورد»یش ماوەیەکی دیکە دەگەڕێتەوە."

باوکی سیاچارەم ئەوەندە لە پلەی سەرگوردیدا مابۆوە، جەناب سەرگورد، ئیدی ببووە ناوی. بەتایبەت دایکم وای پێخۆشبوو هەمیشە بەپلەی سوپایی قاوی لێ بکا. لەم کارەشیدا توانایییەکی سەیری بوو: چەند ساڵێ لەمەوبەر، باوکمی بە(سوڵتان) قاو کردبوو، بەڵام لەگەڵکوو کڵاوچەرخانێک بەسەرا هات و باوکم پلەی (یاوەر)ی وەرگرت، لە کات–وساتا سوڵتان بوو بەیاوەر. ئەو کاتەیش کە ئەمر کرا لە جیاتی یاوەر دەبێ

بلێین (سەرگورد)، دایکم چەند کاژێرێک نێوچەوانی تێکنا و دەیوت: "پفففف... قسەی قۆڕ! سەرگرد! ئاخە ئەمەش بوو بەناو؟! پفففف..."

بەڵام گومان زۆری نەخایاند و دایکم هەر لەو ڕۆژەوە بەهەمان لەخۆبایی بوون و خۆبادانەوە پێی وت سەرگورد. دەتوت سەرگوردیش قاوکردنێکی ئەویندارانەیە، وەکو: «پەڵەنگە شەیتانی گچکە» یان «سەرداری خەونە زێوینەکانی من». کورتی ببڕمەوە، سوغرای بێ-ئەنوا (کیژێک تەمەن بەقەرا تەمەنی ئێمە، کە بەدرێژایی چەندساڵێک وەکو یەکێ لە منداڵانی ماڵەوەی لێهاتبوو و لە بەر قەڵافەتی زەلام و مەمکە زۆر هەڵمساوەکانی، هاکا لە ماڵ وەدەر دەکەوت زار و دەم ولێوی بەقاڵ و چەقاڵ و قەساو و نانەوا ئاوی تێدەزا) ئەوەندە ڕۆیی و هاتەوە و ڕۆیی و گەڕاوە و هەمیسان.... یانزە تمەن و پانزە تمەن و هەشت تمەن و سێ تمەنە بەشە قەرزی بۆ ئەم و ئەو برد، لە قاچ و قول کەوت و لەوانە بوو ڕووی لێهەڵماڵێ و وەجواب بێ کە ئیدی ئیشی قەرز دانەوە کۆتایی هات.

لە تەواوی پارەکە هەژدە تمەن مابۆوە کە دایکم بەزۆری ئەو پێنج تمەنەی وا دوایین فلسەکانی پارەی بابەگەورەم بوو و لەمەوبەر بەقەرز لێی وەرگرتبوو، پێی دایەوە و سێزدە تمەنی پاشماوەی پووڵەکەشی جارێ لە بۆ مەسرەف و موخارجی پێویستی ماڵەوە لای خۆی ڕاگرت، تاکو بزانین خوا چی دەوێ و چی دەکات!

لەوان ڕۆژاندا، تازە ببوومە پۆلی حەوتەم،- بەڵام باوەکو تا ئەو ڕۆژە منداڵێکی دەرس خوێن و بەهۆش و گۆش و سەرکەوتوو بووم، لەناکاودا شتێک لە منا ژێروژوور ببوو! ڕووداوەکە دەگەڕێتەوە بۆ سێ ساڵ لە مەوبەر کە لە ژیانی قەرەج ئاسای بنەماڵەدا، ڕێگەمان کەوتە شاری (مەشهەد). ئەو کات من ساڵی چواری سەرەتاییم دەخوێند و لە قوتابخانەیەکدا بووم بەناوی «ئیبنی یەمین». لە جیرانەتی ماڵی ئێمەدا بنەماڵەیەکی «ئەرمەن» بوون کە دوو کیژی عازەبیان بوو و هەردووکیان سەرقاڵی فێربوونی پیانۆ



بوون. برێ ئاوازی مۆسیقارییان دەژەنی کە چەشنی وێنەی سەر بەرد لە زەین و هۆشی ناسازی منا مایەوە و ساڵانی دواتر پێمزانی ئەمانە ئۆتوودەکانی »شۆپەن« بوون.

هەستێکی عاجباتی و سەیروسەمەرە کە لەم مەشق و دەورکردنەوەیە و بەتایبەت لە دەنگی پیانۆکەوە لە منا پێکهات، منی بەجارێک و تەواوەن کردە هەوایی و شێت و شەیدای مۆسیقا. (ساڵانێک دواتر، ڕۆژێک ئەم قسانەم بۆ »نیما « گێڕایەوە، ئەویش لە وەڵامی قسەکانی منا وتی پیانۆ دەنگی دایکانەی تەواوی جیهان دەنوێنێ). لە بەر ئەوەی کە زیاتر گوێبیستی دەنگی پیانۆکە بم، لەو کاولاشەی پشت ماڵەکەمانەوە کە عەماری سووتەمەنی هاوسێ نانەواکەمان بوو، ڕێگایەکم بۆ سەربانی ماڵە پیانۆژەنەکان دۆزییەوە و لەوە بەدوا کارم بۆ پەیا بوو! بەدزە دزە دەخزامە سەربان و لە پشت کولاوکەی ماڵەکەیاندا ڕادەکشام و چەندەها سەعات پێملی داڕژانی ڕێژنەی ئەو مۆسیقایە دەبووم کە شتێکی تەواوەن نامۆ و نەناسیاو بوو. جارێکیان هەر لەوێ لە خەوا مابوومەوە، تەواوی جیهان بەپێ-وشوێنمەوە گەڕابوون. ئەو کوتان و تێهەڵدانەی لەسەر ئەم کارە خواردم، ڕاست وەکو بڕک و ژانی شەهید بوون ڕەسەن بوو و مۆسیقای لە گیانی منا نایە سەر کورسی و پلە وپایەیەکی بەرزتر. ئەو شتەی کە لە پێناویدا دەتوانی و «دەبێ»- ئێش و ژان بتگرێ و ڕەنجی بۆ بکێشی،- هەتا گەیشتن بەو شتە توانای مەسیحایی خۆی باشتر دەکار کات. ئەو ماشووق و ئەوینەی کە دەبێ لەودا بمری.

مۆسیقا تەواوی بوون و نەبوونمی دادەگرت و چونکا نەمدەزانی مۆسیقا چییە، حاڵەت و دۆخێکی لە دەروونما پێکدێنا چەشنی یەکەم هەستە نەناسراوەکانی باڵغ بوون: تێکەڵاوێک لە تام و چێژ و ئێش و ژان، مردن و لە دایکبوون و خوا دەزانێ چی دیکەش!

بەم چەشنە بوو کە ئیدی نەمدەتوانی دەروەستی دەرس و مەشقەکانم بێم.

بەڵام دایکمان ببووە دەربەدەری دەرس و مەشقی ئێمە: مێردەکەی وەلا نابوو، بابم لە قووڵایی و ناخی لمستان و هەردە شۆرەکاتەکاندا،- شاربەدەری شەڕافەتی خۆی بوو - دایکم لە شارەکان و شارۆچکە نێزیکەکانی شوێنی ئیشی باوکمدا ئێمەی دەنارده بەر خوێندن و بەم پێیە لە کاری دەرس و مەشقی ئێمەدا توندی و گوشاری لە ڕادەبەدەر کردبوو و چرکە و خولەکێک دەسبەردار نەبوو، هەق بەو بوو: شتێکی کردبووە جێگری تەواوی بەختەوەرییەکانی خۆی، دەیجا مافی خۆی بوو بەوردی بزانێ لە جیاتی بەختەوەری چی وەدەست دەکەوێ. دەسا لە بارودۆخێکی ئاوادا، منی بێ قەدر و قیمەت، تاموچێژی مۆسیقام کردبووە جێگری ڕەحم و ئەرک و لۆژیک، کردبوومە جێگری گشت هۆکارەکانی ژیانی دایکم.

وەکو سەگ لێدان و تێهەڵدانم دەخوارد، بەڵام نەمدەتوانی سەرقاڵی خوێندن و نووسین و دەرس و مەشق بم و پاکنووسی ماتماتیک و دیکتە بکەم. دووپات و چەند پات کردنەوەی ناو زەینم لەو شتەی کە لە سەرباندا دەمبیست، چیدی دەرفەت و مۆڵەتێکی بۆ بیستن و گوێڕایەڵبوون بۆ فەرمایشتەکانی مامۆستا و ئامۆژگاری مودیر و هەڕەشە و گوڕەشەی مەلا نەدەهێشتەوە.

ئەم ئەوینە شێتانەیەی مۆسیقا تا چەند ساڵێک لەمەوبەر هەروا لە مندا مابوو. چما ئەو ژیانە قەرەج ئاسا ماڵ بەکۆڵەمان نەبایە و ئامان وزمان و ئارا و قارایەک هەبایە و بێت و لە پاش ئەوەی بەخەیاڵی خۆم سەربەخۆییەکم وەچنگ کەوت، ئەو شێواوی و لێقەومانە سامناکەی دوایەم بەسەر نەهاتبا، (کارەساتی ژن هێنان)، چما دوور بوون لە ناوەندی شارنشینی سەردەمی منداڵی لێم گەڕابا بزانم شتێک بەناوی مۆسیقا هەیە کە دەکرێ فێری بی، کە «تەنانەت ئەمەشم نەدەناسی و نەدەزانی» و چما لە پاش هەمووی ئەم چمایانە توانای پارەو سامانی بنەماڵەیەک کە لە زەلکاوی هەژاری و نەداریدا چنگە پلـماسکەیان بوو و تاک و تەرا هەر



بە«تەلەسم»«ی »جەناب سەگورد، جەناب سەرگورد« لە دارمان و نقووم بوونی کارای خۆیان بەرگرییان دەکرد، ئیزن و دەرفەتیان بدایە و دەرسی مۆسیقام خوێندبایە، گومانی تێدا نییە وەشوێن مۆسیقا دەکەوتم. مۆسیقا ببووە ئەوین و خۆزیای من بەبێ ئەوەی لانی کەم بزانم کە دەتوانێ ئەوین و خۆزیای مرۆڤ بێ. دەیجا ئەوین و خۆزیاشم نەبوو، مۆسیقا-ناهومێدی ڕەهای من بوو: ناهومێدی ئەو کیژەی کە دەبایە بەکوڕ لە دایک بایە کەچی بەکچ دەرچووبوو!

بەبێ گومان ئەمڕۆش، شیعر لە مندا گرێی سەرکوتکراوی مۆسیقایە. هەروەکو ساڵانێکی زۆر لەسەر ئەم بڕوایە بووم و «بەشقەم هەبم» کە وێنە و ڕەسمە سەمائاساکانی فەڕش وقاڵی، گرێی سەما و مۆسیقایە، کە ئایینی ئیسلام لە حاندی ئەوانە تابلۆ و نیشانەی »هام و شۆ یاساغ«ی داناوە. ساڵی دواتر کە ژیانی چەتوونی شاری مەشهەد هەمدیس ئێمەی گەڕاندەوە بۆ «بەلووچستان» بارێک خۆزیا و نەتوانین و ناهومێدیم لەسەر دڵ بوو. ناهومێدی لە «تێکەڵ بوونی مۆسیقا و من». لە پاش ئەمە ئیدی هەرگیز وەسەر نەکەوتم، ئیدی ببڕاییبڕ نەبوومە منداڵێکی دەرس خوێن، ڕاستییەکەی بڵێم: سووتام!

بە شەلەشەل بەنمرەیەکی هەرە کەمەوە کە دەکرێ کەسێک بیگرێ لەم پۆلەوە دەچوومە ئەو پۆل، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک فێر بم. لە بەر ئەوەی دەمزانی کە دەبێ خۆزیا و خولیای مۆسیقا لەگەڵ خۆمدا بەرم بۆ دۆزەخ، ئیدی دەست و دڵم بۆ هیچ کارێک نەدەچوو: ئەوا کە ئێستا نەمتوانیوە پیانۆم هەبێ و ناشتوانم ئەو کەسە بم کە دڵم هاواری بۆ دەکا، دەیجا لێگەڕێ، هەرچی دەبێ با ببێ!

جیهان و سبەی و داهاتوو بۆ من تەواو نەبوو، هەر هەبوونیان نەبوو. پۆلی پێنجەمم لە زاهیدان وێڕای بێدڵییەکی نەخۆشانە تەواو کرد. تەواویشی لە خەودا. نیوەساڵێک لە شاری «تەبەس» و نیوەساڵێکمان لە

شاری «مەشهەد» لە سەرلێشێواویدا گوزەراند و لە ئاکامدا،-لە کۆتایی ساڵدا هەمیسان گەڕاینەوە «زاهیدان» و پۆلی شەشەمم بەنمرەی دە«١٠»وە تێپەڕاند.

قوتابخانە لە بۆم بەند و زیندان بوو. لەم یەک ساڵەی دواییدا، ڕووداوێک قەوما کە زامی مۆسیقاکەمی کەم و زۆر سارێژ کرد تاکو جێ وشوێن بۆ زامێکی تازە بکرێتەوە. بابەگەورەم لە لانی دایکەوە (بابی دایکم) میرزا شەریف خانی عێراقی کابرایەکی خوێندەواری کتێبخوێن بوو. بێت و هەڵەم نەکردبێ سەرۆکی «ئێرانی» شیلات بوو و زمانی ڕووسی زۆر چاک دەزانی. کابرا لە بەر خاتری دایکم - کە کچی بوو - دەستی لە ئیشی گرینگی خۆی هەڵگرت و هاتە لای ئێمە تاکو سەرپەرشتی کیژە دەربەدەرەکەی و منداڵەکانی بکات. کابرایەکی بەتەواو مەعنا ڕازاوە و پەروەردەی سیستەمی خانزادەکانی ڕووسیای کۆن، کە لە شوێن و بارودۆخی ڕامیاری دەورەی «تێزار» - شای ڕووس -دا پەروەردە ببوو. کتێبەکانی بەڕەگ و ڕیشەی گیانیەوە بەسترابوونەوە. چەندەها یەخدانی کتێب هەبوو و منیش دەستم کرد بەخوێندنەوەی کتێبەکانی.

ڕاست دوانزە ساڵان بووم و باش لە یادمە یەکەم شتێ کە خوێندمەوە کورتەچیرۆکێک بوو بەناوی »چاوەش«، نووسەرەکەی »هانری بۆردۆ« و وەرگێڕەکەی لە فەرەنسییەوە بۆ فارسی «پەرویز ناتل خانلەری» بوو و لە بڵاڤۆکێکی گچکەی بەناوی «ئەفسانە»دا چاپ ببوو. ئەم بڵاڤۆکە هەمیشە بۆ بابەگەورەم دەهاتو ئەم کورتە چیرۆکە سێ چوار لاپەڕەییە کە هەر لە بەر کورت بوونەکەی بۆ خوێندنەوە هەڵبژێردرابوو، ئاگری متاڵای لە منا داگیرساند و بووە جێگری ئەو خەم و خورپە و ناهومێدییانەی بەهۆی مۆسیقاوە ئێخسیری ببووم. هەڤاڵی ئەو سەردەمم، مەممەد مالکی بوو،کە لەوە پاش ببڕاییبڕ نەمدیتەوە،-بەڵام لەوە بەئاگام کە لەمڕۆدا لە سەرۆکە ملهوڕەکانی دایرەی شەمەندەفەرە« گیرۆدەییەکی شێتانەمان سەبارەت



بەیەکدی بوو و شەو و ڕۆژمان پێکەوە ڕادەبوارد. چیرۆکی چاوەش ئاگرێکی وەهای هاویشتە ناو بارووتی گیانمەوە کە ئەو چیرۆکەم «بە خەیاڵی خۆم» کردە شانۆیەک و شانۆنامەیەکم بۆ نووسی. هەر بەدەست بڕێکمان بیتاقە «بلیت» نووسی و نرخەکەشی بووە «هیممەتی خۆتان»، چونکە دەمانزانی کەس فلسێکمان ناداتێ. لە یادام دایە تەنیا کەسێک کە پووڵی دا، ئوستوارێکی سوپایی بوو کە لە ژێر دەستی باوکمدا کاری دەکرد، بەڵام ملک و ماشێکی زۆری لە شاری «بیرجەند»دا هەبوو، بەتایبەت باخاتی زەعفەرانەکەی کە لە ناوچەی «خوسووف»دا بەناوبانگ بوو. ئەم پیاوە بەدەست و دڵبازی و سەخاوەتەوە لە قەباڵ بیتاقەکەمان- دا پێنج تمەنی داینێ کە لەو عەیامەدا سامانێکی شایانە بوو چونکە نەماندەزانی چی لێبکەین، بۆ ماوەیەکی زۆر لامان مابوو تا ونمان کرد. دەی بەم چەشنە بوو کە لەناکاودا ئەوینی گەوەری موتاڵا کردن بووە جێگری ئەوینی هیوا بڕدراوی مۆسیقا.ئەم ئەوینەش ئەو کاتەی لە یەکەم ساڵی دواناوەندیدا لەگەڵ کتێبی موتاڵای «لیکتوور»دا بەرەو ڕوو بووم گەیشتە ئاستی شێتایەتی. دەتوت دەستم گەیاندبووە سەرچاوەی جادوویی هەموو ئەوینەکان. چیرۆکی (چاوەش) بەزەینمدا تێپەڕ دەبوو و لیکتووری پڕ نەهێنی لەبەرچاوم قوت دەبۆوە و بەخۆم دەوت: «بە بێ گومان زۆر شت لەم کتێبەدا هەیە کە «چاوەش» لە ئاستیدا چەشنی دڵۆپ لەهەمبەری زەریادایە». بەڵام لە قوتابخانەدا، ئەوەیان دێڕ بەدێڕ و وشە بەوشە بەدەرس پێدەوتین. ئاخە کوانێ وزە؟ کوا تابشت و ئارا و قارا؟

دەمویست تەواوی بەجارێک هەڵڵووشم. بەڵام چۆن؟ بەیارمەتی «دیکشنەر». دۆزینەوەی ئەم خاڵە کە کتێبێک بەناوی دیکشنەر هەیە و کلیلی ئەم نەهێنییەیە، دۆزینەوەی «ئاوی حەیات» بوو.

ئەمە ڕاست بوو. بەڵام ئەو پووڵەی کە بکرێ کتێبێکی ئاوا گرانبایی پێ بکڕدرێ، کوانێ و لە کوێیە؟ چ ڕۆژانێک کە لە پشت جامی کتێبفرۆشێ

ڕادەوەستام و ئەو تەنها دیکشنەرە فەرەنسی بەفارسییەم سەیر دەکرد، دڵی دەڕفاندم و لە جیهانی خەیاڵاتدا لاپەڕەکانیم هەڵدەداوە و..

چەند چەلان مەزندەکەیم لە کتێبفرۆش پرسیار کردبوو: بیست و چوار قران! (کوانێ ئەم گشتە پووڵە؟ ئەمە گەنجی قارِوونی دەوێ) هەر لەو ڕۆژانەشدا بنەماڵە دیسان کۆچی کرد بۆ مەشهەد، دیسان بەبێ باوکم. ئەو لەو کاتەدا لە قشوونەکانی سنووری ئێران و ئەفغانیادا بۆ مەئمووریەتی ناردرابوو، هەروەها لەگەڵ خۆزیای دیکشنەرِدا دەسووتام کە داخەکەی چەشنی داخی مۆسیقا مزرو سووتێنەر بوو. یەکەم مانگەکانی شاری مەشهەد بەخەمی دیکشنەر و خەمی دەستەنگی بنەماڵەوە تێپەڕی، هەتا لە ناکاودا – ئەو نەوەد تمەنە پووڵەی باسم کرد گەیشتە دەستمان. برِێ لە قەرزەکان درانەوە و سوغرا چەند جارێک ڕۆیی و گەڕاوە و لە ئاکامدا هەژدە تمەن ماوە کە لە نێوان قەرزەکەی باوەگەورەم و موخاریجە پێویستییەکانی بنەماڵەدا دابەش کرا. بابەگەورە، ئەسکیناسە پێنج تمەنیەکەی خۆی نایە نێوان کیفە باخەڵییەکەی و کیفەکەی هاویشتە گیرفانی کۆتەکەیەوە. جا ئەمجار بەجوانی و زەریفی هەر وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی بوو، بەشانە ئاسنینە گچکەکەی سەرقاڵی شانەکردنی سمێڵە ئەستوورەکانی بوو. من لە پشت شووشەکەوە تەماشایەکی کۆتەکەی بابەگەورەم کرد – بەرەخت ئاوێزەکەوە هەڵواسرابوو. –هەڵلەرزینێکی پڕ لە نەفرەت دایگرتم: ئاخ! بێت و دەست درێژ کەم، دیکشنەرەکەم وەچنگ دەکەوێ! ساڵانێک دواتر نامیلکەیەکی گرینگم خوێندەوە سەبارەت بەتیۆر و پراکتیک. بەڵام ئەو ڕۆژە کاتێک کردە لە دایک بوو، زانست هێشتا لە قۆناخی دەڵەمەییدا بوو. لە ڕاستیدا ئەو بڕیارەی هێشتا نەگیرابوو،–وەها خێرا بووە کردە، کە ئەو کاتەی ئەسکیناسەکەی بابەگەورەمم دەنایە گیرفانمەوە، وا بزانم نەک هەر بۆ ئەوەی ببمە خاوەنی، بڕیارم نەدابوو، بەڵکو هێشتا سەرقاڵی ئەوە بووم چۆنی بدزم؟ چۆنیەتی دژەکردەی



بنەماڵەکەم لەم کارە بێ پێشینەیەدا هەڵدەسەنگاند و شەرموشوورەیی ئەم کارە هێشتا فکرم لەوە دەکردەوە بڵێی ئەم کارە وەک دەڵێن «دزی کردن» بێ، بێتوو وابێ،–ئەم حوکمە کە دەڵێ: «هێلکان دز دەبێتە هوشتر دز» بڵێی لە گەڵیدا یەک بێ؟ تەنانەت وای بۆ دەچم لە ئاخریدا هەر بەم هۆکارەوە توانیم خۆم ڕەزا بکەم و داگیرکردنی پووڵی بابەگەورە– بسەلمێنم، کە بەسەرسووڕمانەوە بینیم کار لە کار ترازاوە! بەبێ گومان ئەمانە ئەفسانە سازی نین، ساختەو پاختە کردنی ڕووداوەیەکی گچکە نین: لە یادمدایە باوەکو لەمەوبەر بینیبووم ئەو پووڵەی بابەگەورە دەیهاوێتە کیفی باخەڵی کۆتەکەیەوە، ئەسکیناسێکی پێنج تمەنییە، ئەو کاتەی کە وا بینیم و لە بۆ مەبەستی داگیرکردن دەستم لێیکەوت، تازە ئەو کاتە لێم ڕوون بۆوە کە من تەنها نیوەی ئەو پووڵەم دەوێ. دەیجا لە حاندی ئەو نیوەیەدا کە پێویستیم پێی نەبوو، زۆر پەرۆش بووم و هەستی شەرمەزاری و بێ ئەنواییم کرد. زۆر بەوردی هەر ئەو بیست و شەش قرانەم بەدزی دەزانی کە هەوجێم پێی نەبوو!

دەیجا پووڵ بەسانایییەکی بێ باوەڕانەوە هاتە گیرفانمەوە، چما باسی شەرمەزاری و گومان و نەفرەت نەکەین، بەگوێرەی ئاو خواردنەوە، وەها بێ سەرەتا و سانا و کت و پڕ، کە بەراستی وەچنگ کەوتنی دیکشنەرەکە، کە ئەو گشتە خۆزیا و حەسرەتەم بۆ خواردبوو، باوەڕ نەدەکرا.

کتێبفرۆشی «زەوار» لە قاتی خوارەوەی بینای چوار نەهۆمی بەناوبانگی مەشهەد بوو. بەپۆز و ئیفادەی ملیاردێرێکەوە کە سەرقاڵی کرینی ڕۆڵز ڕۆیسی هەرە گرانی جیهان بێ، دیکشنەرەکەم کڕی. لە شانی باخی گشتی نەتەوەییدا کافەیەکی گچکەی لێبوو کە لیمۆناد و پاڵوودە و بەستەنی دەفرۆشت. کاژێرێک لەوێ دانیشتم و یەک لە دوای یەک سێ پاڵوودەم خوارد. ئاخە دەبایە سەری پاشماوەی ئەو پووڵەم بەگۆمدا کردبایە، دەبایە شوێنەواری تاوانەکە بشۆرمەوە. بەڵام هێشتا دژواری گشتی و سەرەکی

کارەکەم بۆ وەدەرنەکەوتبوو: سێ پاڵوودە، بەهەموویەوە دەیکردە سێ عەباسی. ئەمە کەی دەگاتە بیست و شەش قران! لەگەڵ خواردنی هەر پاڵوودەیەک و جارێکم کتێبەکە هەڵداوە، یەکەم کەڕەت سەیری وێنەکانم کرد، لە دوایین کەڕەتدا کەوتمە هەوڵی ئەوەی بزانم بەزبانی فەڕەنسی بەبەستەنی دەڵێن چی؟ سەیرە! ئاخە چۆنی بدۆزمەوە «ئەڵبەت دیکشنەڕەکە فەڕەنسی بەفارسی بوو»! لە بەر ئەوەی نەریت و یاسای ئالفابێتای وشەنامەم نەدەزانی هەر وەکو کەرێکی لە قوڕدا بچەقێ، دامابووم. ئاخە چۆن دەکرێ بۆ دۆزینەوەی واتای هەر وشەیەک دەورێک کتێبەکە هەڵدەمەوە: – بابەگەورە–ی هەژارم شەوی دواتر نەهێنییەکەی بۆ کردمەوە و چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لە فەرهەنگ و وشەنامەی فێر کردم – پاشماوەی پووڵەکەم بەم خۆڕایی و خێراییانە تەواو نەدەبوو. لەو بڕیارانەی کە بۆم گرت چی لێ بکەم، یەکیان ئەمە بوو: لە شوێنێک لە ژێر گڵ و خۆڵدا حەشاری دەم، بەڵام کەللەی زەلام هێشتا هەر لە ژێر لێفەدا بوو، تەنها ئەو کاتەی کە گەیشتمە نێزیک ماڵی خۆمان ئەمەم بۆ دەرکەوت: یانی بەم دیکشنەڕەوە بڕۆمە ژوورەوە؟ ئەدی پرسیارم لێناکەن ئەمەت لە کوێ بوو؟ بوومە سەهۆڵ! چەند کەڕەت بەدەوری گەڕەکی «سەراو»دا گەڕام و فیکرم کردەوە، عەقڵم سەرەندەری نەکرد. دڵەکوتەی ئەوەم بوو کەبە دیکشنەڕەوە بەکتێبی لیکتووردا بچمەوە. بەڵام تەنها ڕێگای چارەسەر کردنی ئەم کێشەیە، ڕێگەی هەرە ناهومێدکەرەوە بوو: گەڕانەوە بۆ کتێبفرۆشی «زەوار» و تکاکردن لە کابرای کتێبفرۆش: (بێ زەحمەت ئەم کتێبەم تا سبەینێ بەئەمانەت بۆ ڕاگرە، تاکو لەم ماوەیەدا فکرێکی بۆ بکەمەوە) تەقریبەن گەییومەتەوە ئەو شوێنەی بیست شەقاوی بمێنێ بۆ چوار نەهۆمەکە، لە ناکاودا کلیلی ئەم نەهێنییە لە ئاسمانەوە بەربۆوە بەرپێم...

بنەماڵەی دوکتۆر «ن» تەقریبەن هاوسێمان بوون و کوڕەکەیان –



عەبدوڵڵا خان – هاو قوتابخانەییم بوو، ئەڵبەت هاوقوتابخانەیی، نەک هاوپۆل. ئەم عەبدوڵڵاخانە بەڕاستی عاجباتی و سەیر بوو،–ئەو شتەی وا لێی نەدەکاڵاوە ئەمە بوو کە قوتابی پۆلی سێی دواناوەندی بێت. زیاتر شیاوی ئەوە بوو گاراجدار یان دەلاڵی سەودا و مامەڵەی مڵک و ماش بێ. قەڵافەتێکی ئەستوور و قەد و گیپاڵێکی کورتیلە و زگێکی تێکسمڕاوی بوو، زۆر سەیر چوار شانە بوو. چاوە خێلەکانی کە لە پشت چاویلکەکانیدا لە قاپ گیرابوو، بووە هۆی ئەوەی کاتێک کە بۆ یەکەم کەڕەت لە تەمەنمدا ڕەسم و وێنەی «ژان پۆل سارتەر»م بینی، بەینێکی زۆر زەینم کۆڵییەوە: (ئەم کابرایەم لە کوێ بینیوە؟) لە یەکەم چاوپێکەوتندا هەستێکی سەیری لە مرۆڤدا پێکدێنا: هەستێکی بەڕاستی لەمە چەتوونتر بێ کە پیاو بتوانێ تەمرێکی لێدا (لە چنگی ڕزگار بێ). هەر بەیەک هۆکارەوە،–قەڵافەتی بەچەشنی سەرە هوشترێک بەسەر زەینی مرۆڤدا دەکەوت و ئەشکەنجەی دەکرد. ڕەنگە بڕواکردنەکەی بڕێ دژوار بێت و بڵێم: من نەهێنی ئەم هەستە گەنە ئاساییەم سی ساڵ دواتر بۆ دەرکەوت،– ئەویش تەواوەن بەهەڵکەوت. ڕاست وەکو (شازادە بیچکۆلە) لەو کاتەدا کە ڕێوی باس و خواسی »ماڵیبوون«ی بۆ دەکات، یانی تەقریبەن لە پاش مردنی سۆراب، تازە بۆی دەرکەوتبوو کە خاک و گڵ، ماڵی و دەستەمۆیان کردووە. نەهێنی عەبدوڵڵاخان ئەمە بوو کە دەتوت بیچم و قەڵافەتی بەپێچەوانەی تەمەنی سووڕابوو: لە جیاتی ئەوەی قەڵافەتی وەکو تەمەنی لە منداڵی–ڕا بەرەو پیری بڕوا، لە پیرییەوە بەرەو لای منداڵی دەگەڕاوە. لەوە دەچوو ساڵان پیر بووبێ و ئێستا خەریکە بەرە بەرە دەبێتە تازە لاوێک.

زڕدایکێکی سەرسام هێنەری بوو کە دڵی دوکتۆری دزیبوو. جا لەبەر ئەوەی عەبدوڵاخان بوونەوەرێکی بەڕاستی بەدڕەزا و خوێنتاڵ بوو کە مسقاڵێکی بەدوو خەڵوار هەنگوینەوە نەدەخورا، لە ماڵێدا وەکو کتێبە

کۆنی دوعای لێهاتبوو، - نەدەکرا حەوای دەن و نەدەکرا لە گەڵیدا هەڵبکەن - ژوورێکی بەردەرگای حەوشەیان پێدابوو هەتا هەر گوویەک دەکا، لەوێدا بیکا. پووڵ و مانگانەیەکی باشی لە باوکی وەردەگرت، خواردەمەنی و جلوبەرگی دابین کرابوو،-ئیدی کەس کاری بەکاری ئەو نەبوو. دەیجا عەبدوڵاخان هەموو کارێکی دەکرد. بێج لە دەرس خوێندن: جگەرەی دەکێشا، ئارەق و شەڕابی دەخوارد، وەکو سەرقاڵبوونێکی هونەری سێ تاری دەژەنی، ئەویش چ ژەنینێک؟ موسوڵمان نەیبیستێ و کافر نەیبینێ! وەلحاسڵ، عەبدوڵاخان بووە کلیلی جادووی نەهێنی من و پێکەوە گەڕاینەوە، لە کافەی بەستەنی فرۆشدا دانیشتین، لە باڵای من داوای لێکدراوی پاڵوودە و بەستەنی و شیرنی و کولووچەیەکی زۆری کرد و هەر وەکو دەیخوارد و دەیخواردەوە گوێی لە شاکارەکەی من گرتبوو. پێیم وت: حەتمەن تا ئێستا زانیویانە کەسێک پووڵەکەی بابەگەورە-ی لە گیرفانی دەرهێناوە. منیش داماوم ئەم دیکشنەڕە زەلام و ئەستوورە چۆن بەرمەوە ماڵەوە کەس پێنەزانێ و چۆنی کەڵک لێوەرگرم کەسێک نەیبینێ، لە بەر ئەوەی...

عەبدوڵاخان بەزاری پڕەوە وتی: حاڵیم، ئەرێ حاڵیم. کەوچکەکەی دانا، دیکشنەڕەکەی هەڵگرت، چەند پەڕەی هەڵداوە، سەنگ و سووکی کرد و پرسی: بایی چەندە؟ کەر بووم و وتم: بیست و چوار قڕان. لەسەر سوورماندا فیتوویەکی لێدا و هەمدیس کتێبەکەی لە ناو دەستیدا هەڵسەنگاند. ئەڵبەت ئەم چەلە وەکی شتێکی بایەخدار و گرانبایی. وتی: بەتەمای لە لای منی دانێی؟ ها؟ وایە؟...

وتم: نا،نا. ئەو کاتە کەڵکی چییە؟ ئە ئاوا! دەیتوانی هەر لە کتێبفرۆشیدا بایە.

وتی: ئەی دەڵێی چی؟ وتم: تۆ ئەوەندە زەحمەت بکێشە بیبە



ماڵەکەتان، من شەوێ سوغرا دەنێرم و هەواڵت بۆ دەنێرم کە ئەم دیکشنەڕەم یەک دوو شەو بەئەمانەتی بدەرێ.... لە پاشان کارێک دەکەین، مەسەلەن دەڵێم: عەبدوڵاخان ئەمەی بەمن بەخشیوە. وتی: بەڵێ، - فیکرێکی باشە. بەخاترجەمییەوە بەرەو ماڵ بووینەوە. بەتەما نەبووم سەبارەت بەپاشماوەی پووڵەکە کە بەم خۆڕاییانە مەسرەف نەدەکرا شتێک بەعەبدوڵاخان بڵێم. بەڵام لە نێزیکی ماڵەوە ترسێکی سەیر چنگی لە گیانم وەردا. لە ناکاو هەزار چەشنە فیکر و خەیاڵ لە کەللەم دا سەریان هەڵدا: چەندەها چەشن و گوێرە ڕووداوی چاوڕەوان نەکراو کە بۆی دەچوو بقەومێن و ببنە هۆی ئاشکرابوونی نەهێنییەکەم،-یان ئاکامەکەیان ئەوە بوو کە لە ئەقڵ بەدووره من ئەم پووڵەم لە باخەڵدا بێ. بەڵام کە چارەسەر کردنی گرفتەکەمم لەوەدا بینی کە ئەم پووڵە بدەمە عەبدوڵاخان، قێزم لە خۆم دەهاتەوە. دەمزانی دایکم چەندەی هەوجێ بەشایی بەشایی ئەم پووڵە بوو،-دەمزانی کارێکی زۆر هەڵەم کردووە و شان و باهۆی من تابشتی ڕاگرتنی ئەم بارە قورسەیان نییە، لە هەر لایەکیشەوە بەری بگرم دەروونم لە هەڵگرتنی ئەشکەنجەیەکی زیاتر ڕزگار کردووە، لە ڕاستیدا دەمزانی ڕێگای گەڕانەوەم نییە و لە خۆڕا پەلەقاژەمە و لە خۆڕا خۆم ماندوو دەکەم. بەجووڵانەوەیەکی خێرا، دەستم لە گیرفانم دەرهێنا و ئەو پووڵەی ناو مشتمم کە ئارەقەی کردبوو، بەرەو عەبدوڵاخان گرت و هەر ئەوەندەم توانی پێی بڵێم: بۆ تۆ.

ساڵی نووسین: ١٣٢٧ (١٩٤٨)

## هەڵوا بۆ ئەوانەی زیندوون

پێشکەش بەهاوڕێیان: بێهرووز ئەسراری و ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە

فــیلمنامــەیەک لە ژێر کــاریگەری دیمەنێکی خــێــرای ڕۆمــانی »پاپەتییەکان«ی زاهاریا ئیستانکۆدا

پێرسۆناژەکان

حەسەنی – غولام – سمایلە کەچەڵ – مەشهەدی ئامینە – چووق ئەلف (باریکەڵە) – تاقمێ منداڵە دێهاتی کۆنەپۆش – چەند ژنێکی تازیەبار

گۆرانییەک لە پانتایی فیلمەکەدا:

(ئای ئای، وای وای، وای لە حەوزەکە، مریشکە چوو ئاو بخواتەوە، کەوتە نێو حەوزەکە، یەکێ چوو دەری بێنێتەوە، تێکەوت و نقوومی ئاو بوو، یەکێ چوو بیکاتە کەباب، (با) بەسەر خۆڵەمێشەکەیدا تێپەڕ بوو و...)

یەک: شانۆ: سووچێکی مەیانی گوندێک

کات: پێش نیوەڕۆ

کەسێتییەکان: تاقمێ منداڵی هەشت ساڵان تا دوانزە ساڵان سەرقاڵی (گوێزێن)ن.



١– وێنەی زۆر گەورەی چەند گوێزێک کە لەشانی یەکدیدا لەسەر زەوی ڕیز کراون.

٢– دەستی قەڵەشیوی منداڵێک گوێزێکی لە دۆخی مۆر هاویشتندا لەسەر عەرزی داناوە و بەگوشاری قامک و پەنجە مۆرێک دەهاوێ.

کامێرا، بەشوێن گوێزەکەدا دەڕوا تا دەگاتە گوێزەکانی ڕیزی پێشەوە، تا دەیانئەنگێوێ و بڵاویان دەکاتەوە. لە پاشان، کامێرا زۆر خێرا دەگەڕێتەوە دواوە و بەرەو ژوور دەمانباتە دیمەنی مەیانی گوندەوە و شوێنی یاری منداڵەکانمان بۆ خۆیا دەکات.

فەورەن لە پاش ئەوەی گوێزە مۆرکراوەکە لە گوێزەکانی ڕیزی پێشەوە کەوت،–زەنازەنای منداڵان کە هەرکامیان دەسپێکردنی سەرەتای یاری بەمافی خۆیان دەزانن، بەرز دەبێتەوە:

منداڵان: (تێکەڵ و پێکەڵ): من، من، من، نۆرەی منە، نۆرەی منە...

٣– کامێرا هەروەها درێژە بەبزووتنەوەی بەرەو پاشەوە دەدات.

لە پلان و کادرێکی گەورەدا، منداڵان وەدەردەکەون کە بەسەروپۆتراکی ئاڵۆزاو و شێواو و خۆڵاوییەوە زەنازەنایانە و هەر کەس تێدەکۆشێ تا خۆی بەسەر دیتراندا داسەپێنێ.

گەشتی کامێرا هێندە دەخایەنێ تا (حەسەنی) دێتە ناو (کادر)ەوە و بەشێکی گەورەی شانۆ دادەگرێ. ڕاوێستانی کامێرا

حەسەنی لە بەر دەمی پلاندا، لە نومایەکی گەورەدا، سەرباقی منداڵانیش هەروەها لە پانتاییەکەدا لە هەڵڵاو زەنادان.

سەرنجی حەسەنی بەرەو یارییەکە نییە. بەڵکو بەتاسەو مەیلەوە هەموو نیگا و سەرنجی خۆی بڕیوەتە:

٤– وێنەی درشتی شووڵە بییەک کە بەهاڵقەیەکی مارپێچی لە سەرێوە بۆ خوارێ،–پێستەکەیان لێ کردۆتەوە.

ویرای کێشانی کامێرا بۆ دواوە، (جەمال) کوڕەی خاوەن شووڵەکە دێتە ناو کادرەوە. ئەو لە دۆخێکدا لەسەر زەوی دانیشتووە، هۆش و سەرنجی بەرەو منداڵەکانە، بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئیشی خۆی بێت، سەرێکی شووڵەکە بەردەوام بەعەرزیدا دەکوتێ و دەم بەپێکەنین سەیری منداڵان دەکات.

لەگەڵ ڕاوێستانی کامێرا، جەمال دەم بەپێکەنین بەرەو حەسەنی ئاوڕ دەداتەوە، هەتا شتێکی پێ بڵێ، زاریشی دەکاتەوە، بەڵام بۆی دەردەکەوێ:

٥- حەسەنی لە شووڵەکەی ئەو خوردبۆتەوە و زۆر موشتەری و کڕیار ئاسا لێیدەڕوانێ.

٦- زەردەخەنەی جەماڵ بزر دەبێ و چەند هێڵێکی هێما و نیشانەی بەدفەڕی و بەدئەندێشی لە ڕوخساریدا وەدەر دەکەوێ:

هەر وەکو لە ژێر چاوڕا ئاگاداری دژەکردەی حەسەنی-یە. شووڵەکەی بەرز دەکاتەو فووی لێدەکا، بەبەشێ لە قۆڵی دڕاوی کراسەکەی خاک و خۆڵی شووڵەکە، دەسترێ و وا دەنوێنێ کە خاوەن شتێکی زۆر بایەخدارە و قەدر و قیمەتیشی باش دەزانێ، بەڵام بۆ چرکە ساتێ کەمتەرخەمی کردووە و شتە گرانباییەکەی لە خۆڵی زەوی داوە.

٧- حەسەنی کە قینی لەم بارودۆخە هەستاوە، دەڵێی لەگەڵ خۆیدا قسان دەکات:

حەسەنی: - جا سەیری کە چ ئۆین و ئەدایەک دەردێنێ!

٨- جەمال بەقۆڵی کراسەکەی و ئاوی زاری سەرقاڵی ساف ولووسکردن و ورشەدارکردنی شووڵەکەیە:

جەمال (لەسەرەخۆ): دەی باشە... ئەمە... چەشنە شووڵێکی تایبەتە،



کە... هەر بەچەند دەقیقە و کەڕەتێک... هەر وەکو ئاگات لێیە.... دەبێ خزمەتی بکەی!

٩- حەسەنی چاوەکانی چکۆڵە دەکاتەوە، دوو سووچی لێوی شۆڕ دەکاتەوە و چەند هێڵێک دەخاتە سەر کەپۆی:

حەسەنی: هەی نۆک ! شووڵە (بی)یە!

١٠- جەمال بۆ گاڵتەکردن بەحەسەنی پێکەنینێکی قەستینە دەکات.

جەمال: هەی هەی! شووڵە (بی)یە ؟... دەی باشە! فەرموو تۆش بڕۆ و یەکی ئاوا ساز بکە، ئەی لەسەر چی ڕاوەستاوی؟ (لەگەڵ خۆیدا درێژە بەقسەکانی دەدا): هەی، شووڵە بی!

حەسەنی: کورتی ببڕینەوە، -بە پێنج گوێز دەمەوێ، پێنج گوێزی ساخ و کاکڵ سپی.

لە کادری پلانەکانی ٤ تا ١٠دا دەمەتەقەی منداڵان گەیشتووەتە ئەم ئاکامە کە دەبێ حەسەنی (متە) داکات... لەم بێدەنگییەدا - لە پاش پێشنیاری حەسەنی بۆ جەمال - کە لە نێوان ئەم دوانە دایە، دەنگی منداڵان لە پانتایی پلانەکەدا دەگاتە گوێ، تێکەڵ و پێکەڵ دەڵێن:

دەنگی منداڵان: حەسەنی (متە) داکا. زۆر چاکە،-باشە، حەسەنی متە داکات، حەسەنی داکات...

ئەم دەستەواژەیە زۆر زوو قاوغ دەگرێ و منداڵان هەر وەکو حەسەنی حەسەنی دەکەن، پێکەوە بەدەنگ و ئاواز دەیڵێنەوە... بەڵام لە پێش ئەوەیدا هەموو منداڵان پێکەوە هاودەنگ بن، جەمال کە بەتەوس و توانجەوە سەیری حەسەنی دەکات، بێدەنگیی نێوان خۆی و حەسەنی دەشکێنێ و دەڵێ:

جەمال: حاح! وێڵ خەرجی و دەستبڵاوی مەکە حەسەنی، گوێزەکانت داچێنە شین بن... دەبنە هەزار گوێز

١١- پلانی گشتی

لە دۆخێکدا منداڵان سەیری لای حەسەنی دەکەن، تێکڕا بەدەنگ ئاهەنگ دەچڕن:

منالآن: (لەسەر کێشی فەعوولەن - فەعوولەن): حە -سە -نی - م - تە - دا- کا،... حە -سە -نی - م - تە - دا- کا،... حە -سە -نی - دا- کا،... حە -سە -نی - دا- کا...

١٢- حەسەنی دەم بەپێکەنین هەڵدەستێ و بەرەو منداڵان دەچێ و بۆ درێژەدان بەیاری، سەرقاڵی داکردنی گوێزەکانی خۆی دەبێ.

١٣- غولام (یەکێ لە منداڵان) مل خوار و سەرشۆڕ،- بەنیگایەکی پڕ لە تامەزرۆیی یارییەوە، بەهەنگاو هەڵێنانەوەی لەرزۆک و دوودڵییەوە بەرەو پێشەوە دێ.

منداڵێکی پێنج ساڵانەی کزو لەڕو لاوازە، چاوەکانی لێڵ و سوور هەڵگەڕاون و کەپۆشی باریک بۆتەوە، پاڵتۆ کۆنێکی دڕاو و درێژی لەبەردایە کە ئاتەگەکەی دەگاتە سەر خاک و خۆڵی زەوی و قۆڵەکانی دوو هێندەی دەست و باسکی غولام دەبن.

١٤- منداڵان وەها سەرقاڵی یاریکردنی خۆیانن، ئاگاداری هیچ کوێ نین.

١٥- غولام لەوپەڕی لێقەوماوی و مەزڵوومیدا بەترس و دوودڵییەوە هەنگاوێک دوانی دیکە دێتە پێشێ و بەدزییەوە مل دەکێشێ

١٦- حەسەنی سەرقاڵی دامەزراندنی گوێزێکە کە دەیهەوێ «مۆر»ی پێ بهاوێ، لەم کارەشدا ئەوپەڕی وردەکاری دەکات و هەر بەم هۆیەوە:

١٧- هەموو منداڵان لە بێدەنگییەکی ڕەهادا چاویان لە دەستی حەسەنی- یە و کەس نقە و مرخەی لێوە نایە

١٨- غولام بەدەنگێکەوە کە زیاتر خێسەخێسی دڵتەزێنی سنگیەتی و



زیاتر لە ناڵاندن دەچێ، لە ناکاودا لەو بێدەنگییە ڕەهایەدا بەپاڕانەوە و تکاوە دەڵێ: منیش گوێزێن دەکەم!

١٩- وێڕای بیستنی دەنگی ئەو، منداڵان بەخۆف و ترسەوە دەکشێنەوە و لە لایەکدا کۆ دەبنەوە.

یەکێ لەو منداڵانە: بڕۆ لاچۆ! تۆ سیلداری، ئازارە باریکەتە، دوکتۆر وتوویە شەش مانگی دیکە دەمری... بڕۆ سیلدار! بڕۆ-لەبەر چاومان ون بە!

٢٠- غولام گریانی دێتێ، سەیریان دەکا و بەڕوخساریدا دیارە لەوانەیە وەگریان کەوێ.

٢١- یەکێ لە منداڵان دەڵێی لە ناکاودا بابەتێکی بەیادکەوتۆتەوە،-بەرەو هەڤاڵەکانی دەگەڕێتەوە و دەڵێ: کوڕەکە: منداڵان! دایکم دەیوت هەناسەی غولام بەسەر هەر کەسدا بنیشێ، جەرگی کون کون دەکا...

لەوکات و ساتدا هەموو منداڵان بەهەرا و هوریاوە ڕادەکەن، ڕەنگە ئەم کارەیان زیاتر گزی «قۆشمەگەری»بێ نەک ترس و خۆف.

٢٢- غولام بۆ-ساتێ دەرفیکرە و بەسەرسووڕمانەوە سەیری ڕاکردنی ئەوان دەکات، لە پاشان لە ناکاودا بەری دەروونی خۆی بۆ ڕاناگیرێ و هەر وەکو وێڕای گریان، کۆخە کۆخێکی (مەرگەزێ)یەتی،-دەگەڕێتەوە و بەو پاڵتۆ درێژەوە کە ئاتەگەکەی بەسەر زەوی و خاک و خۆڵدا دەخشێ،-ناهومێد و هیوابڕاوانە دووردەکەوێتەوە.

کات، دوو: کووچە باغی گوند. هەمان ڕۆژ و هەمان سەعات و هەر ئەوان

١- منداڵان بەهەڵبەز و دابەز دەگەنە ئەم شوێنە

یەکێ لە منداڵان: ئێرە باشە، نۆرەی حەسەنی بوو. (بە حەسەنی دەڵێ): گوێزەکانت داکە، یاڵڵا!

٢-حەسەنی گوێزەکانی دادەکا، مەوداکە بەشەقاو دەپێوێ. گوێزێکی

دیکەش بۆ »مۆر« هاویشتن دادەنێ، دادەنیشێ و ساز دەبێ، لە پڕدا کوڕێک کە لە شانی حەسەنییەوە، -بەرەوڕووی ئەو هەڵترووشکاوە،- سەیری پشت سەری حەسەنی دەکا، دەستی خۆی داوێتە سەر دەستی حەسەنی تا دەست ڕاگرێ، برێ سەروپۆتراکی خۆی دەدزێتەوە تا لە پشت حەسەنیدا خۆی حەشار دات. لەم دۆخەدا لە سەرەخۆ بەحەسەنی - کە سەیر ماوە - دەڵێ:

کوڕەکە: ئەجەلت هاتووە حەسەنی، باوکت - سمایلە کەچەڵ - خەریکە دێ بۆ-ئێرە

٣- سمایلە کەچەڵ لە ڕوانگەی منداڵاندا بەدیار دەکەوێ، زۆر بەهەڵەداوان بەرەو ئەوان دێ.

٤- منداڵەکانی دیکەش کە بۆ سەیرکردنی (مۆر) هاویشتنی حەسەنی لە شانی یەکدیدا هەڵترووشکاون،- دەگەڕێنەوە و سەیری سمایلە کەچەڵ دەکەن.

یەکێ لە منداڵان: وەی وەی وەی! ئەو ڕۆژە باوکت دەیوت بێتو ببینێ چەلێکی دیکە گوێزێن دەکەی، کەوڵت دەکا!

منداڵەکانی دیکە زۆر قورس و مانوو ڕاستەوە دەبن، دوایین کەس هەر وەکو خەریکە هەڵدەستێ لە نێوان دیان و گەرووییەوە دەڵێ:

ئەو منداڵە بەحەسەنی: گێژی خوا! تا باوکت نەگەیشتۆتە بەرەوە، بۆی دەرچۆ، ڕاکە! ڕاکە!

٥-حەسەنی،-ناهومێدانە تەماشای ڕێگاکە دەکات و چاوەڕوانە

حەسەنی: (هەر لە هەمان دۆخدا): کەڵکی چییە؟ باشتر دەمبینێ!

٦- منداڵێکی دیکە کە لە گوێزەکان نیزیکترە لە دۆخێکدا کە چاوی بەدزییەوە لە سمایلە کەچەڵە، بەهێمنی دەست دەبات و بەزەبرێک



گوێزەکان هەڵدەگرێ و هەر وەکو خەریکە دەیانهاوێتە گیرفانی خۆیەوە، وەک ئەوەی چی نەکردبێ لە شوێنەکەی هەڵدەستێ و لەژێر لێوڕا دەڵێ:

منداڵەکە: لانی کەم، دەبا ئەمانە نەبینێ کە وەک ئەو ڕۆژە بیانشکێنێ

٧- سمایلە کەچەڵ نیزیک دەبێتەوە و ئاخری دەیانگاتێ

منداڵەکان: (تەقریبەن هەموویان): سڵاو، سڵاو، سڵاو

یەک دوانێکیان (بەڕیایی و جامەلووسکییەوە): سڵاو مامە سمایل، - سڵاو مامە گیان!

٨- حەسەنی بۆتە مشکە تۆپیو (زۆر ترساوە)

٩- سمایلە کەچەڵ بەڕواڵەتێکی ئاڵۆز و خەفەتبارەوە، لە وەڵامیاندا لە ژێر لێوڕا شتێک دەڵێ کە نابیسترێ و دوور دەکەوێتەوە.

١٠- منداڵان بەسەرسوورمانەوە،-هێدی هێدی لەو دۆخە دێنە دەرێ. بەڵام لە ناکاودا بەهۆکاری بیستنی دەنگی سمایلە کەچەڵەوە، بۆ جارێکی دیکەش هەر هەموویان دەچنەوە دۆخەکەی پێشوو.

دەنگی سمایلە کەچەڵ: حەسەنی!

١١- سمایلە کەچەڵ ڕاوێستاوە، بەچەشنێکی کاتی لە نێوقەد بەرەو ژوور، خۆی بەرەوڕووی منداڵان وەرسووڕاندووە و بەدەنگێکی میهرەبانەوە کە لەگەڵ ڕواڵەتە شێواوەکەی یەک ناگرێتەوە، ڕوو دەکاتە حەسەنی و درێژە بەقسەکانی دەدا:

سمایلە کەچەڵ: هەر لێرە بە،- لەگەڵ ئەم منداڵانەدا یاری بکە. جارێ مەیەوە بۆ ماڵێ... حاڵی بووی؟

١٢- حەسەنی کە هێشتا لە دۆخی ترس و خۆفدایە، بەسەرسوورمانەوە سەیری باوکی دەکات.

دەنگی سمایلە کەچەڵ: حاڵی بووی ڕۆڵە؟!

حەسەنی بەزاری داچەقیوەوە،- بۆ- نیشاندانی حاڵیبوون،-سەرێک ڕادەوەشێنێ

١٣- سمایلە کەچەڵ بەڕێ دەکەوێتەوە و لەو سەری کووچەباخدا لە چاو بزر دەبێ.

١٤- سەرسووڕمانی منداڵەکانی دیکەش لە سەرسووڕمانی حەسەنی کەمتر نییە. منداڵان هەر هەموویان سەریان وەرسووڕاندووە و هەر کام بەڕواڵەتی پرسیارکردنەوە سەیری حەسەنی دەکەن.حەسەنی لەناکاودا سەرەودەرەی کاری باوکی کردووە. کۆم دەبێتەوە و لە خۆشیدا ڕوخساری دەپشکوێ، پللە و چەقەنەیەک لێدەدا و بەدەنگێکی گاڵتە ئامێزەوە دەڵێ:

حەسەنی: منداڵ!-حاڵی بوون چ باسە؟

حەسەنی وەکو مراوی دەست دەکا بەڕاکردن بەدەوری ئەو شوێن و مەیانەدا کە منداڵان بۆی دەرەخسێنن. جووتە دەهاوێ و چەقەنە لێدەدا و دەنگی مراوی دەردێنێ و لە کۆتاییدا ڕادەوەستێ و بەهەمان دەنگی گاڵتە ئامێزەوە دەڵێ:

حەسەنی: خوشکە نەخۆشەکەم مردووە.... لە بەر ئەوە بوو باوکم بەدخوڵق و ئاڵۆزاو بوو، هەر لە بەر ئەوەش بەمنی وت نەچمەوە ماڵێ... گیان! گیان! ئیدی هەموومان دەتوانین زگێکی تێروپڕ هەڵوا بخۆین. هەڵوا!- هەڵوا!...لە پاشان هەمیسان دەست دەکاتەوە بەهەڵبەز و دابەز.

١٥- منداڵەکانی دیکەش لاسای دەکەنەوە و دەست دەکەن بەجووتە هاویشتن و چەقەنە لێدان و وەکو مراوی دەست دەکەن بەڕۆیشتن.

کات

سێ:



مەیانی حەوشە ئاسای بەرماڵی سمایلە کەچەڵ؛ لە پێش ئەویشدا کۆڵانی بەرامبەر ماڵی سمایلە کەچەڵ. هەر هەمان ڕۆژ، سەعاتێک لە پاش سیکانسی پێشوو.

مەیانی حەوشە ئاسای بەر ماڵی سمایلە کەچەڵ، بەسۆنگەی دیوارێکی نزمەوە کە نیوە تەواوە، یان بەسۆنگەی تەیمانێکەوە لە کۆڵان جیا دەبێتەوە. لەم چەشنەی دواییشدا دیسانیش لە بەشێک لەمبەر و ئەوبەری دەرگای ماڵێیان، تەیمان یان دیوارچەیەکی نەوییان کێشاوە.

شیوەنی ژنان کە تازیەباری دەکەن، لە ناو ژوورەکانەوە دەگاتە گوێ.

١٦- لە مەیانی بەر دەم ماڵێدا، لە ناو پاتیلێکی گەورەدا کە لەسەر کوچکاورێکی کاتییان داناوە هەڵوا ساز دەکەن. سێکانس هەر لەم مەنجەڵە گەورەوە دەست پێدەکا. »مەشهەدی ئامینە« چارشێوەکەی لە نێوقەدی گرێ داوە و بەکەوگیرێکی گەورەوە سەرقاڵی ئەمبار و ئەوبار کردنی ئاردی ناو مەنجەڵەکەیە.

لە پشت سەری ئەو، لەو سەری پلاندا دیمەنی بینایەک بەدیارەوەیە و ژنان بەچارشێوی ڕەشەوە لە بەر هەیوانە سەرانسەریەکەیدا لە هام- وشۆدان. جاروبارە ژنانی دیکەش، دوو دوو و سێ سێ دێنە حەسارەوە و بەشانی کوچکاورەکەدا تێدەپەڕن و بەرەو ژوورەکان دەچن.

١٧- حەسەنی لە کۆڵاندا لە دۆخێکی سەرۆک ئاسادا لەسەر تەیمانەکە دانیشتووە،- لاقێکی بەرەو کۆڵان شۆڕ کردۆتەوە و لاقەکەی دیکەی ئەستوون ئاسا لەسەر دیوارەکە داناوە. سەری شووڵە تەرێکی ئەستووری کە بەدەستەوەیە، -جاروبارە لەسەر نینۆکەکانی لاقی خۆی دەدا. «باشترە بڵێین لاساکردنەوەی جەمال لە یەکەم سێکانسدا»

١٨- لە شانی دیوارچە یا تەیمان یا جۆگەلە ئاوی ڕووبەڕوودا سەرباقی منداڵانی هاوەڵی حەسەنی بەڕیزە دانیشتوون و نۆکەرئاسا، بەڕێز و

حورمەتەوە لە حەسەنی دەڕوانن. کامێرا وێنە و دیمەنێکی کامڵ لە ڕێزگرتنەکەیان نیشان دەدا، هەموویان بەئاشکرایی بەبۆنی بەلەزەتی هەڵوا وەخۆ کەوتوون و بەبێ ئاراوقارا لەسەر جێگەی خۆیان قوونە جوڵەیانە. ئاخر کەسی ناو ڕیزەکە برێ خۆی هەڵدێنێ تا لەسەر دیوارچەکەوە تەماشای حەسارێ بکات،- بەڵام ناتوانێ...

١٩- یەکەم کەسی ناو ڕیزەکە (کە دەتوانێ لەگەڵ شۆڕکردنەوەی ملی بۆ ڕاست یا بۆ چەپ ڕاستەوخۆ ناو حەسارەکە ببینێ) بۆکاتێ نیگای حەسەنی دەدزێ و بەپەلە تەماشایەکی ناو حەسارەکە دەکات:

٢٠- ناوەوەی حەساری سمایلە کەچەڵ لە نیگای چەند منداڵێکەوە. «مەشهەدی ئامینە شیلەی ترێ دەکاتە مەنجەڵەکەوە» (شیلەی ترێ بەهۆکاری هەرزانباییبوونەوە، لە هەڵوا سازکردندا لە بری شەکر کەڵکی لێوەردەگرن)

٢١- هەمان منداڵی پلانی ١٩ (یەکەم منداڵی ڕیزەکە) لە دۆخێکدا لە بەر هەستی ئاگرین دەستەکانی پێکدا دەماڵێ، لە سەرەخۆ بەڵام وێڕای کەف وکوڵێکی زۆر دەم بەگوێی منداڵی خوار خۆیەوە دەنێ و دەڵێ:

یەکەم منداڵی ڕیزەکە: مەشهەدی ئامینە شیلەکەی کردە مەنجەڵەکەوە... زۆریشی تێکرد... پێم وایە ئیدی زۆری نەماوە هەڵواکە ئامادە بێ.

٢٢- دووهەم منداڵ تفی ناو زاری قووت دەدا و ئەم کارە لە نێوان ئەو و سێهەم کەسیشدا دووپات دەبێتەوە، گریمان قسەکەش نەوترێتەوە.

٢٣- هەر ئەم کارە لە نێوان سەرباقی منداڵانی ناو ڕیزەکەدا دووپات و چەند پات دەبێتەوە... تا دوایین کەس

٢٤- دوایین کەس کە زۆر وەجۆش هاتووە،-بە ڕیایی و جامەلووسکێیەوە دەڵێ:



دوایین کەسی ڕیزەکە: منداڵان! دەڵێن چی لەمەودوا حەسەنی سەرۆکی ئێمە بێ؟

٢٥- یەکێکی دیکە لە منداڵانی ڕیزەکە، - لەوە دەچێ لە دیتران بەهێزتر و ملهوڕتر بێ،-وێڕای ڕاوێژێکی گاڵتەجاڕانە درێژە بەقسەکانی دوایین کەس دەدات:

کوڕە ملهوڕەکە: لە جێی خۆت دانیشە!... ئەهـ... قەل هات بڵێ قڕقڕ، وتی گوو گوو. دەڵێی ئێمە تا ئێستا کەسێکی دیکە سەرۆکمان بووە! سەرۆک هەر حەسەنییە...

٢٦- جەمال هەر وەکو بزەیەکی لەسەر لێوە، هەڵدەستێ و بەرەو حەسەنی دەچێ و وێڕای قسەکردن، جاروبارە لە ژێر چاوڕا لەسەر تەمیانەکەوە سەیری مەنجەڵە هەڵواکە دەکات و دەڵێ:

جەمال: بەڵام... خۆ... حەسەنی هەرواش سەرۆکمان بووە...ئاخە...چۆنی بڵێم... دەمەوێ بڵێم منداڵان قەت ئاوا کۆ نەبوونەتەوە کە بەتێکڕایی بڵێن حەسەنی سەرۆکمانە تاکو منیش گۆچانی «سەرۆکایەتی» بدەمە دەستی.

بە دوای ئەم قسەیەدا شووڵەبییە ڕازاوەکە بەرەو حەسەنی ڕادەگرێ. بەڵام لەگەڵکوو حەسەنی شووڵەکە دەگرێ، نیگای جەمال بەرەو لایەک وەردەسووڕێ و حەسەنییش سەری بەرەو لای نیگای ئەو وەردەسووڕێنێ.

٢٧- غوڵام (ئەو منداڵەی ئازارە باریکەیەتی) لەگەڵ «چووق ئەلف»ی برایدا چەند شەقاوی بمێنێ بۆ ڕیزی منداڵان ڕاوێستاون. چووق ئەلف کوڕێکی پانزە ساڵانەی دەیلاغی کزولاوازی قاچ و قول باریک و درێژە، شەڵوارێکی زۆر بڵیند و فشی لەبەردایە. ئەم شەڵوارە لە جیاتی «کەمەربەند» ڕێسمانێکی بەسەردا بەستراوە و لە پایدا ڕایگرتووە، دەلنگەکانی ئەم شەڵوارە دەڵێی فانۆسی هەڵواسراون، چووق ئەلف کۆتێکی زۆر چڵکن و سەرتاسەر پینە دووڕووی بەسەر ئەم

شەڵوارەدا لە بەر کردووە و لە ژێر ئەم کۆتەدا کراسی لە بەردا نییە. پۆتینی سەربازی کۆن و لە کەڵککەوتووی لە پێدایە و کڵاوە کۆنێکی شەپقەداری شەپقە شکاوی لەسەر کردووە و شەپقەکەی تا سەر گوێچکەکانی داکێشاوە، بەر غەبغەبەی زۆر سەیر دەرپەڕیوە. چووق ئەلف لەم قەڵافەت و ڕواڵەتەدا دەستی غوڵامی گرتووە و هەردووکیان چەند شەقاوێکی بمێنێ بۆ ڕیزی منداڵان ڕاوێستاون و لە دۆخێکی ترس و لەرزاویدا، زۆر تامەزرۆیانە؛ بۆنی هەڵواکە هەڵدەمژن. قەدەرێک بێدەنگی بەسەردا دێ. لەم بێدەنگییەدا منداڵان سەیری چووق ئەلف دەکەن و ئەویش هەروا سەیری ئەوان دەکات و بۆ ئەوەی سەرەندەری ئەم دۆخە بکات، سەرنجی یەک بەیەکی منداڵان دەدا. نیگای چووق ئەلف بێدەنگە، بەڵام نیگای منداڵەکانی دیکە پڕیەتی لە نەفرەت و شەڕ و بێزاری لەو.

٢٨- حەسەنی نیگای لەسەر ئەم دوانە دەگوێزێتەوە، دەست دەکا بەپشکنین و سەرنجدان و هەڵسەنگاندنی شووڵە بییەکە. لەم دۆخەشدا دەڵێ:

حەسەنی: باوەڕ ناکەم، هەرگیز مەشهەدی ئامینە ئەوەندە هەڵوا ساز کا بەشی گشت خەڵقی نێو دێ بکات.

٢٩- چووق ئەلف بەبێ ئەوەی شلوێ بێت، -بەو دەنگە گڕوتازە باڵغەوە دەست دەکا بەمژوولیایش. دیارە چەندەها جار ئەم قسانەی مەشق و دەورکردۆتەوە، بەڵام لە گشتی ئەم حەیس و بەیسەدا، غوڵام هەر وەکو بەڵگ و پەڕەی کەپۆی دەلەرزێ،- لە شانی براکەیەوە بەتامەزرۆییەکی سەیرەوە کە قێزی هەموو کەسی لێهەڵدەستێ، چاوی بڕیوەتە مەنجەڵە هەڵواکە. مەنجەڵەکەش لە شوێنی ئەوڕا زۆر باشتر دیارە، تەنانەت کاتێ براکەی، خۆیشی و دەستی و ئەویش بۆ ئەم لاو ئەولا ڕادەکێشێ،



دیسانیش چاو لەسەر مەنجەڵە هەڵواکە ناگوێزێتەوە.

چووق ئەلف: حەسەنی، دوکتۆر وتوویە ئەم غوڵامە قسەی لەسەر نییە و بەبێ سێ و دوو هەتا شەش مانگی دیکە دەمرێ... ئەویش زۆر مەعلووم نییە،-ئەوەندەت بینی زۆر زووتریش بۆی دەرچوو...

بۆ سەلماندنی قسەی خۆی، ئێخە و بەرۆکی غوڵام دەگرێ و وەک پووش و پڵاش و پەڕپووش لە عەرزی بەرزی دەکات و دایدەنێتەوەو غوڵامیش بەبێ سێ و دوو بۆ ئەوەی چاوی ببڕێتە مەنجەڵە هەڵواکە دەچێتە پشت کاکی (جێگای پێشووی خۆی)

چووق ئەلف: بینیت؟ هەر ئێسکانە پووکەکانی ماون... وەلحاسڵ من کارم بەمانە نییە (هێما بۆ منداڵانی دیکە دەکات) بەڵام پێم وابێ خۆمان - من و تۆ - بتوانین سەودا و مامڵەیەکی باشمان هەبێ! تا هەردووکمان دوو وادەی تێروتەسەل هەڵوا بخۆین... دەزانی چییە؟ (ئاشێرە بۆ غوڵام دەکات) هیچ کاتێ کەس لە دونیادا نەیتوانیوە بۆ هەڵواخواردن ئاوا سکی حازر بکات، تۆ لەم هەڵوایەی خوشکت بەشم بدە، لە جیاتیدا کە غوڵام مرد منیش لە هەڵوای غوڵام بەشت دەدەم. هەر کەس لەسەر مەرجی خۆی نەبێ دایکی جندەیە.

٣٠- غوڵام بەو چاوانەیەوە کە لە جۆش و خوڕۆشی ئیشتیای هەڵوا خواردندا خێل بوون، بۆ کاتێ چاو لە مەنجەڵەکە هەڵدەبڕێ و ئاڵۆز و شێواو تەماشای حەسەنی دەکات و تفی ناو زاری قووت دەدا.

٣١- منداڵان تووڕە و دڕندانە سەیری چووق ئەلف دەکەن، نیگەران و پەرۆش سەیری حەسەنی دەکەن و وێڕای زۆرزانی، بەفر و فێڵەوە، لێک دەڕوانن. لە ناکاودا یەکێ لە منداڵان کە ڕواڵەت و قەڵافەتێکی برسیتر و شڕودڕتری هەیە و بەبێ بەزەتر لە دیترانە، بزووتنەوەیەکی توند و تیژ دەکا، جیرە و کرە لە دیانەکانی هەڵدەستێنێ و چاو لە

چووق ئەلف دەبڕێ و وێڕای ڕاوێژێک کە لە سەرەتاوە سەرکەوتنی تێدا بەدی دەکرێ بەچووق ئەلف دەڵێ:

کوڕە برسی و شڕودڕەکە: سیاچارەی بێ-ئەنوا! ئێوە نانتان نییە سکتانی پێ تێر کەن... هەڵواتان لە کوێ بوو؟ دایکتان ڕۆژناڕۆژێک وێنجە دەکوڵێنێ دەتانداتێ بیکەنە ناو سکی بەچەقۆدڕاوتانەوە، باسی هەڵواش دەکەی؟

کوڕە هەر وەکو ئەم قسانە دەکا، جار و بار سەیرێکی حەسەنی دەکا و بۆ نیشانەی هاریکاری چاوێکی لێدادەگرێ.

منداڵێکی دیکە: وەی وەی! بەس لە بەر وێنجە خواردنە هەر کاتێ چووق ئەلف قسان دەکا وەکو گا دەبۆڕێنێ؟

٣٢- منداڵان هەموویان، زۆریشیان بەزۆری لە قاقایەکی ساختەچییانە دەدەن. یەک دوویەکیان وا دەنوێنن کە لەبەر پێکەنین سکیان دێشێ. (دەست بەسکیانەوە دەگرن و بەم لاولادا ڕاست و خوار دەبنەوە!)

منداڵێکی دیکە: دادەی... ناکا دایکت بۆ خێراتی غولام بەتەمابێ هەڵوای وێنجە ساز بکات؟

٣٣- منداڵان هەروەکو ئەم تۆپ و تەشەرانە دەهاون، جاروبار تەماشایەکی -«حەسەنی»ش دەکەن تا کاریگەری قسەی خۆیان بەسەر ئەودا ببینن.

٣٤- حەسەنی هەروا لەسەر تەمیانەکەوە وێڕای هەر تۆپ و تەشەرێکی منداڵان، قاقایەکی سەرۆکانە دەکێشێ.

٣٥- وێڕای ئاشێرە بۆ کوڕە شڕ ودڕەکەی پلانی ٣١، -هەموو منداڵان بەدۆخێکی سامناکەوە ڕاستەوە دەبن و تێکڕا پێکەوە دۆخی شەڕ و هێرشکردن بەخۆوە دەگرن و بەقەلافەتی بێبەزە و دڕندەوە هێدی هێدی بەرەو چووق ئەلف دەچنە بەرەوە.



کوڕە شڕودڕەکە دەنەڕێنێ: یاڵڵا ڕاکە تا پڕ شەپمان نەکردووی!... ڕاکە

منداڵێکی دیکە: ڕاکەو هەڵێ، حووجی لەق لەق!

سێهەم منداڵ: تێیهەڵدەن!

چوارەم منداڵ: چاک وەگیرمان کەوتی، تێیهەڵدەن

پێنجەم منداڵ: بیگرن، نەهێڵن دەرچێ، تێیهەڵدەن!

٣٦- لە تەواوی ئەم کاتانەدا غولام بێج لە مەنجەڵەکە ئاگای لە هیچ کوێی دیکە نییە. بەڵام چووق ئەلف کە دەزانێ بارودۆخ بەزەرەریانە هەروەکو دەستی غولامی گرتووە و ترساویشە،- هەروەکو منداڵان دێنە پێشەوە؛ ئەو دەکشێتەوە، تاکو مەودای نێوانیان ڕاگرێ، بەڵام لە پاشان کە بۆی دەردەکەوێ بەڕاستی منداڵان بەتەمان لێیدەن، چارەناچار هەر وەکو غولامیش بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ ڕا دەکات

٣٧- منداڵان کە پێیان مەسڵەحەت نییە لە شوێنی زگ لەوەڕاندنەکە دوور کەونەوە، بەس هەر قنیات بەوە دەکەن، هەر کەس چەند بەردێکیان تێگرێ.

٣٨- چووق ئەلف لە کاتی هەڵاتندا غولامیش بەدوای خۆیدا ڕادەکێشێ و کاتێ بەردەکانی وێدەکەوێ، تێدەکۆشێ سەری حەشار دات، بەڵام هەر لەو کاتانەدا بەردێک لە سەری دەکەوێ، ڕادەوەستێ، چاوەکانی ڕێشکە و پێشکە دەکەن و لە ئاکامدا بەسەر زەویدا پان دەبێتەوە.

٣٩- منداڵان بەرەبەرە دەست لە بەردە فڕکە دەکێشنەوە، تەنانەت لە دوایین کاتدا کە منداڵێک دەیهەوێ بەردێکی دیکەشیان تێگرێ، منداڵێکی دیکەیان کە مەترسییەکەی لێحاڵی بووە، دەستی دەگرێ و ناهێڵێ.

ئەوەتانێ هەموویان سەیری یەکدی دەکەن و گوێیان لە ناڵاندنی چووق ئەلفە و لەگەڵ ناڵاندنی چووق ئەلفدا هەر کەس تێدەکۆشێ خۆی لە پشت

یەکی دیکەدا حەشار دات.

٤٠- غولاّم کە لە شانی چووق ئەلف- ڕاوێستاوە،- لە گەڵکوو بارودۆخی تازەی منداڵان دەبینێ،-لە ناکاودا ڕووداوەکەی بۆ دەردەکەوێ و بەدەنگێکی ئاوێتەی خێسە خێسی سنگی و بەکۆخەکۆخێکی کوشندەوە بەر دەبێتە گریان، بەسەر قۆڵی پاڵتۆکەی چاوی دەسترێ.

٤١- لە ڕیزی منداڵاندا لەسەر ئەوەی هەر کەس زیاتر بکشێتە دواوە و خۆی لە پشت دیتران بهاوێ کێ بەر کێیە!

٤٢- حەسەنی کە لەسەر دیوارچەکەوە سەیری چووق ئەلف دەکا، ڕاست دەبێتەوە، یەک دوو جاران سەیری ئەو و منداڵان دەکات و ئاخری بڕێک دێتە پێشەوە و بەگومان و بێ بڕواییەوە دەڵێ:

حەسەنی: (بەدەنگێکی نزمەوە): منداڵان، لە ژێر سەری چووق ئەلف-دا بەقەرا دەریایەک خوێن ڕژاوە!

٤٣- منداڵان بارودۆخەکە چی دی بۆ ڕاوەستان بەباش نازانن و لە ناکاودا هەموویان پێکەوە ڕادەکەن

لە بەستێنی تەواوی ئەم پلانەدا، شیوەن و گریانی غولاّم بەدەنگێکی ئاوێتەی مەرگەوە لە دەرەوەی کادردا دەگاتە گوێ

٤٤- حەسەنی کە بێدەنگە و سەری سووڕماوە، سەیری ڕاکردنی منداڵان دەکات، لە پاش هەڵاتنی ئەوان، دیسانەکە وێڕای سەرنجدانێکی زیاتر، لەسەر دیوارچەکە دێتە خوارێ و بەگومانەوە بەرەو چووق ئەلف دەڕوا، لەسەر سەری ڕادەوەستێ و یەک دوو کەڕەت بەشووڵە نەخشێنراوەکە لە پشتی دەکوتێ و هەرای دەکاتێ:

حەسەنی: چووق ئەلف منداڵەکان هەڵاتن، ڕایان کرد و ڕۆیشتن، دەڵێم هەموویان ڕۆیشتن...



٤٥- غولاّم هەروەکو قۆڵی پاڵتۆکەی لەسەر چاوێکی داناوە، بەچاوەکەی دیکەی بەسەیر و سەرسووڕمانەوە، بەچاوەنواڕییەوە تەماشای حەسەنی دەکات و کۆتایی بەگریانەکەی دێنێ.

٤٦- چووق ئەلف لە سەرەخۆ چاوەکانی دەکاتەوە، بزەیەک دێتە سەر لێوە بێڕەنگ و بێ خوێنەکانی، بەحاڵەحاڵ ڕاستەوە دەبێ و هەر وەکو...

٤٧- حەسەنی چاوی بڕیوەتە

٤٨- حەوزە خوێنەکەی پشت سەری چووق ئەلف،

٤٩- چووق ئەلف هێدی و هێمن پێیدەڵێ:

چووق ئەلف: چاکم دەرپەڕاندن... وانییە؟ باشە... ئێستا... بۆ ئەو سەودایەی وتم... ئامادەی؟

٥٠- غولاّم دیسانەکە مل دەکێشێ و لە کەلێنە دیوارێکەوە سەیری حەسارێ دەکات و تفی ناو زاری قووت دەدا.

٥١- حەسەنییش سەیری ئەو دەکات.

٥٢- لە حەسارێدا لە شانی مەنجەڵەکەدا مەشهەدی ئامینە سەرقاڵی هەڵوا تێکردن لە دەورییەکانە و بەدارچینی هاڕدراوە دەیاننەخشێنێ.

٥٣- حەسەنی بەبێ-ئیختیار بەرەو چووق ئەلف وەردەسووڕێ و سەیری دەکات و هەروا بەسەرسووڕماوییەوە بەبێ ئەوەی باش بزانێ چی دەکات، سەری بەنیشانەی سەلماندنی قسەکانی چووق ئەلف ڕادەوەشێنێ.

٥٤- ئەو بزەیەی بەسەر لێوەکانی چووق ئەلفەوە بوو، بۆ ساتێ گەش دەبێ و لە هەمان کاتدا بزردەبێتەوە. ناهومێدی و ماتەمین ڕوخساری دادەگرن. دەستی بەپشتە سەریدا دێنێ و بەرەو ڕووی خۆی ڕایدەگرێ و سەیری دەکات

**٥٥- دەستی لە خوێندا نقووم بووە**

**٥٦- لە دۆخێکدا تێدەکۆشێ وا بنوێنێ کە ڕووداوێکی گرینگ نەقەوماوە. بزەیەکی تاڵ دێتە سەر لێوی و دەڵێ:**

**چووق ئەلف: بەڵام... قسەی خۆمان بێ... زۆر پیسیان لێدام... زۆر پیس...**

**ئاخێکی بڵندودرێژ دەکێشێ و بەسەر عەرزیدا پان دەبێتەوە.**

**٥٧- حەسەنی بەچاوی دەرپەڕیوەوە چاوی تێبڕیوە، دەنگی مەشهەدی ئامینە (لە دەرەوەی کادرەوە)**

**دەنگی مەشهەدی ئامینە: حەسەنی! وەرە هەڵوا بەرە بۆ هاوالّەکانت!**

**٥٨- غوڵام بەسەر سووڕماوییەوە وەردەسووڕێ، تەماشای حەسەنی دەکات. چاوەڕوانی ئەوەیە بزانێ دەچێ یان نا ؟**

**گۆرانی کۆتایی:**

**بەردێک بەربۆوە و سێ کۆتر هەڵفڕی**
**چەقەڵ گەیشتنێ،- یەکیانی هەڵدڕی**
**لە ناکاو بووە قەوغا**
**لە سەر خواردنەکەی بووە هەڵا**
**چەقەڵ بەیەکدیدا هەڵزنی**
**سنگی یەکدییان هەڵدڕی**



# پێرست

پێشەکی ........................ 5
سەبارەت بەشاملوو ........................ 6
ئەو ژنەی پشت دەرگا مەفرەقینەکە ........................ 9
گەڕانەوە ........................ 28
ونبووی ناو سەدەکان ........................ 36
پیاوان و بۆریاکان ........................ 40
٣ سەعات و ٢٢ دەقیقەی بەرەبەیان ........................ 43
دەرگاکان و... دیواری گەورەی چین ........................ 51
ڕەگ وڕیشەی ڕاستییەک لە چەند ئەفسانەدا ........................ 55
یەکەم ئەزموونەکانی ژین لەگەڵ مەرگدا ........................ 66
لە ساڵانی ڕابردوودا ........................ 80
هەڵوا بۆ ئەوانەی زیندوون ........................ 93